البديل OCAI
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

# ڕەوت

ڕۆژنامەیەکی سیاسییە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

ژمارە ٣٨ ئەیلولی ٢٠٢٥


# پەسەندکردنی پاکێجی ئەحکامە شەرعییەکان لە لایەن پەرلەمانەوە، هێرشێکی بە کۆیلەکردنی ژنان و منداڵانی عێراقە کە دەبێت پووچەڵ بکرێتەوە

## پلاتفۆڕمی سیاسی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

لە (٢٨)ی ئابی (٢٠٢٥)، پەرلەمانی عێراق، بە پێی ستراتیژێکی قێزەوەنی بۆرژوا مەزهەبی و تائیفی، وە لە هەنگاوێکی سیاسی سەرکوتگەرانە و ئاشکرای نوێدا، کە تەواوکەری ئەو کارانەی پێشوویەتی دژ بە منداڵان و ژنانی عێراقی و زۆرینەی جەماوەر، هەڵسا بە پەسەندکردنی پاکێجی ئەحکامە شەرعییەکان، کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی ئەو هەموارانەی یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)، کە پەرلەمان لە مانگی یەکی هەر ئەمساڵدا پەسەندی کردبوون.

ئەم پاکێجە کە لەسەر بنەمای فیقهی شیعەی جەعفەری بنیات نراوە، (٣٣٧) ماددە لەخۆدەگرێت، و حوکم گەلێکی شەرعین دژ بە ژنان و مافەکانیان و ئازادییە کەسی و مەدەنییەکانیان، هەروەها هەڵاوردن و نایەکسانیش بەرامبەریان بەرجەستە دەکاتەوە لە بوارە جیاجیاکانی هاوسەرگیری، جیابوونەوە، سەرپەرشتیکردنی منداڵ، میرات و لایەنەکانی دیکەی باری کەسی گوزەران و ئابوری ژنان، ئەمە و گوڕوتینێکی کارەساتباریش دەبەخشێت بە هاوسەرگیریی کچانی مێرمنداڵ لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە.

ئەم پاکێجە ژنان و منداڵانی عێراق دەکاتە نێچیرێک بۆ ژێر چنگی دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکانی بۆرژوازی گەندەڵ، لە ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و شیعەگەرا و حزب و هێزە میلیشیا و ڕێکخراوەکانیان، و لە بەرپرسان و دەسەڵاتدارانێکی خاوەن ملیارەها دۆلار، کە لە تاڵانکردنی سامانی کۆمەڵگە و بەهرەبەرداری (ئیستیغلالی) سەرمایەدارانەی هێزی کاری کرێکارانەوە دەستیان کەوتووە. هەروەها ژنان و منداڵان دەکاتە دیلی جەنگێکی کۆنەپەرستانە، کە وەڕێخراوە دژ بەوان و دژ بە کۆمەڵگە لەلایەن ئەم ئیسلامییانە و تۆڕە بەرفراوانەکەیانەوە لە پەیڕەوانی مەرجەعیەت و ڕۆشنبیران و فیقهناسە مەزهەبییەکان، و سیاسەتمەدارە تائیفییە نیوفاشیستەکانی پەرلەمانتار و پارێزەر و دادوەر و میدیاکار و مامۆستای زانکۆ و خوێندگا و کەسانی دیکەوە.

پەسەندکردنی ئەم ئەحکامانە لە پەرلەمان، نەک تەنها یاسادانانێکی زۆردارانە و دیکتاتۆرییەتێکی ئاشکرایە و ئەو یاسا و بڕیارانەمان بیردەخاتەوە کە ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕشی ڕژێمی فاشیستی بەعس لە عێراق دەری دەکردن و بە زۆر دایدەسەپاندن بەسەر هاوڵاتیانیدا، بەڵکو پرۆسەی یاسادانان و پەسەندکردنی ئەم ئەحکامە شەرعیانە هەر لە سەرەتاشەوە و هەتا ئێستا هاوڕابووە لەگەڵ هێرشی سەرکوتگەر و هەڵمەتی تۆقاندن و هەڕەشەی بەرفراوان و بەردەوام و ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیادی دەسەڵاتداران و هێزە میلیشیاکانیان بۆسەر نارەزایەتییەکانی ژنان و چالاکوانانی ژن و بۆسەر هەموو ئەو ئازادیخوازانەی کە وەستاونەتەوە لەبەرامبەر ئەم ئەحکامانەدا. ئەمە و پەسندکردنەکەشی هاوکات بووە لەگەڵ دەرکردنی یاسای دیکەدا کە ئازادییە تاکەکەسی و مەدەنی و سیاسییەکان و ئازادی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوە سنووردار دەکەنەوە.

بێگومان پەسەندکردنی ئەم ئەحکامانە لەلایەن تاقمێک پەرلەمانتاری تائیفی و مەزهەبی و نەتەوەپەرستی نێرسالارەوە لە پەرلەمانێکی کارتۆنیدا کە زۆرینەی جەماوەری دەنگی پێنەدابێت، هیچ لە ناوەڕۆکی دیکتاتۆری و سروشتی فاشیستانەی شێوازی پەسندکردنەکە کەم ناکاتەوە.

ئەحکامگەلێک بەم ڕادەیە دوژمنکارانە دژ بە نیوەی کۆمەڵگە و منداڵەکانیان، و بەو تایفەگەرییەوە کە لە کۆمەڵگەدا بەرجەستەی دەکاتەوە، و بەو جیاکارییە ئاشکرا و سوکایەتییەوە بە پێگەی ژنان و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانیان وەک مرۆڤ، وە بەم ڕادەیە لە ڕەگەزپەرستی دژ بەژنان، ئەسڵەن نەدەبوو لەڕووی یاساییەوە ڕێگەی پێ بدرێت، چ جایەکی بگات بەوەی کە لە پەرلەمان تێی پەڕێنن و لە سیستەمی دادوەریشدا بیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە! چونکە ئیتر ئەمە پێشێلکردنی بنەمای مافی یەکسانی نێوان هاوڵاتیان و جیاکاری نەکردنە لە نێوانیان لەسەر بنەمای ڕەگەز و تایفە و تەمەن و نەتەوە و ئایین و مەزهەب.

ئەمە و ڕەوتە بۆرژوا ناسیۆنالیست و مەزهەبییەکانی تر و حزبەکانیان لە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و کورد و ئیسلامیی ناسیۆنالیست کە سیستەمی سیاسی ئێستای عێراق پێکدەهێنن، هەموو ئەم ڕەوتانەش هاوبەشن هەم لە تێپەڕاندنی هەموارەکانی یاسای باری کەسی (١٨٨) لە کاتی خۆیدا، لە مانگی یەکی ئەمساڵدا، وەهەم لە تێپەڕاندنی ئەم "پاکێجی ئەحکامە شەرعی"یانە لە مانگی ئابی ئەمساڵ (٢٠٢٥)دا، چوونکە ئەو ڕەوتانە هاوپەیمانن لەگەڵ هێزە ئیسلامییە سیاسییە شیعەکانی ناو "چوارچێوەی هەماهەنگی" ئەویش لە دووتوێی پێکهێنانی "هاوپەیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت"دا؛ کە بووە هۆی دامەزراندنی ئەم حکومەتەی ئێستای عێراق و بەردەوامی دان بە پەرلەمانەکەی.

جا بۆیە ئەوەی کە ژنان و منداڵانی عێراق و چینی کرێکار و بەهەژارکراوان و جەماوەری گەنجان ڕووبەڕووی دەبنەوە، سیستەمێکی سیاسیی سەرکوتگەری هەمەلایەنەیە، کە حزبە بۆرژوازییەکان و میلیشیاکان سەرکردایەتی دەکەن، و نەک هەر دامەزراوە لەسەر بنەمای پشکپشکێنەی نێوان هێز و حزبە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانی، بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکان لە تاڵانکردنی سامانی کۆمەڵگە و بەری ڕەنجی جەماوەری کرێکاران و ڕەنجدەران لە سەرانسەری عێراقدا، بەڵکو سیستەمێکیشە دامەزراوە لەسەر دابەشکردنی ڕۆڵ و دەوری ئەم ڕەوتانە لەسەر ئاستی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کولتووری و سەربازی بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆنترۆڵی خۆیان و توندکردنەوەی چەپۆکی دەسەڵاتیان بە بەردەوامی بەسەر ئەو جەماوەرەدا، بەگوێرەی دابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر چەند قەوارەیەکی تائیفی و ئایینی و قەومیدا. بۆیە ئەو پاشکەشەیەی کە ڕەوتە ئیسلامییە سیاسییە شیعییەکان دایدەسەپێنن بەسەر ژناندا لە ناوەڕاست و باشووری عێراق، ناتوانرێت جیا بکرێتەوە لەوەی کە هاوبەشەکانی ئەو ڕەوتە شیعییانە لەم ڕژێمەدا دایدەسەپێنن بەسەر ژناندا لە باقی عێراقدا، ئەمە جگە لەوەی خودی ئەم پاشکەشەیە لە ڕێگەی ئەم پاکێجەی ئەحکامە شەرعیانەوە دەشبێتە هۆی زیاتر بەهێزبوونی دەسەڵاتیان بەسەر جەماوەر لەو ناوچانەدا.

ئەمە و حزبەکانی ڕەوتی سیاسی تائیفی شیعە و تائیفییە مەزهەبگەراکان، هەڵکشانی شەپۆلی نیوفاشیستیی بۆرژوازی لە ڕۆژئاوا و زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە ئسوڵگەرایی ئایینی توندڕەوی مەسیحی و جوولەکەیی و هیندۆسی و ...هتدەوە، ئەم هەڵکشانە وەک هەلومەرجێکی گونجاو و دەرفەتێکی لەبار سەیر دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی متمانە بەخۆیان بۆ پەرەپێدانی هێرش و هەوڵەکانیان کە (٦٦) ساڵە بەردەوامە، و وەک خۆشیان دەڵێن بۆ هێنانەدی ئامانجە کۆنەپەرستەکانیانە لە خنکاندنی ماف و ئازادییەکانی ژنان و سەرکوتکردنی منداڵان و سەپاندنی پاشکشە بەسەر کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

تورهەڵدانی ئەم یاسایە و وەلانانی ئەم پاکێجە بە یەکجارەکی و بۆ هەمیشە، لە ژیانی سیاسی گشتی کۆمەڵگا، خواستێکی دەستبەجێ و بەپەلەیە، و ئەرکێکە کە ناتوانرێت دوابخرێت، نەک هەر لەلایەن ژنان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنانەوە، کە بە جێبەجێکردنی ئەم پاکێجە تووشی دڕندانەترین هێرشی بەکۆیلەکردن دەبنەوە لە مێژووی خۆیاندا لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق کە لەژێر دەسەڵاتی حزب و میلیشیا ئیسلامییە سیاسییە شیعەکاندایە، بەڵکو ئەرکێکیشە ناتوانرێت

بۆ ل٢

# تارمایی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەسەر ئەجینداکانی بۆرژوازیدا

## تێبینیی لەسەر کۆنگرەی سلێمانی (هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبی)دا!

موئەیەد ئەحمەد

لە شاری سلێمانی - هەرێمی کوردستان لە عێراق، لە نێوان ڕۆژانی (٢٧-٣٠)ی ئابی (٢٠٢٥)، کۆنگرەیەکی حیزب و ڕێکخراوەکانی [هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبی]دا (SDA-AW) بەڕێوەچوو. ئەم کۆنگریە ئەو سەرنجەی ڕانەکێشا کە شایەنی باس بێت، چونکە لە ڕووی شێوەوە جیاواز نەبوو لەو کۆنگرانەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان (یەکێتی) لە دوو دەیەی ڕابردووەوە ڕێکیان دەخات بۆ دامەزراوە بۆرژوازییە جیهانییەکان و حزبەکانیان و سەنتەرە فکرییە نیولیبرالیەکانیان لەم شارەدا. کۆنگرەکە بە سپۆنسەری (یەکێتی) ڕێکخرا، و (بافڵ جەلال تاڵەبانی)، سەرۆکی (یەکێتی)، بە سەرۆکی ئەم هاوپەیمانییە هەڵبژێردرا.

بەڕێوەچوونی ئەم کۆنگریە لە سلێمانی، لە کاتێکدایە کە چەپۆکی فەرمانڕەوایەتی میلیشیاییانە و دیکتاتۆرییانەی هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار، پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) و (یەکێتی)، بە خێراییەکی زیاتر و بەردەوام، توندتر دەبێتەوە بەسەر جەماوەردا لە هەرێمی کوردستان، و ئەم کۆنگریە لە کاتێکدایە کەشوهەوای میلیتاریزم و شوێنەوارەکانی یەکلاییکردنەوەی خوێناوی حساباتی نێوان هێزە چەکدارە میلیشیاییەکانی (یەکێتی) و نەیارە سیاسییەکانی، لەناو خودی سیستەمی حوکمڕانیدا، هێشتاش سێبەری خۆی بەسەر ئەم شارەدا کێشاوە، هەروەها لە کاتێکیشدایە کە کرێکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان بەهۆی پێنەدانی مووچەکانیان لە سێ مانگی هاویندا، لە دۆخێکی ئابووری خراپدا دەژین، نەک هەر ئەمە بەڵکو لە کەشوهەوای سەرکوتکردنی زیاتری خۆپیشاندانی مووچەخۆران و ئەو خۆپیشاندانانەشدایە کە خەڵکی پێی هەڵدەستن بۆ مافە ڕەواکانیان. هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرن لەسەر ئەوەی کە ئەم کۆنگریە چەندە چەواشەکارانەیە کاتێک بەشداربووانی باس لە ئازادییە سیاسییەکان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و گوتاری لەم چەشنە دەکەن.

بۆ ل٣

# لە یادی جینۆسایدی ئێزیدییەکاندا

کۆبەری ڕاپەڕیوانی شۆڕشگێڕ



کاتێک وشەی "جینۆساید" دەوترێت، وشەیەکی زۆر بە ئازارە. بە واتای "کوشتن، دەستدرێژی کردنەسەر، ئاوارەکردن، بێ ماڵوحاڵ کردن، کۆیلەکردن، کۆچی زۆرەملێ" دێت؛ مانای تەواوی جینۆساید، واتا "نەهێشتنی" کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو. ژمارەی ئەو جینۆسایدانەی کە گروپە مرۆییەکان تووشی بوون زۆرن. مێژوو جینۆسایدکردنی خەڵکی ڕەسەنی کیشوەری ئەمریکامان بیردەخاتەوە لە لایەن داگیرکەرانی ئەوروپییەوە، کە هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن زیاتر لە سی (٣٠) ملیۆن کەسیان کوشتووە لە دانیشتوانی ئەسڵی، ئەمە جگە لەوانەی کە کردوویانن بە کۆیلە. هەروەها جینۆسایدکردنی جولەکەکان لە لایەن نازییەکانەوە، ئەوەی پێی دەوترێت "هۆلۆکۆست"؛ وە جینۆسایدی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ئەرمەنییەکان کە زیاتر لە ملیۆنێک کەس تێیدا کوژران، وە لە ئێستاشدا جینۆسایدی موسڵمانانی ڕۆهینگا لە میانمار، و ئەو کۆمەڵکوژییە تەواوەی کە ئێستا لە غەززە ڕوودەدات، کە دوو ملیۆن کەس لەبەردەم چاو و گوێی جیهاندا بە تەواوی لەناو دەبرێن.

لە عێراقیشدا مێژوو ئەو ڕووداوانەمان بیردەخاتەوە کە دەتوانین پێیان بڵێین جینۆساید. وەک کۆمەڵکوژیی (سیمێل)ی ساڵی (١٩٣٣) کە هەزاران ئاشووری تێیدا کوژران، ((زیاتر لە سێ هەزار کەس کوژران و ٦٣ گوندی ئاشووری وێرانکران و ڕاگوێزران". هەروەها ئۆپراسیۆنەکانی بەناو "ئەنفال" کە زیاتر لە (١٨٠) هەزار کەس تێیدا بێسەروشوێن کران، لەگەڵ کیمیا بارانی شاری هەڵەبجە و چەند شارێکی تر.
کۆمەڵکوژییەکان لە عێراق نەوەستان. دوای ئەوەی ئەمریکا داگیریکرد هێزە توندڕەوە ئیسلامی و ناسیۆنالیستییەکانی کردە فەرمانڕەوا، ئەمەش گرژیی و ئاڵۆزی تائیفی و مەزهەبی و نەتەوەیی زیاتر کرد و ململانێ و کێشمەکێشەکان زیاتر فۆرمی خوێناویان بەخۆوەبینیی، بەتایبەتی لەکاتی شەڕی ناوخۆیی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) کە بەڵا و کارەساتی بەسەر خەڵکیدا هێنا. ڕێکخراوە چەکدارەکان (میلیشیاکان) کە لە لایەن وڵاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە پڕچەک و ئامادەکرا بوون ئەم ململانێ خوێناوی و کوشندەیان وەڕێخست، کە بە ناچاری ڕێگەی بۆ کۆمەڵکوژی تائیفی و مەزهەبی خۆش کرد، لەوانەش جینۆسایدی ئێزیدییەکان.
دەوڵەتی چەتەگەری ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیستە شۆڤێنیەکان ڕێگەی ئاواڵاکردۆتەوە بۆ: کوشتن، تاڵانکردن، گەندەڵی، مادەی هۆشبەر، بازرگانیکردن بە ژنان، ئاوارەکردن و وێرانکردن. لە سەردەمی ئەواندا وڵات کراوە بە وێرانەیەکی تەواو.
هەندێک لە شارەکان بەتەواوی چۆڵکراون و خەڵکەکەیان لە کەمپەکاندا نیشتەجێکراون و هەندێ شاری دیکەش بوون بە بیابان و زەویەکی وشکوبرینگی بێ بەرهەم، بەڵام ئەو شتەی کە زۆرترین سەرنجی خەڵکی ڕاکێشاوە، ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی "داعش"ە کە زلهێزە جیهانییەکان دروستیان کردووە.

بۆ ل٢

لە گەڵ ئەم ژمارەیەدا

هاوپێچی ڕۆژنامەی ڕەوت، ژمارە ٣٨ ئەیلولی ٢٠٢٥

## هاوپێچ: دوو دۆکیومێنتی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی؛ دەربارەی ئاسۆ و ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە، و ژیانی ناوخۆیی و بنەما ڕێکخراوەییەکانی


- ئاشتی ڕاستەقینە و برایەتی گەلان بە وتار و دروشمی فریودەر و بریقەدار بەدی نایەت؟! — علی محمد امین — ل٢
- تیرۆری ڕۆژنامەنوسێک، قەیرانێکی سیاسی گشتی دروست دەکات! — جەمال کۆشش — ل٤
- چارەسەری دوو دەوڵەتی! — میرۆ عەبدولکەریم — ل٩
- دیموکراتەکانی ئەمریکا و چینی کرێکار دیدگای ڕەخنەیی مێژوونووس "لیلی گایزمەر" — ڕزگار عومەر — ل٩
- سەرەتایەک بۆ پرسی دووانەی سەرمایە و دەسەڵات لە کوردستان — عومەر خەتات — ل١٠
- چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ڕەوت سەبارەت بە دیاریکردنی لانی کەمی کرێ لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە — ڕۆژنامەی ڕەوت — ل١١
- لە ساڵیادی هیرۆشیما و ناگازاکیدا، هوشدارییەک لە مێژووەوە: "ئەمە ئەو شتەیە کە بەسەر ئێوەشدا دێت" — ئەلەن مایەرز (Allen Myers) — ل١٠





ئامادەکردنی:
عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و جەمال کۆشش

ل٥ - ل٨

ڕێوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# بەرپرسیارەتی بێ مووچەیی و برسی کردنی خەڵک

هاوژین مەحمود

ڕژێمی کۆنەپەرست و فاشیستی ناسیونالیزمی عەرەبی لە عیراق بە سەرۆکایەتی سەددام حسین، کە زۆرینەی بەعسیەکان دەیانگووت ئێمە بەشەمەندەفەری ئەمریکا هاتینەسەر ترۆپکی دەسەلات، و لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا هەموو جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخواز زوڵم و ستەم و ئازار و ئەشکەنجەی ئەم دەسەلاتەیان چەشت، هەر بەو پێیەش ئەو جەماوەرە ئاواتەخوازی ئەوە بوون کە ئەم دەسەلاتەیان لە کۆڵبێتەوە و ڕزگاریان بێت لە دەستی، بەلام هێشتا ئەو توانایەیان نەبوو کە بتوانن بە دەستی خۆیان بیڕوخێنن لە ڕێگەی شۆڕشێکی جەماوەرییەوە.

ئیمپریالیزمی ئەمەریکا وەک سەرکردەی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی ڕۆژاوا بەدوای ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەلات و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، ببوو بە تاکە پۆلیسی جیهان و دەرگیری جۆرەها قەیرانی ئابووری و سیاسی ببۆوە لەناوخۆ و لە دەرەوەی ولاتەکەیدا، لێرەوە بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕا تا لە ڕێگەی ملهوڕی سەربازی و بەکارهێنانی هێز و جەنگەوە خۆی بەسەر تەواوی جیهاندا داسەپێنێت لەوانە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.

ئەوە بوو کردە تیرۆریستەکەی (١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١) لە لایەن (ئەلقاعیدە)وە هەلێکی زێڕین بوو نەک هەر بۆ شالاوهێنان و داگیرکردنی ئەفغانستان، بەڵکو بەدوای ئەویشدا لە سالی (٢٠٠٣) بۆسەر عێراق و داگیرکردنی. ئەم دوو ولاتە پارووپەکی چەور بوون بۆی بۆ پیادەکردنی ستراتیژە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

هەوڵدەدەین لە کاتێکی تردا و لە نووسینێکی تردا بچینە سەر بابەتی پەیوەندییە تووندوتۆڵەکانی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری جیهانی بە هێز و گروپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی جیهانەوە بەتایبەت (ئەلقاعیدە) و (تالیبان) و (داعش) و هتد، بەلام ئەو پێشەکییەی سەرەوەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە دەروازەیەک بێت بۆ بابەتی مووچەی خەڵکی بەش مەینەتی هەرێمی کوردستان.


بەپێی یاسای داگیرکردنی ولاتان لەدوای جەنگی جیهانی خالێک هەیە کە دەڵێت ئەرکی سەرشانی ئەو دەوڵەتە زلهێز و ئیمپریالیستانەیە بژێوی ژیانی ئەو ولاتانە دابین بکەن کە خۆیان هێرشیان کردوونەتەسەر و داگیریان کردوون، واتا لە دوای سالی (٢٠٠٣) ڕاستەوخۆ ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکانی بەرپرسی یەکەمن لە هەموو کێشە و نەهامەتی و کەموکورتییەکی کۆمەڵگەی عیراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لێرەوە وەک بەشێک لەم هاوکێشەیە، ئەم دەوڵەتە ئیمپریالیست و سەرمایەدارییە جیهانییانە بەرپرس و تاوانبارن لەو بارودۆخە بێ مووچەییەی مووچەخۆرانی هەرێم.

بەلام لێرەدا خوێنەری ئازیز لە کایەیەکی سیاسی ژەهراوی ئاگادار ئەکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو بەرپرسانی عیراق و هەرێمی کوردستان و ئیمپریالیزمی ئەمریکا و تەنانەت دەوڵەتانی دراوسێش بە ئێرانی کۆنەپەرست و تورکیای شۆفێنیستەوە لەسەر خالێک کۆکن ئەویش برسی کردن و چەوسانەوەی جەماوەرە لە هەرێمی کوردستان کە ئێستا بەشێکە لەبەناو عیراقی فیدراڵ، چوونکە لەم ئالوگۆڕانەی جیهانی کە بەرێوەیە و ئێستای ڕۆژهەلاتی ناوین پێیدا تێپەڕدەبێ، برسیکردن و سەرکوت و چەوسانەوە ڕێگەی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیانە و ئەمەیە مۆدێلی دەسەلاتدارەتی بورژوازی و سەرمایەداری جیهانی.

ئەم مۆدێلە ترسناکە بەتەنها جەماوەری زەحمەتکێشی کوردی نەگرتۆتەوە، بەڵکو وەک حەلقەیەک وایە، هەر لە ئەمریکای باکور و باشورەوە تا وەکو ئەفریقا و ڕۆژهەلاتی ناوینی گرتۆتەوە. ئەوەتا دەبینین چلۆن منداڵانی کەرتی غەزە بەبەرچاوی هەموو میدیاکانی جیهانەوە ڕادەکەن بەدوای لەتێ نانی ڕەقدا کە هاوپەیمانانی سەرمایەداری لەڕێگای فڕۆکەوە دەیخەنەخوارەوە.

ئەم زنجیرە برسی کردنە درێژەی دەبێت تا ئەو کاتەی چین و توێژە زەحمەتکێشەکان ئەو توانایە بەدەست دێنن لە ڕێگەی ڕێکخراوبوون و هوشیارییەوە لە بازنەی کۆیلەبوون بێنەدەرێ و چی دی لە ژێر کاریگەری ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی و بەناو خێرخوازاندا نەمێننەوە، چوونکە ئەمانە بەشێکن لە ئامرازی جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی سیستەمی سەرمایەداری.

دواجار ئەو هاوکێشەیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەموو جیهان و هەموو مرۆڤایەتی گیرۆدەی یەک بابەتن ئەویش نادادی و برسێتی و نەبوونی کارە کە لەم زەمەنی تەواو جیهانگیرییەدا، هیچ ترووسکاییەک بۆمرۆڤی چەوساوە و زەحمەتکێش نەماوەتەوە تەنها ئاسۆی ڕوونی سۆسیالزم نەبێت کەتێیدا مرۆڤ دەتوانێ دووبارە خۆی بناسێتەوە و ڕێز و شکۆی بۆ بگەڕێتەوە و کرێکار بزانێت ئامانج و ستراتیژی ژیانی بەرەو کوێ دەڕوات.



لە وەها حالێکی نەهامەتی و بەشمەینەتی گەلانی جیهاندا جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە هەرێمی کوردساندا پشکی شێریان بەردەکەوێ لە نادادی و ستەم و برسی کردن کە لە لایەن هێزە ناسیۆنالستە کوردییەکانەوە فەرمان ڕەوایی دەکرێن کە بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداری چاوچنۆک و چەوسێنەر دەپارێزن. بەدبەختی میللەت و جەماوەری زەحمەتکێشی کورد بەوەشەوە نەوەستاوە، تەواوی ماف و مووچە و شایستە داراییەکانی بۆتە بەشێک لە کێشمەکێشی نێوان ئەم دەسەلاتە ناسیونالیستەی کورد و هێزە ئیسلامییە شیعەکانەوە کە بە سپۆنسەری ئەمریکا حوکمی دەوڵەتی عیراق دەکەن و زۆرینەی جەماوەری زەحمەتکێشی عەرەبیش دەچەوسێنەوە، هەربۆیە دەبێت جەماوەری زەحمەتکێشی گەلانی عیراق بە کورد و عەرەب و هەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکانەوە بەیەک دەنگ و بەیەک ڕیزی یەکگرتوو داوای ماف و مووچەی خۆیان بکەن و سۆشیالیزم ئاسۆیەک بێت بۆ خۆڕێکخستنەوە و بەرپەرچدانەوەی ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسی سەرمایەداران. سۆشیالزم تاکە چارەیە بۆ دابینکردنی مووچە و باش کردنی ژیانی مووچەخۆران و کرێکاران و ڕزگاری یەکجاری و بەدەستهێنانی ئازادی.

ئۆگۆستی ٢٠٢٥

# ئاشتی ڕاستەقینە و برایەتی گەلان
# بە وتار و دروشمی فریودەر و بریقەدار بەدی نایەت؟!

علی محمد امین

لەوەتەی دەوڵەتی تورکیا لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە بناغەی دارێژراوە و کەمال ئەتاتورک و هاوەلانی جەختیان لەسەر یەکپارچەیی و یەک نەتەوەیی و یەک زمانی و یەک ئالایی... ولاتی تورکیا کردووەتەوە.

هەر لەسەرەتاوە تکۆلیان لە بوونی نەتەوەی جیا و زمانی جیا و کەلتوری جیا و تەنانەت لایەنگرانی ئاین و مەزهەبی جیا کردووە، سەرانی ئەو دەوڵەتە بە پارت و لایەنە حوکمڕانەکانەوە ،هەروەها بە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیشەوە، سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و فاشستی خۆیان پەیرەو کردووە و پەرەپێداوە و بۆ ئەم مەبەستە نەک هەر لە دەستور و یاساکاندا بەڕوونی ناوەڕۆکی ئەم بیروباوەڕەی خۆیان دارشتووە، بەڵکو بەردەوام لە هەموو مەیدانەکاندا، بە سەربازی و ئابوری و کەلتوریشەوە هەوڵی سەرسەختانەیان داوە کە ئەم بیروباوەڕ و سیاسەتانەیان لە تورکیادا جێبکەوێ.

لە مەیدانی سەربازیدا، هەر بەگرتن و سەرکوتکردنی نەیارەکانیانەوە نەوەستاون، بەڵکو لە ڕێی پەلامار و ئۆپەراسیۆنی سەربازی فراوانەوە کۆمەلکوژی دڕندانەیان دژی زۆرێک لە پێکهاتەکانی کۆمەڵ ئەنجامداوە، ئەم پەلامار و هێرشانە بەردەوام بۆسەر خەڵکی کورد و ئەرمەن و عەلەویەکان و زۆرێکی تریش بەرێخراوە و جگە لە گرتن و کوشتن، شوێنی نیشتەجێبوون و ڕەزو باخ و سەرچاوەی ژیانی خەڵکێکی بەرفراوان وێران و خاپورکراون.

هەرچی نەیاری سیاسیش هەبووە کە بە دژی ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستیە ملهوڕانەدا وەستاوەتەوە، لە خەڵکانی ئازادیخواز و لە چەپ و کۆمۆنیستەکان، وێڕای کوشتوبڕی بێ ئەژمار، ڕاپێچی کونجی زیندانەکان کراون، بەمەش زیندانەکانی ئەو ولاتە ژمارەی پێوانەییان لە نێو زیندانەکانی جیهان دا تۆمارکردووە.

ئەگەر چی لەم سالانەی دووایی دا حکومەتی تورکیا چەند جارێک ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ ئاگربەست لەگەڵ (پەکەکە)، بەلام لە هیچ کامیان دا ئەو پرۆسانە بە قازانج و دلخوازی خەڵکی زەحمەتکێش نەچووە پێشەوە و حکومەتی تورکیا نەک هیچ هەنگاوێکی بەرەو ئاشتی ڕاستەقینە و دابینکردنی مافەکانی هاولاتیان نەدا، بەڵکو ئەم هەنگاو و پرۆسەی بەناو ئاشتیانەشی هەروەک پلانێک بەکارهێنا بۆ درێژەدان بە سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەکەی و بەهیچ جۆرێک ئامادە نەبوو دەسکاری دەستورە ڕەگەزپەرستانەکەی بکا و دان بە نادروستی سیاسەتەکانی خۆی دا بنێ و ئەو جیاکارییە نامرۆڤانە و نادادوەرانەیەی کە بە درێژایی سالانێک سەپاندوویەتی هەڵبووە شێنێتەوە.

لەسەرەتای ئەمسالیشدا، پاش ئەوەی سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە (عەبدوڵا ئۆجەلان) داوای لە ئەندامانی پارتەکەی کرد خۆیان هەڵبووە شێننەوە و چەک لە شانی چەکدارانیان دامالن، هێندەی نەبرد لایەنی ناوبراو کۆنگرەیەکی بەست و وەک وەلامدانەوە بە داوای سەرۆکەکەیان و خواستی حکومەتی تورکیا و ئەردۆگان، نزیک بە (٣٠) گەریلا چەکیان لە شان دامالی و وەک هێمایەک بۆ نیاز پاکی و هەڵوێستی نوێ یان چەکەکانیان سوتاند؟!

ئەوەی جێگای سەرنجە، لەوکاتەوە تائێستا هەنگاوی فەرمی و هیوابەخش لە لەلایەن حکومەتی تورکیا و ئەردۆگانەوە نەنراوە و پارت و لایەنە ڕەگەزپەرست و ڕاستڕەوەکانی تریش وەک (مەهەپە و جەهەپە) هاوڕاو هاوکاری حکومەت بوون، تەنها هەندێ لایەنی وەک (دەم پارتی) نەبێ پێیان لەسەر هەندێ داواکاری و داخوازی داگرتووە.

بەڵێ لەم بارودۆخەدا، وەک ئاماژەمان پێدا هیچ یاسا و ڕێسایەکی نوێ بۆ پشتیوانیکردن و دەستەبەرکردنی زەمانی یاسایی بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەکە لە بەرژەوەندی خەڵک و هەلپێچانی ستەم و زۆرداری دەرنەکراوە.

جگە لە چەند هەوڵ و کار و چالاکییەکی کەم و تەسک و تروسک نەبێ، لەوانە لەم دووایانەدا لە نێو پەرلەمانی تورکیاوە لیژنەیەکی (٥١) کەسی پێکهات لە ژێر ناوی (کۆمسیۆنی هاوپشتی نەتەوەیی وبرایەتی و دیمۆکراسی)، بەلام هێشتا ئەمیش نەیتوانیوە هیچ هەنگاوێکی کردەنی ئەرێنی بنێت، هاوکات هەندێ کۆڕ و کۆبوونەوەش لەگەڵ کۆمەلێک لە ڕێکخراوی مەدەنی و مافپارێز و دایکانی ئاشتی کراوە، بەلام ئەمانیش سەرەڕای جەختکردنەوە لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی دادوەرانە و ئاشتیخوازانە، هەنگاوێکی ئەوتۆ بەڕاستای لابردن یا کەمکردنەوەی ستەم و زۆرداری لە مێژینە نەنراوە.

تا ئێستا نە یاسای لێبووردنی گشتی دەرکراوە و نە دەستەبەری زەمانی یاسایی بۆ چەکدارەکان و تێکەڵکردنەوەیان بەکۆمەڵ کراوە و نە دەستوری تورکیا خراوەتە بەردەم هەموارکردنەوە و گۆرانکاری، نە هەنگاوگەل و ڕیفۆرمێکی هەمەلایەنە خراوەتە بەرنامەی کاری حکومەتەوە بۆ سڕینەوەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و جیاکاری نامرۆڤانە، نەک هەر ئەمانە نەکراون، بەڵکو هێشتا نوێنەرایەتی زۆرێک لە شارەوانیەکان و حوکومەتی خۆجێیی ناسەلمێنرێ و دانی پێدا نانرێ و قەیوم و جێگرەوە بەسەریاندا سەپێنراوە و زمان و کەلتوری کوردی بەفەرمی وەک زمانی فەرمی نەتەوەیەک دانی پێدانانرێ و بەپێی ئامارەکانی هەندێ لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش زیندانەکانی تورکیا سیخناختر و چڕوپڕتر بوون لە زیندانی و ژمارەی گیراوانی سیاسی لە چوار سەد هەزارکەس تێپەڕیون لەم دووایانەش دا ژمارەیەکی زۆر دەسگیر کراون بە بیانووی لایەنگیری بۆ تیرۆر و ئاژاوەگێڕی.



هەوڵەکانی حکومەتی تورکیاش بۆ دەسوەردانە سوریا و پەلامار و سەرکوتکردنی کوردانی ئەو ولاتە بەشێوەیەکی دڕندانە هەر بەردەوامە و ئەمانە و زۆرێکی تریش ئەوە دەسەلمێنن کە سەرانی دەوڵەتێکی لەم شێوە ناخوازن نە ئاشتی ڕاستەقینە بەدیبێت و نە ستەم و زۆرداری چەندین سالە هەلپێچرێ و کۆتایی پێبێ و نە هەنگاوێکی کردەنی دیاربنێن، کە بیسەلمێنێ کێشەی کورد لە ولاتە تەنها کێشەیەکی ئەمنی و سەربازی نییە و بەڵکو کێشەیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتییە و بە دارشتنی یاسا و ڕێسای نوێ و هەموارکردنی دەستورو سەلماندنی مافە مرۆڤایەتیەکان و پلانی هەمەلایەنەی بەکردەوە وەلام ئەدرێتەوە و چارەسەر دەکرێت، نە بە وتار و هات و هاوار و دروشمی فریودەر و بریقەدار.

٨-٩-٢٠٢٥

## له یادی جینۆسایدی ئێزیدییەکاندا ........پاشماوەی ل١

لە یادەوەریماندا دیمەنی ئەو مرۆڤانە هەمیشە لەبەرچاومانن کە بۆ ڕزگارکردنی رووحی خۆیان هیچ کەلوپەلێکی گرانبەهایان بۆ دەرنەکرا. ئەو خەڵکانە لە هەموو تەمەنێکدا، منداڵ و بەساڵاچوو، کوڕ و کچ، ژن و پیاو تۆقیبوون و بۆ مانەوە لە ژیان هەڵدەهاتن لەترسی تیرۆر و دەستگیری و کوژران لەلایەن ڕێکخراوی (داعش)ەوە. ئەوان لە سێدارەدانی مەیدانی خزم و دوست و هاوەڵەکانیان بە چاوی خۆیان بینیوە.

ئێزیدییەکان زۆرترین بەشیان لەم میحنەت و کارەساتە بەرکەوتووە و دووجار بەدەستییەوە نالاندوویانە؛ لە شاخوداخ و بیابانەکاندا وێڵ و ون بوون و دەستدرێژی سێکسیش کراوەتە سەر ژنانیان و بە دیل گیراون و لە بازاڕەکاندا وەک کۆیلە فرۆشراون. منداڵەکانیشیان بە بارمتە گیراون. پیاوانیشیان یا لە سێدارە دراون یان ناچار کراون موسڵمان بن. بەمانای تەواوی وشە ئەمە جینۆساید بوو. ئەم تاوانە بەبەر چاوی جیهانەوە لە ئارادابوو کەچی کارێکیش نەکرا بۆ بەرپێگرتنی. چوونکە سیناریۆیەک بوو کە بە وردی لەلایەن ولاتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە ئامادەکرابوو و کاتێکی دیاریکراوی هەبوو.

ئێستا (١١) ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕیوە و هێشتا برینەکانی سارێژ نەبوون، ئەوەتا هێشتاش زیاتر لە (٢) هەزار ژنی ئێزیدی بێسەروشوێنن یا زیندانین.

مانەوەی هێزە قەومی و ئیسلامییە توندڕەوەکان لە دەسەلاتدا، مانای بەردەوامی بوونی مەرگ و وێرانکارییە. ئەم هێزانە دەستناپارێزن لە کردنی هەر کارێک کە ئازار و چەرمەسەری خەڵک زیاتر بکات، ئازار و چەرمەسەرییەک کە تا دێت زیاتر و خراپتریش دەبێت. ئەم هێزە کۆنەپەرست و دواکەوتووانە ملکەچ و نۆکەری ئەم دەوڵەت یان ئەو دەوڵەتی ترن، هەر بۆیەش خزمەتکار و گوێڕایەڵی جێبەجێکردنی هەموو ئەو سیناریۆیانەن کە ئەو دەوڵەتانە پێیان دیکتە دەکەن. ڕزگاری کۆمەڵگا، ڕزگاربوونە لەو هێزانە. کۆبەری ڕاپەڕیوانی شۆڕشگێڕ وێڕای ئیدانەکردنی کردەوە تاوانکارییەکانی چەتەکانی (داعش) بە توندترین شێوە، لە هەمان کاتدا سەرلەنوێ داواکاری دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەو تاوانە قێزەونانە و دادگاییکردنی تاوانباران و سەپاندنی توندترین سزایە بەسەریاندا. لەلایەک پێویستە دەسەلات بەدواداچوون بۆ پرسی ژنە ونبووەکان بکات و کاری جدی بکات بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو باوەشی خانەوادەکانیان.

٣-٨-٢٠٢٥



## پەسەندکردنی پاکێجی ئەحکامە شەرعییەکان لە لایەن پەرلەمانەوە،....پاشماوەی ل١

دوابخرێت لەلایەن جەماوەری ژنان و کرێکاران و زەحمەتکێشان و کچان و کورانی گەنج و هەموو کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕ و ڕزگاریخوازێکی سەرتاسەری عێراق، لە هەموو پارێزگا و ناوچەکان، بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

وەلامی شۆڕشگێڕانە دژ بە تێپەڕاندنی ئەم پاکێجە، گەڕانەوە نییە بۆ یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی سالی (١٩٥٩)، بەڵکو هەنگاونانە بەرەو پێشەوە لەو خالەوە و تێپەڕاندنیەتی؛ بە هێنانی یاسایەکی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵگا لەسەر بنەمای مسۆگەرکردنی یەکسانی و ئازادی مرۆڤ، و مسۆگەرکردنی بەدیهێنانی ماف و ئازادیی ژنان بەهەمەلانەیی و یەکسانییان لەگەڵ پیاوان، لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری، کۆمەلایەتی و سیاسی و کولتووری. هەروەها وەلامی شۆڕشگێڕانە بەوەش دەبێت کە یاسایەک بچەسپێت بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی منداڵانی کچ و کوڕ بەپێی دوایین پێشکەوتنێک کە مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە لە مسۆگەرکردنی مافەکانیان بۆ چێژ وەرگرتن لە ژیانێکی پڕ لە ئاسایش و وەرگرتنی خوێندنی گشتی زانستی بێبەرامبەر و پەروەردەکردنیان بە شێوەیەک کە دوور بێت لە هەر کاریگەرییەکی ئایدیۆلۆژی کە لەسەر بنەمای جیاکاری و دەمارگیری ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستی و جێندەری و تەمەن بێت، لەگەڵ دابینکردنی کەشوهەوای گونجاو بۆ پەرەپێدانی داهێنانەکانیان لە ژیاندا.

ئەم وەلامە شۆڕشگێڕانەیە دروستکردنی بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی جەماوەری ئازادیخوازە، بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم پاکێجە و ئەو یاسایانە و ئەو برگانە لە "دەستووری" ئێستای عێراق و سیستەمی دادوەرییەکەی کە پشتیوانی لەو پاکێجە دەکەن. بزووتنەوەیەک کە چەکدار بێت بە دیدگایەکی سیاسی شۆڕشگێڕانەی ئازادیخواز و یەکسانیخواز، و ئالای چەسپاندنی ئەم یاسا بنەڕەتییەی کۆمەڵگە، و هەڵوەشاندنەوەی هەر یاسایەکی ئەم ولاتە کە لەگەڵیدا ناکۆک بێت، بەرز بکاتەوە.

توندبوونەوەی ڕوو لە زیادی ململانێی نێوان سەرمایە و کار لە عێراقدا؛ لە نێوان لایەک بۆرژوازی بە توێژە جوراوجۆرکانی حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆنیەوە، لە کەرتی تایبەت و حکومیدا، وە لاکەی تری جەماوەری کرێکارانی لەسەر کار و بێکار، پیاو و ژن و جەماوەری لاوان، بەڵێ ئەم ململانێیە سێبەری خستووەتە سەر هەموو ململانێیەکی سیاسی و فکری و کولتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لەم ولاتەدا لەئارادان.

مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم "پاکێج"ە بە دڵنیاییەوە پەیوەندییەکی نزیکی هەیە بە گەشەکردنی بزووتنەوەیەکی پرۆلیتاری کۆمۆنیست و بزووتنەوەیەکی ژنانی ئازادیخوازی چەکدار بە ئاسۆیەکی کۆمۆنیستی کە لە سەرتاسەری عێراقدا یەکگرتوو و ڕێکخراو بێت و سەربەخۆیی سیاسی چینایەتی و فکری و ڕێکخراوەیی مسۆگەر بکات بۆ خەباتی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی کرێکاری چەوساوە لەناو ئەم بزووتنەوە جەماوەرییەدا. بانگەوازی چینی کرێکار و جەماوەری ژنانی کرێکار و چەوساوە و هەموو چالاکوانانیان و ڕێکخراوەکانیان و ئۆرگانەکانی خەباتی دەستەجەمعییان و ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکانی نێو ڕیزەکانیان دەکەین لە سەرتاسەری عێراقدا بۆ دەستپێشخەری کردن بۆ:

- ڕێکخستنی خەبات و نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان بە دژی داسەپاندنی ئەم پاکێجەی ئەحکامی شەرعی و خوازیاری پوچەڵکردنەوەی بن.
- بەرزکردنەوەی دروشمی پەسەندکردنی یاسایەکی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵگا کە ماف و ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان لەگەڵ پیاوان مسۆگەر بکات.
- بەرزکردنەوەی دروشمی مسۆگەرکردنی مافەکانی منداڵان بەپێی دوایین ئەو پێشکەوتنانەی کە بەدەستهاتوون لەم بوارەدا لەسەر ئاستی جیهان.
- ڕێکخستنی ڕیزی تێکۆشانی چینایەتی سەربەخۆیان لە بزووتنەوەیەکی ژنان و کرێکاری کۆمۆنیستی سەربەخۆی ڕیشە داکوتاو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی.
- بەرفراوانکردنی مەودای تێکۆشان بۆ پوچەڵکردنەوەی پاکێجی ئەحکامە شەرعییەکان و داسەپاندنی یاسایەکی نوێ، ئەویش بە کارکردن لەسەر بنیاتنان و ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی کە ژنان و چالاکوانانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان و هەموو ئازادیخوازان و چالاکوانانی بوارە جۆراوجۆرەکانی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ، لە ناوەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییە جۆراوجۆرەکان لەخۆ بگرێت.
- بەرگری کردن لە خەبات و هەوڵوکۆششی هەموو ژنان و پیاوانی چالاکوانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنان و ڕێکخراو و کۆڕوکۆمەڵەکانیان کە بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی ژنان، و مافەکانی منداڵان دەکەن، بۆ هێنانەدی هەر چاکسازییەک، هەرچەندە کەمیش بێت، لە سیستەمی دادوەری و یاسایی ئێستای عێراقدا، لەوانەش بەرگری کردن لە هەوڵوکۆششی (هاوپەیمانی ١٨٨) بۆ بەرگری کردن لە یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی سالی (١٩٥٩).
- هاوپشتی کردن لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و بزووتنەوەی ژنانی ئازادیخواز لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەپۆلی کۆنەپەرستانەی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتە نەتەوەیی و نیۆفاشیستەکان لە ناوچەکەدا، بۆ پوچەڵکردنەوەی پاکێجی ئەحکامە شەرعییەکان لە عێراق، کە کاریگەرییەکی وێرانکەری لەسەر ماف و ئازادییەکانی ژنان و یەکسانییان هەیە، لەسەر ئاستی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، پەسەندکردنی پاکێجی ئەحکامە شەرعییەکان لە عێراق لەلایەن پەرلەمانەوە بە توندی سەرکۆنە دەکات، وە ئەم پەرلەمانە و حکومەتی ناوەندی و هەموو حزبە ئیسلامی و قەومییەکانی بەشداربووی "هاوپەیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت" بەرپرسیار دەکات لەو کارەساتانەی ئەم ئەحکامانە دەیهێنن بەسەر ژنان و منداڵانی عێراقدا، وە بەرپرسیاریشیان دەکات لە قووڵکردنەوەی تایفەگەری و زیانگەیاندن بە کۆمەڵگەی مەدەنی.

هەروەها ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی خەبات دەکات بۆ بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی جەماوەری وەک ئەوەی کە لە سەرەوە باسمان کردووە بۆ داسەپاندنی پاشەکشە بەسەر پەرلەمان و دەسەلاتدارانی فەرمانڕەوا لە عێراق و پوچەڵکردنەوەی ئەم پاکێجەی ئەحکامە شەرعییانە و بەدیهێنانی ئەرکەکانی خۆی لە بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی پرۆلیتاری کۆمۆنیستی و ڕزگاریخوازی ژنانی چەکدار بە ئاسۆیەکی کۆمۆنیستی، کە ڕێکخراو و بەهێز و یەکگرتوو بێت.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
٧ی ئەیلولی ٢٠٢٥

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# تارمایی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەسەر ئەجینداکانی بۆرژوازیدا

## تێبینیی لەسەر کۆنگرەی سلێمانی (هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبی)دا!



موئەیەد ئەحمەد

لە شاری سلێمانی - هەرێمی کوردستان لە عێراق، لە نێوان ڕۆژانی (٢٧-٣٠)ی ئابی (٢٠٢٥)، کۆنگرەیەکی حیزب و ڕێکخراوەکانی [هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبی]دا (SDA-AW) بەڕێوەچوو. ئەم کۆنگرەیە ئەو سەرنجەی ڕانەکێشا کە شایەنی باس بێت، چونکە لە ڕووی شێوەوە جیاواز نەبوو لەو کۆنگرانەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان (یەکێتی) لە دوو دەیەی ڕابردووەوە ڕێکیان دەخات بۆ دامەزراوە بۆرژوازییە جیهانییەکان و حزبەکانیان و سەنتەرە فکرییە نیولیبرالییەکانیان لەم شارەدا. کۆنگرەکە بە سپۆنسەری (یەکێتی) ڕێکخرا، و (بافڵ جەلال تاڵەبانی)، سەرۆکی (یەکێتی)، بە سەرۆکی ئەم هاوپەیمانییە هەڵبژێردرا.

بەڕێوەچوونی ئەم کۆنگرەیە لە سلێمانی، لە کاتێکدایە کە چەپۆکی فەرمانڕەوایەتی میلیشیاییانە و دیکتاتۆریانەی هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار، پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) و (یەکێتی)، بە خێراییەکی زیاتر و بەردەوام، توندتر دەبێتەوە بەسەر جەماوەردا لە هەرێمی کوردستان، و ئەم کۆنگرەیە لە کاتێکدایە کەشوهەوای میلیتاریزم و شوێنەوارەکانی یەکلاییکردنەوەی خوێناوی حساباتی نێوان هێزە چەکدارە میلیشیاییەکانی (یەکێتی) و نەیارە سیاسییەکانی، لەناو خودی سیستەمی حوکمڕانیدا، هێشتاش سێبەری خۆی بەسەر ئەم شارەدا کێشاوە، هەروەها لە کاتێکیشدایە کە کرێکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان بەهۆی پێنەدانی مووچەکانیان لە سێ مانگی هاویندا، لە دۆخێکی ئابووری خراپدا دەژین، نەک هەر ئەمە بەڵکو لە کەشوهەوای سەرکوتکردنی زیاتری خۆپیشاندانی مووچەخۆران و ئەو خۆپیشاندانانەشدایە کە خەڵکی پێی هەڵدەستن بۆ مافە ڕەواکانیان. هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرن لەسەر ئەوەی کە ئەم کۆنگرەیە چەندە چەواشەکارانەیە کاتێک بەشداربووانی باس لە ئازادییە سیاسییەکان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و گوتاری لەم چەشنە دەکەن.

ئەو حزبانەی لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون، خۆیان بە خاوەنی ڕێباز و کارنامەی "دیموکراتی کۆمەڵایەتی" دەزانن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەمە وای لێکردوون هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبیدا (S-DA-AW) پێکبهێنن و بەم شێوەیە ناوی لێبنێن. دیارە ئەم ناوە لە ناوی (سۆشیال دیموکراتی)یەوە وەرگیراوە دوای سڕینەوەی وشەی سۆشیال و گۆڕینی بە وشەی "کۆمەڵایەتی"، تا بگونجێ هەم لەگەڵ کارنامە سیاسییەکەیان، و هەم لەگەڵ ئەوەی کە لە کەشوهەوای ئێستای بۆرژوازی جیهانیدا باوە؛ واتە ئەو ڕێگا و ناوە نوێیانەی کە بەکاریان دەهێنێت لە هەوڵ و کۆششەکانیدا بۆ پەکخستنی (احتواء) بزووتنەوە سۆشیالیستی و شۆڕشگێڕییەکان. ئەم کۆنگرەیەی (SDA-AW) لە سلێمانی، شت گەلێکی زۆر لە خۆدەگرێت لە مێژوو و ئەوەی کە لە جیهانی سەرمایەداری دەوروبەرماندا ڕوویداوە و ڕوودەدات، هەر لە سەرکوتکردنی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری ژنانی چەوساوە و لاوانی شۆڕشگێڕ بە دژی سەرمایەداری جیهانی بگرە، تا ڕۆڵی حیزبە سۆشیال دیموکراتە ڕیفۆرمخوازەکان لە مێژوودا، لە پەکخستنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، تا خیانەتکردن لە شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانی و هاوپەیمانی لەگەڵ بۆرژوازی نەتەوەیی لە وڵاتەکانیاندا، لە دەیەی دووەمی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتی لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا. هەروەها، تارمایی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکانی ساڵی (٢٠١١) لە میسر و تونس و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەر ئەم کۆنگرەیەوەیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەوەمان بیر دەهێنێتەوە کە بەسەر (جەمال عیرفان) و هاوڕێیانی هات کاتێک لە (١٢)ی کانوونی یەکەمی (١٩٢٢) لە شاری سلێمانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عەشایەری کوردییەوە تیرۆر کران بەهۆی بیرۆکە سۆشیالیستییەکانیانەوە و وەک هەندێک دەڵێن بەهۆی پەرەپێدانی بیرۆکەکانی بەلشەڤیکەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم بارەیەوە، پێویستە ئاماژە بە هەندێک زانیاری مێژوویی بدەین سەبارەت بە ئەسڵی ئەم هاوپەیمانییە و پەیوەندیشی بە ئاسۆ و کارنامە و پراکتیکی حیزبە سۆشیال دیموکراتە جیهانییەکان و حیزبەکانی ترەوە.

(هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبیدا)(SDA-AW) بەشێکە لە (هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز) [(PA) Progressive Alliance]، کە ئێستا زیاتر لە (١٥٠) حیزب و ڕێکخراوی تێدایە، لەوانەش حیزبە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا و حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی تری وڵاتانی جیهان، کە (یەکێتی)ش ئەندامە تێیدا، وەک لەم لینکەی خوارەوەدا دیارە.(١) (PA) لە شاری لایپزیگی ئەڵمانیا لە (٢٢)ی ئایاری (٢٠١٣) بە بەشداری (٧٠) حیزب و ڕێکخراو و بە دەستپێشخەری حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا (SPD) دامەزرا، ئەمەش پاش کشانەوەی ئەم حیزبە لە سۆشیالیست ئینتەرناسیۆناڵ (SI)، دوای ڕوودانی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکانی میسر و تونس لە ساڵی (٢٠١١) کە کۆتایی بە حوکمی دوو حیزبی دەسەڵاتدار لە تونس و میسر هێنا کە ئەندام بوون لە (SI)دا.(٢)

بەمجۆرە هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز (PA) وەک جێگرەوەیەک بۆ سۆشیالیست ئینتەرناسیۆناڵ (SI) دامەزرا کە لە ئەندامێتی خۆیدا حیزبی دەسەڵاتداری تونس؛ (کۆمەڵی دەستووری دیموکراتی) بە سەرۆکایەتی زین العابدین بن عەلی، و لە میسر؛ (حیزبی نیشتمانی دیموکراتی) بە سەرۆکایەتی (حوسنی موبارەک)ی لەخۆگرتبوو. سۆشیالیست ئینتەرناسیۆناڵ (SI) تا ئێستاش بە هاوتەریب لەگەڵ هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز (PA) بوونی هەیە و بەپێی وێبسایتی فەرمی خۆی، ژمارەیەکی زۆر کە زیاتر لە (٨٠) حیزب دەبێت، لەوانەش (یەکێتی)، ئەندامی تەواون لەنێویدا.(٣) هەرچی هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبی (SDA-AW) یشە، درێژکراوەی (فۆرۆمی دیموکراتی کۆمەڵایەتی)یە کە لە ساڵی (٢٠١٥) لە تونس دامەزرا و پاشان ناوی گۆڕدرا بۆ (SDA-AW) کاتێک لە ئەیلولی (٢٠٢٤) پەیوەست بوو بە هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز (PA)وە.

لەم ڕووەوە، پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان ڕووداوەکانی شۆڕشەکانی میسر و تونس و ئەم فۆرومە کە لە ساڵی (٢٠١٥) لە تونس بەم ناوەوە پێکهات. هەروەها، دەرکەوتنی (PA)، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە شۆڕشەکانی میسر و تونسەوە هەیە، چونکە ئیتر ئەوە بابەتێکی ڕیسواکارانە و سەرچاوەی مەترسی دەبوو بۆ حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا و حیزبە هاوشێوەکان و بۆ ئەرکەکانیان لە پەکخستنی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە سۆشیالیستییەکان لە ئەوروپا، ئەگەر بمانایەتەوە لە چوارچێوەی "ئینتەرناسیۆناڵ"ێکدا کە تا دوێنێ حیزبگەلێکی دەسەڵاتداری لەخۆگرتبوو کە لەلایەن شۆڕشەکانی میسر و تونسەوە لە سەرەتای ساڵی (٢٠١١)دا، ڕووخێنران.

### کورتەیەک لەبارەی پێشهاتەکانی دوای هەرەسهێنانی "ئینتەرناسیۆناڵی دووەم"

ڕەنگە ئەمە سەیر بێت، بەڵام ڕاستییەکە کە ئەم کۆنگرەیە لە سلێمانی پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆی هەیە بە مێژوویەکەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (١١٠) ساڵ لەمەوبەر، و بەتایبەتی بۆ هەرەسهێنانی "کۆنگرەی سۆشیالیستی ئینتەرناسیۆناڵ"، کە بە "ئینتەرناسیۆناڵی دووەم" ناسراوە، وە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابەشبوونە گەورەیەی (الانشقاق الکبیر) کە لەناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی ئەوروپادا ڕوویدا لەسەر بنەمای هەڵوێست بەرامبەر بە جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨)، و بەم پێیەش پەیوەندی بەو دابەشبوونە و بەو هەوڵانەی ئەو حزبانەوە هەیە کە ناسراون بە سۆشیال دیموکراتی ڕیفۆرمخواز لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستیدا لەسەر ئاستی چالاکییە جیهانییەکەیان. هەرەسهێنانی ئینتەرناسیۆناڵی دووەم، یان وەک لینین دەڵێت "مایەپووچی ئینتەرناسیۆناڵی دووەم" لە کاتی ئەو جەنگەدا، بەهۆی هەڵوێستی نەتەوەپەرستی شۆڤێنی زۆربەی حیزبە سەرەکییە ڕیفۆرمخوازەکانی پێکهێنەریەوە بوو، بە پێچەوانەی هەڵوێستی ئینتەرناسیۆناڵانەی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕەوە، بەرامبەر بە جەنگ. واتە بەهۆی هاوڕێزیان بوو لەگەڵ بۆرژوازی دەسەڵاتدار لە وڵاتەکانیان و گرتنەبەری سیاسەتی بەردەوامیدان بوو بە جەنگ بە هەموو ئەو کارەساتانەی کە لێی کەوتەوە، بە بەردەوامبوونی تاوانەکانی کوشتار دژی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەر بەگشتی لە وڵاتانی شەڕکەردا. لە ئەنجامدا، گرتنەبەری سیاسەتی "بەرگری لە نیشتمان" لە جەنگێکی ئیمپریالیستی تاوانکارانەی سەرمایەدا کە هەڵگیرسا و بەردەوام بوو لە پێناو دابەشکردنەوەی تاڵانی سەرمایەداری ئیمپریالیستی لەسەر ئاستی جیهانیدا. لە بەرامبەر ئەم گۆڕانکارییانە لەناو بزووتنەوەی سۆشیالیستی ئەوروپای ئەو کاتەدا، سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕی ئینتەرناسیۆناڵ بێدەنگ نەبوو، بەڵکو ڕووبەڕووی سیاسەتی ئەم حیزبە ڕیفۆرمخوازانە و هەڵوێست و پراکتیکەکانیان بووەوە کە شۆڤێنیزم و هەلپەرستی و "خیانەت" زاڵ بوو بەسەریاندا لە دژی سۆشیالیزم و شۆڕشی سۆشیالیستی. حیزبە سۆشیالیستە شۆڕشگێڕە ئینتەرناسیۆناڵییەکان و سەرکردەکانیان وەک لینین و ڕۆزا لوکسەمبورگ و ترۆتسکی بەردەوام بوون لەسەر ڕێبازی سیاسی شۆڕشگێڕی مارکسی بەرامبەر بە جەنگ، و ئەو قەیرانە شۆڕشگێڕانەیەی کە لێکەوتبووەوە لە ئەوروپا، ڕێبازێک کە پێشتر هەر لەلایەن ئەم بلۆکەی حیزبە سۆشیالیستە شۆڕشگێڕانەوە پەسەند کرابوو لە کۆنگرەکانی حیزبە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپادا؛ کە بریتی بوو لە دژایەتیکردنی جەنگ و خەبات بۆ ڕێگریکردن لە هەڵگیرسانی، و خەبات بۆ گۆڕینی بۆ جەنگێکی شۆڕشگێڕانە، واتە بۆ شۆڕشێکی پرۆلیتاری سۆشیالیستی دژی چینی بۆرژوازی دەسەڵاتدار لە حاڵەتی ڕوودان و بەردەوامبوونی جەنگدا و هەر حزبەش لە وڵاتی خۆیدا. بەلشەڤیکەکان و پرۆلیتاریا لە ڕووسیا سەرکەوتوو بوون لە بەدیهێنانی ئەم شۆڕشە پرۆلیتارییە و دەسەڵاتی سیاسییان گرتە دەست، بەڵام بزووتنەوەی پرۆلیتاری سۆشیالیستی لە وڵاتانی تری ئەوروپا بە چەندین هۆکار نەیانتوانی ئەمە بەدیبهێنن.

ژمارەی حزبە سۆشیالیستە شۆڕشگێڕ و ئینتەرناسیۆناڵییەکان زۆر زیادی کرد، ئەویش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانە و ئەو دابەشبوونانەی کە لەناو ڕیزەکانی حیزبە سۆشیال دیموکراتییەکانی ئەوروپادا ڕوویدا، کە بووە هۆی دروستبوونی حیزبە سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان کە ڕێبازێکی شۆڕشگێڕی ئینتەرناسیۆناڵیان گرتبووەبەر و ناوی خۆیان نا حزبی کۆمۆنیست، ئەمەش دوای ئەوەی حزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ڕووسی (باڵی بەلشەڤیک) ناوی خۆی گۆڕی بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسی لە ساڵی (١٩١٨)دا.

سەردەمی قەیرانێکی شۆڕشگێڕی گەورە لە ئەوروپا دوای ئەم گۆڕانکارییانە دەستی پێکردبوو، و ئەگەری هەڵگیرسانی شۆڕشێکی سۆشیالیستی جیهانی لە کارنامەی مێژوودا بوو و لە ئاسۆدا دیار بوو. لەناو ئەم بارودۆخانەدا، ئینتەرناسیۆناڵی سێیەم کە بە ئینتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستی ناسراوە، لە مۆسکۆ لە ساڵی (١٩١٩) دامەزرا.

بە مەرگی لینین لە ساڵی (١٩٢٤) و هاتنە سەرکاری ستالینیزم و پاشەکشەی شەپۆلی شۆڕشگێڕی لە ئەوروپا، ئەم ئینتەرناسیۆناڵە ڕۆڵ و ناوبانگی پێشووی لەدەستدا، و سەرەڕای ئەوەی کە گۆڕابوو بۆ ئامرازێک بە دەستی ستالین و تاقمە دەسەڵاتدارەکەی یەکێتی سۆڤیەت بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە سیاسییە نەتەوەییەکانیان، بەڵام هەر بەردەوام بوو تا ساڵی (١٩٤٣) کاتێک ستالین هەڵوەشاندنەوەکەی ڕاگەیاند لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکەیدا لەگەڵ هێزەکانی وڵاتانی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا.

هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی حیزبە کۆمۆنیستەکان و دامەزراندنی ئینتەرناسیۆناڵی سێیەم، حیزبە سۆشیال دیموکراتە ڕیفۆرمخوازەکانیش لەناو ئەم گۆڕانکارییانەدا دەستیاندایە هەوڵەکانیان بۆ ژیاندنەوەی ئینتەرناسیۆناڵی دووەم بەپێی هەمان ڕێباز و هێڵی سیاسی کۆن کە بووە هۆی هەرەس هێنانی بە تەواوی لە ساڵی (١٩١٦)دا. بەمجۆرە بەشێک لە حیزبەکانیان لە شوباتی (١٩١٩) لە بێرنی سویسرا کۆبوونەوە بۆ پێکهێنانی ئینتەرناسیۆناڵی دووەمی دووبارە دامەزرێنراوە، یان ئەوەی کە بە "ئینتەرناسیۆناڵی سۆشیالیستی کرێکاری" ناسراوە. دوای ماوەیەک، نوێنەرانی ئەوەی کە ناسراوە بە ڕەوتی میانەڕەو لە بزووتنەوەی سۆشیال دیموکراتی ئەوروپا، لە شاری ڤییەنا لە نەمسا کۆبوونەوە بۆ پێکهێنانی (یەکێتی حزبە سۆشیالیستە کرێکارییە نێونەتەوەییەکان) واتا "ئینتەرناسیۆناڵی ڤییەنا" لە شوباتی (١٩٢١) کە حیزبە کۆمۆنیستەکان بە گاڵتەجاڕی ناویان لێنابوو "ئینتەرناسیۆناڵی دووەم و نیو". دواتر و لە کۆتاییدا، ئینتەرناسیۆناڵی دووەمی دامەزرێنراوە و "ئینتەرناسیۆناڵی ڤییەنا" لە کۆبوونەوەی هامبۆرگ لە ئەڵمانیا لە ساڵی (١٩٢٣) یەکیان گرت بۆ پێکهێنانی ئەوەی کە دواتر بە سۆشیالیست ئینتەرناسیۆناڵ (Socialist International) ناسرا و تا ساڵی (١٩٤٧) بەردەوام بوو لە کارکردن و هەر لەو ساڵەشدا هەڵوەشاندنەوەی ڕاگەیەندرا. دوای ئەوە ڕێکخراوێکی نوێ بە هەمان ناو، واتە سۆشیالیست ئینتەرناسیۆناڵ (SI)، لە کۆنگرەی لەندەن دامەزرا، وەک میراتگری ڕێکخراوەیی و فکری ئینتەرناسیۆناڵی سۆشیالیستی پێشوو. (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە تا ئێستا ئەندامە لەم ڕێکخراوەدا هاوکات لەگەڵ ئەندامێتییەکەیدا لە هاوپەیمانی پێشکەوتنخوازدا (PA).(٤)

هەرچی ئینتەرناسیۆناڵی چوارەمە، بە دەستپێشخەری لیۆن ترۆتسکی، لە سێپتێمبەری (١٩٣٨) دامەزرا لەلایەن ڕێکخراوە چالاکەکانەوە لە چەندین وڵات، کە هێڵی تیۆری و سیاسی و ڕێکخراوەیی و تێزەکانی ترۆتسکیان گرتبووەبەر سەبارەت بە کۆمەڵێک پرسی سەرەکی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریدا، لەوانە پێناسەیەکی تایبەت بۆ دەوڵەت لە یەکێتی سۆڤیەت وەک "دەوڵەتێکی کرێکاری شێواو" لەژێر سەرکردایەتی ستالین، و چەندین تێز و بیرۆکەی بنەڕەتی تر. ئینتەرناسیۆناڵی چوارەم لە دۆخێکی جیهانی نوێدا سەریهەڵدا کە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی ڕێکخراوەیی و سیاسی و فکری، و ڕاوەدونانی بەردەوام بووەوە لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ستالینەوە لە زۆرێک لە وڵاتان. دوای تیرۆرکردنی ترۆتسکیش لە مەکسیک لە (٢١)ی ئابی (١٩٤٠)، لەلایەن سیخوڕێکی ستالینەوە، یەکەم دابەشبوون لە ڕیزەکانیاندا لە هەمان ساڵدا ڕوویدا، بەڵام گەورەترین دابەشبوون لەناو ڕیزەکانی ئینتەرناسیۆناڵی چوارەم لە ساڵی (١٩٥٣) ڕوویدا سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ستالینیزم، و کارکردن لەناو حیزبە جەماوەرییەکان و چەند پرسێکی تر.(٥)

ئەمە، جگە لە دەرکەوتنی چەند ڕەوت و ڕێکخراوی لایەنگر لە هێڵی ترۆتسکی، بەڵام لە چوارچێوەی ئینتەرناسیۆناڵی چوارەمدا ڕێکنەخرابوون، و گەشەیان کرد بەتایبەت لە ساڵی (١٩٤٨) بەدواوە، وەک حیزبی کرێکارانی سۆشیالیست (SWP) بە سەرکردایەتی تۆنی کلیف، و ڕەوتی میلیتانت (Militant Tendency) بە سەرکردایەتی تێد گرانت.

لە ئێستادا هەوڵەکان لەئارادان بۆ بنیاتنانی ئینتەرناسیۆناڵێکی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕ لەسەر ئاستی جیهانی، و هەر ئێستا حیزبە کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان لە چەندین وڵاتی جیهان دامەزراون کە لە بنەڕەتدا لەو ڕێکخراوانە پێکهاتوون کە سەر بە (ڕەوتی مارکسی ئینتەرناسیۆناڵ) [International Marxist Tendency (IMT)] بوون، و لەم ڕاستایەشدا کۆنگرەی دامەزراندنی (ئینتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ) یان لە حوزەیرانی (٢٠٢٤)دا بەست و یەکەمین کۆنگرەی جیهانی ئینتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕیش لە ئابی (٢٠٢٥) بەڕێوەچوو.(٦)

پێویستی بنیاتنانی ئینتەرناسیۆناڵێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی، لە ئێستادا بە یەکێک لە ئەرکە لەپێشینەکانی کۆمۆنیستەکان دادەنرێت، سەرەڕای هەر ئاستەنگییەکی تیۆری و سیاسی و ڕێکخراوەیی جۆراوجۆر کە ڕووبەڕووی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە دەبنەوە. بەمپێیەش لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردن لەم بارەیەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی.

### (PA) و (SDA-AW) لە کوێی نەخشەی ململانێی چینایەتی جیهانی و هەرێمیدا وەستاون؟

ئەو بابەتەی کە لێرەدا دەمەوێت باسی بکەم، هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی جیهانی و وردەکاریی دابەشبوونەکانی ناو ڕیزەکانی نییە، یان وردەکارییەکانی چارەنووسی ئەو کۆبوونەوە جیهانییانەی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی و ململانێی هێڵە سیاسی و فکرییە جیاوازەکانیان نییە، هەروەها هەڵسەنگاندنی ئەزموونی ئینتەرناسیۆناڵی سێیەمیش نییە دوای مەرگی لینین و ئەو تاوانانەی کە حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، لەسەر دەستی ستالین و شوێنکەوتووانی، ئەنجامیان دا، و ئەو گورزانەش کە سرەوەاندیانە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕەوندی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانی. ئەوەی دەمەوێت لەم بەشەی وتارەکەمدا ڕوونی بکەمەوە، ئەوەیە کە چ شتێک ڕۆڵی ئەو حزبانەی (هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز) [(PA) Progressive Alliance]، و دیارە ڕۆڵی ئەو حیزبانەش لە (هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبی SDA-AW)دا دەبەستێتەوە بە نەخشەی ململانێی چینایەتی نێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریای هاوچەرخی جیهانی، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش کە ئەم کۆنگرەیە تێیدا بەڕێوەچوو.

هەر وەک بینیمان، مێژووی هەریەک لە سۆشیالیست ئینتەرناسیۆناڵ (SI) و هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز (PA) دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوتی هەلپەرست و نەتەوەپەرستی شۆڤێنی لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی جیهانی و هەڵوێستی دژ بە بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دژ بە گەشەکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانی لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا. بەڵام، سەرەڕای ئەم پەیوەندییە مێژووییە هاوبەشە، هەردوو (PA) و (SDA-AW) پەیوەندییەکی تریان هەیە بە مێژوویەکی نزیکتر لە ململانێی چینایەتی، کە ململانێی چینایەتی هاوچەرخ و هەوڵەکانی سۆشیال دیموکراتی ئەوروپایە کە ئامانجی بێهێزکردن و پەکخستنی شۆڕشە هاوچەرخەکانە، ئەمەش دوای ئەزموون وەرگرتنیان لە ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکانی تونس و میسر و ڕووخاندنی دوو حیزبی دیکتاتۆر کە ئەندام بوون لە هەمان کۆمەڵەی (SI) کە ئەم حزبە سۆشیال دیموکراتانەی لەخۆگرتبوو. بۆ بەدیهێنانی ئەو کارنامە هاوچەرخە، هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز (PA) پێکهێنرا، ئەمەش لە ڕێگەی ڕووخسارجوانکردن و دوورکەوتنەوە لە هەندێک دەسەڵاتداری دیکتاتۆری ئاشکرا و گۆڕینی ناوەکە بە شێوەیەک کە وشەی سۆشیالیزمی تێدا نەبێت بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئەرکە سەرکییەی خۆی کە بریتییە لەوەی شەپۆلی شۆڕشگێڕی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و لەباری بەرێت. هەروەها حزب و ڕێکخراوەکانی (هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبی SDA-AW)دا بەپێی هەمان ئاراستە و کارنامەی سیاسی بۆرژوازی ڕیفۆرمخواز و لە ڕێڕەوی گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕییەکانی تونس و میسردا پێکهێنران و ناوی خۆیان نا "دیموکراتی کۆمەڵایەتی"، و بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ توندبوونەوەی ململانێی چینایەتیدا، هەوڵی ئیفلیجکردن و پەکخستنی شۆڕشەکان دەدەن.

مێژووی سۆشیال ئینتەرناسیونالەکان (SI) پەیوەندە بە ئاڕاستەیەکی دژ بە ئاڕاستەی مێژووی گەشەکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانی لە ئەوروپا و پەیوەندیشە بە ئاڕاستەیەکی دژ بە ئەگەری یەکگرتن و لێکهەڵپێکان بە کاروانی ئەم شۆڕشە جیهانییە و خەبات بۆ ڕزگاربوون لە چنگی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لە لایەن خەباتە جەماوەرییەکانی وڵاتانێک کە ئەو کاتە بە وڵاتانی ڕۆژهەڵات ناسرابوون. هەریەک لە (PA) و (SDA-AW) بەدەر لە تایبەتمەندیی هەر یەکێک لە حزبەکانیان، لە ڕاستیدا بۆ سنووردارکردنی کاریگەریی ڕاپەڕینە جەماوەرییە شۆڕشگێڕییەکان لە جیهانی عەرەبیدا سەریان هەڵداوە، و گوزارش لە هەوڵەکانی بۆرژوازی دەکەن بۆ ڕاگرتنی ناکۆکییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاوچەرخ لە چوارچێوەیەکدا کە بنەماکانی سیستەمەکە نەڕووخێنێت. واتە، هەریەک لە (SI)، و (PA) و ڕێکخراوە ناوچەییەکەشیان (SDA-AW)، جگە لە ناوەڕۆکی چینایەتی بۆرژوازی هاوبەشیان، سیمای سیاسی هاوبەشیشیان هەیە لە پەیوەند بە ئەرکەکانیانەوە کە پەکخستنی شۆڕشە؛ واتە شۆڕشی سۆشیالیستی لە ئەوروپا و ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکانی میسر و تونس. و بەم پێیەش، ئەوان ئامرازگەلێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی بۆرژوازی ڕیفۆرمخوازن بۆ کەمکردنەوەی گورزەکانی شۆڕشەکان و بۆ پاراستنی سیستەمی بۆرژوازی.

### ململانێی چینایەتی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئێستادا

ئەمڕۆ لە جیهانێکی سەرمایەداریدا دەژین کە بێ ئەندازە لە ڕووی ئابوورییەوە بەیەکەوە بەستراوەتەوە، بە شێوەیەک نەک تەنها سەرمایە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەموو شوێنێکی زەویدا کۆنتڕۆڵ کردووە، بەڵکو ململانێی چینایەتی نێوان دوو جەمسەری ئەم پەیوەندییەش، واتە ململانێی نێوان کار و سەرمایە، نێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریا لە هەر وڵاتێکی جیهاندا، زیاتر لە جاران بووەتە جیهانی، و بەم پێیەش سیاسەت، کە شتێک نییە جگە لە پەیوەندی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو جیهانی بووەتەوە. هەروەها، ململانێی چینایەتی وەک بزوێنەری مێژووی کۆمەڵگەکان، پێکهێنانی ئینتەرناسیۆناڵێکی پرۆلیتاری سۆشیالیستی شۆڕشگێڕی کردۆتە ئەرکێکی گرنگ کە ناکرێ دوابخرێ، ئەمەش سەرەڕای زاڵبوون و کاریگەری هێزە بۆرژوازییەکان لەسەر ڕەوەندی بارودۆخی سیاسی لە وڵاتانی جۆراوجۆردا و لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە دیاردەکان پێمان دەڵێن، ململانێی نێوان ئەم دوو چینە بەردەوام کاریگەری خۆی جێدەهێڵێت بەسەر هەموو کردەیەکی سیاسی و پلانێکی سیاسی و ململانێ سیاسی و فکرییەکانی ڕەوتە بۆرژوازییەکاندا، وە سروشتی حزبەکان و بەرنامە و پراکتیکە سیاسییەکانیان و کۆبوونەوە و هاوپەیمانییە جیهانی و ناوچەییەکانیان و سروشتی چەندان شتگەلی تریش، دیاری دەکات بە شێوەیەک کە ناتوانرێت بە هیچ جۆرێک باس لە جیابوونەوەیان لەم ململانێ چینایەتییە بکرێت.

بۆ ل٤ ◀◀

## ▶▶ پاشماوەی...... تارمایی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەسەر ئەجینداکانی بۆرژوازیدا

ئەمە و، جەنگەکان و ململانێیە جیۆسیاسی و ستراتیژی و جیۆئابوورییەکان لە نێوان دەوڵەتەکاندا، وەک قەوارەی سیاسی نەتەوەیی سەرمایە و لەناو سیستەمی سیاسی بۆرژوازی جیهانی هاوچەرخدا، و لە نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و جەمسەرە ناوچەییەکان و دەوڵەتەکانی تردا، جەنگ و ململانێی نوێنەرانی سەرمایە و دەوڵەتەکانیان بۆ دابەشکردنی بازاڕی جیهانی لە نێوانیاندا. ئەو جەنگانە، جەنگی بۆرژوازی دەسەڵاتدارن لە هەر دەوڵەتێکدا کە سیاسەتە دەرەکییەکان و جەنگەکانیان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆنترۆڵ و سەروەری چینایەتییانەوە هەیە لەناو کۆمەڵگادا، و بەم پێیەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ململانێی چینایەتی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازییەوە هەیە لەناو وڵاتەکانیشیاندا.

لەم (٤٥) ساڵەی ڕابردوودا، جیهانی سەرمایەداری بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕاوە بەهۆی جیهانگیریی زیاتری جووڵە و کەڵەکەبوونی سەرمایە و کردنەوەی بازاڕە جیهانییەکان لەبەردەمیدا، تا کاتێک لە ساڵی (٢٠٠٨)دا تووشی قەیرانی سەرمایەداری بوو، هاوکاتیش، بەهۆی سیاسەتە ئابوورییە نیۆلیبراڵییەکانی سەرمایەوە بەدرێژایی ئەم چەند دەیەیە کە تا ئێستاش بەردەوامە. بەڵام ئەم جیهانگیرییە ئابوورییە و ئەم سیاسەتە نیۆلیبراڵییانە، بە گشتی لە پێکهاتەی خۆیاندا، هەڵگری شوێنپەنجەی ئەم شەڕە چینایەتییە بوون لە نێوان کار و سەرمایەدا، و سەرمایە جیهانێکی نەخوڵقاندووە جگە لەوەی کە خۆی تێدا بەدیبهێنێت، کە ئەمەش بە واتای توندوتیژکردنەوەی هەرچی زیاتری ئەو دژایەتییە چینایەتییە دێت کە سەرمایە لە دووتوێی خۆیدا و لە جووڵە و کەڵەکەی بەردەوامیدا فەراهەمی دەهێنێت.

وەڕێخستنی نیۆلیبرالیزمی ئابووری وەڵامێک بوو لەلایەن بۆرژوا ئیمپریالیستی ڕۆژئاواوە بۆ قەیرانی سەرمایەداری، بەڵام ئەم وەڵامە شتیک نەبوو جگە لە شەڕێکی چینایەتی و سیاسەتێکی ئابووری و هێرشێکی فکری و کلتووری بۆ کردنەوەی مەودا و لابردنی هەموو ئەو بەربەستانەی کە ڕێگر بوون لە بەردەم جووڵە و کەڵەکەبوونی سەرمایە، و زاڵبوون بەسەر قەیرانی کەڵەکەبوونیدا. ئەمەش پێویستی بەلابردنی بەربەستاکان و زیادبوونی قازانجەکانی سەرمایە بوو بە شێوازی جۆراوجۆر و لە هەمووشی گرنگتر، پیویستی بە بەرپاکردنی شەڕێکی چینایەتی بوو دژ بە چینی کرێکاری جیهانی و دژ بە یەکێتییە کرێکارییەکان و سەندیکا و ئۆرگانەکانی خەباتکاری بەکۆمەڵی ئەم چینە جیهانییە، شەڕێک کە ئامانجی ئەوە بوو قورسایی قەیرانەکەی بخاتە سەر شانی ئەم چینە جیهانییە، بە ئاکامەکەشیەوە لە هەژارکردنی زیاتری و چەوسانەوەی چڕتری، هەروەها بە کەمکردنەوەی بەردەوامی ڕۆڵی دەوڵەت لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەییە گشتییەکان بۆیان.

پلاتفۆرمی بۆرژوازی جیهانی، هێرشێکی چڕوپڕە بۆ سەر هەر قەڵایەکی بەرخۆدان و داسەپاندنی دەسەڵاتدارەتییەکەیەتی بەسەر گشت ئەوانەدا کە بە هێزی کاریان دەژین، لەگەڵ وەلانانی هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە خۆشگوزەرانییانەوە هەیە. کەڵەکەبوونی هەرچی زیاتری سەرمایە بە شێوەیەکی ئەفسانەیی لە دەستی کەمایەتییەکدا لە یەک جەمسەردا، و نەهامەتی هەرچی زیاتر لە جەمسەرەکەی تردا بۆ زۆربەی دانیشتوانی گۆی زەوی بووەتە فاکتی ئەمڕۆی جیهان و هەر لەم ڕاستایەشدا دەوڵەتە بۆرژوازییەکان لە هەموو جیهاندا بە شێوەیەکی ئاشکرا بوونەتە ئامرازی ستەمی سەرمایە بەرامبەر پرۆلیتاریا. هیچ سیاسەت و کارێکی سیاسی گرنگی ئەوتۆ نییە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی بەم واقیعە ئابووری و کۆمەڵایەتییە جیهانییە و ناکۆکییەکانی و ململانێی چینایەتیی بەردەوام لە پێکهاتەکەیدا نەبێت، یان ڕەنگدانەوەی کاریگەریی یەکێک لەو دوو بژاردەیە نەبێت کە بە شێوەیەکی کردەیی هاتوونەتە بەردەم مرۆڤایەتی لە جەنگی جیهانی یەکەمی ئیمپریالییەوە، کە ئەوانیش بریتین لە: یان سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی جیهانی و ئینتەرناسیۆنالی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕ و ڕووخاندنی سەرمایە و بنیاتنانی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای خۆشگوزەرانی مرۆڤ و ڕزگاربوونی لە ستەمی چینایەتی و سەرکوتی سیاسی و جەنگەکان و پاشەکشەی مەعنەوی، یان بەردەوامیدان بە باڵادەستی سەرمایە و تاوان و جەنگەکانی، و بە یەک وشە، وەک ڕۆزا لوکسەمبۆرگ دەڵێت: (سۆشیالیزم یان بەربەریەت).

قوڵبوونەوەی ململانێی جیۆپۆلیتیکی و ئابووری و جیۆستراتیجی لە نێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و دەوڵەتە بۆرژوازییە ناوچەییەکاندا لەسەر بنەمای قەیرانی سیستەمی سەرمایەداری هاوچەرخ و زیادبوونی میلیتاریزم و پێشبڕکێی چەکداربوون، و جەنگەکانی ئێستا، لە ئۆکرانیا و کۆمەڵکوژی لە غەززە و جەنگی ئیسرائیل و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جەنگ لە نێوان ئیسرائیل و ڕژێمی سیاسی ئیسلامی لە ئێران و بەرزبوونەوەی بەردەوامی نیۆفاشیزم لە وڵاتانی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا، هەموویان شایەتحاڵی بەرزبوونەوەی ئەم کۆنەپەرستییە سیاسییە و ئەم میلیتاریزمەی هێزە بۆرژوازییە جیهانییەکان و دەوڵەت و ڕەوت و حزب و هێزە چەکدارەکانیانن. قورسایی وێرانکەری هەموو ئەمانەش شکاوەتەوە بەسەر خەباتی پرۆلیتاریای جیهانی لە هەموو وڵاتێکدا و بەربەستی گەورەی لەبەردەم خەباتی ئینتەرناسیۆنالی شۆڕشگێڕی و کۆمۆنیستی دادەنێن و ڕیزی خەباتیان پەرش و بڵاو دەکەن، نەک تەنها لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی، بەڵکو لە ناوخۆی وڵاتەکانیشدا.

بەڵام ئەم ململانێی چینایەتییە لە نێوان جەماوەری زەحمەتکێش و سەرمایەدا یەک ساتیش لە هیچ شوێنێکی جیهاندا نەوەستاوە، و سەرکوتکردن و جەنگەکان و ململانێ جیۆپۆلیتیکییەکان بەربەستی گەورە لەبەردەمی دادەنێن، بەڵام ناتوانن کۆتایی پێبهێنن، چونکە ململانێی چینایەتی بە سادەیی بەشێکە لە ژیانی خودی سەرمایە و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی و ململانێی جەمسەرە دژبەیەکەکانی.

هەوڵوتەقەلای هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییە جۆراوجۆرەکان بۆ بەدەستهێنانی چاکسازی لەم بوار یان ئەو بوارەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتووریدا، لەوانەش خەباتی ڕەوتە چاکسازخوازەکان لەناو بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی لاواندا، بەشێکن لە داینامیکیی ململانێ لەناو سیستەمی سەرمایەداری هاوچەرخدا و جێگەوڕێگەی خۆیان هەیە، بەڵام خودی بەدەستهێنانی ئەو چاکسازییانە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە ململانێیەکی چینایەتییەوە هەیە کە لە ئارادایە لە نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا و دەتوانن، لە ڕووی ئاسۆ و ئاراستەی سیاسی و پراکتیکییەوە، ببنە بەشێک لە خەباتی پرۆلیتاریا بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجی کۆتایی بۆ کۆتاییهێنان بە سیستەمی چینایەتی، واتە بەدیهاتنی شۆڕشی سۆشیالیستی ئینتەرناسیۆنالی، یان پشتگیری لە جەمسەرەکەی تر، واتا پشتگیری لە سەرمایە و لە مانەوەی دەسەڵاتی بکەن بەسەر مرۆڤایەتیدا، و لەم پێگەیەوە هەوڵبدەن بۆ بەدەستهێنانی هەندێک چاکسازی لە چوارچێوەی سیستەمی زاڵی سەرمایەدا، کە لەو حاڵەتەشدا وەک ئەزموونی ئینتەرناسیۆنالی دووەم نیشانیدا، دەگۆڕێن بۆ ئامرازێکی بۆرژوازی بۆ خنکاندنی شۆڕشی پرۆلیتاری.

هەردوو هاوپەیمانی پێشکەوتنخواز (PA) و هاوپەیمانی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی عەرەبی (SDA-AW) دا، هەر وەک لە پێکهاتەی حزبەکان و بەرنامەکانیاندا دەردەکەوێت، کۆبەندێکی (مجمع) بۆرژوازیی هێزە نەتەوەیی و نیمچە چاکسازخوازەکانن لە وڵاتە جیاوازەکاندا، کە دروستبوون بۆ ڕێکخستنی کاروباری سیستەمی سیاسی بۆرژوازی، و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە بەرژەوەندییە حزبی و نەتەوەییەکانی هەر لایەنێک دابین بکرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە، ئەرکێکی تری جددییان هەیە کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و شۆڕشەکانی پرۆلیتاریا لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمی، لەوانەش لە جیهانی عەرەبی و هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش دەبێت ئێمە لە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا هەردەم پەردەی لەسەر هەڵبماڵین.

٢ی ئەیلول/سێپتێمبەری ٢٠٢٥

----------

(1) Parties & Organisations – Progressive Alliance
(2) The Socialist International, 1951–, and the Progressive Alliance, 2013– (Chapter 15) - The Cambridge History of Socialism
(3) Progressive politics For a fairer world - Socialist International
(4) جدالات وكتابات الاشتراكيين الثوريين في فترة الحرب العالمية الأولى وما بعدها تتناول التطورات التي ذكرتها أعلاه.
(5) الأممية الرابعة - ويكيبيديا
انعقاد المؤتمر العالمي الأول للأممية الشيوعية الثورية في خضم اضطرابات عالمية – ماركسي(6)

# تیرۆری ڕۆژنامەنوسێک، قەیرانێکی سیاسی گشتی دروست دەکات!

## سەرەک وەزیرانی سلۆڤاکیا و بەشێک لە کابینەکەی دەستەدەکێشنەوە لە حکومەت! ئەی لە کوردستان چی؟



### جەمال کۆشش

ئێوارەیەکی درەنگی سارد، سەعات هەشت و بیست دەقەی ڕۆژی (٢١)ی مانگی دوو (شوبات)ی ساڵی (٢٠١٨)، لە گوندێکی ڕۆژئاوای (براستیڤیلا)ی پایتەختی سلۆڤاکیا، لە ماڵەکەی خۆیاندا، (یان کوچیاک)ی ڕۆژنامەنوس و دەزگیرانەکەی بە دەمانچەیەکی (٩) ملیمەتر سارد دەکەنەوە. لەپێشدا کچە دەزگیرانەکەی لەچێشتخانەکەدا یەک گولـلە لە تەپڵی سەری دەدەن، دواتر لە ژێرزەمینی ماڵەکەیدا دوو گولـلە دەنێن بەسەر دڵی (یان کوچیاک)ەوە.

ئەم کردەوە تیرۆریستییە، گەورەترین و پڕخرۆشترین خۆپیشاندانی جەماوەری بەرپاکرد، شەپۆلی گوشارەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەپێشدا چەندین بەرپرس؛ لە سیاسییە باڵاکان، لە وەزیران و بەڕێوەبەری پۆلیس و دادوەرانی باڵای ڕاماڵی، تا بە دەستکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی ئەوکات. لە ئەنجامیشدا (ماریان کۆچنەر) ئەو سەرمایەدارەی کە لەپشتی ئەو تاوانەوە بوو، لەگەڵ ئەو دوو کەسەی تیرۆرەکەیان ئەنجامدا، ڕاکێشرانە زیندان. (یان کوچیاک) بنکۆڵییە ڕۆژنامەوانیەکانی لەسەر گەندەڵییەکان و ساختەچێتییەکانی ئەڵقەی یەکەمی سەرمایەدارە دەسەڵاتدارەکان بوو.

(داڤینە کارونا گالیزا)، ژنە ژورنالیستی وڵاتی ماڵتا و دایکی (٣) منداڵ، بەیانییەکی زووی ڕۆژی (١٦)ی ئۆکتۆبەری (٢٠١٧)، بەئۆتۆمبیلەکەی کە ماوەیەک لە ماڵ دووردەکەوێتەوە، بۆمبێکی چێنراوی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە پێدا دەتەقێننەوە و هەپرونبەهەپرونی دەکات، هەر لەوێدا گیان لەدەست دەدات، ئەو ژنە (٥٣) ساڵییە، یەکێک لە ڕەخنەگرە سەرسەختەکانی دژی گەندەڵی و پارەسپیکردنەوە و بەهەدەردانی سامانی گشتی بوو. لە شیکارییە ڕۆژنامەوانیەکانیدا، دەربارەی ((پەڕەکانی پەنەما))، گەندەڵییەکی گەورەی دەسەڵاتدارانی ماڵتای ئاشکرا کرد، بەرتیلەکانی ژنی سەرەک وەزیرانی خستەڕوو، کڕینی مافی هاوڵاتیبوونی ماڵتای ئاشکرا کرد.

ماڵتا ئەو دورگە خنجیلانەیەی کە دانیشتوانەکەی نیو ملیۆنە و تازە وەک ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا وەرگیرابوو، ئەم تیرۆرە بارودۆخی سیاسی ئەو وڵاتەی قڵپ کردەوە و قەیرانێکی سیاسی گەورەی دروست کرد، لە نۆڤەمبەری (٢٠١٩)، وەزیری گەشتوگوزار، کارگێڕی سەرۆکوەزیزان و سەرەک وەزیران و وەزیری ئابووری دەستیان لەکار کێشاوە، پاش ئەوەی کە دەرکەوت یەکێک لە گەورە بەپرسانی سەرەوەی دەسەڵات، لە پشتی ئەم تیرۆرەوەیە. مکوڕی لەسەر سزادانی تاوانباران لەلایەنە نێوخویی و نێونەتەوەییەکان لە سەندیکا کرێکارییەکان و یەکیتی ئەوروپا و نوسەرانەوە گەیشت بەزیندانیکردنی دووبرا بە چل ساڵ و دوو کەسی تر بە (١٥) ساڵ.
بەڵێ: پێویستە ئێمەش لە هەرێمی کوردستان ماندوو نەبین، تا قەیرانێکی سیاسی لە ئاستی هەرێمدا دەخوڵقێنین!
بەڵێ: پێویستە تاوانبارانی تیرۆریستانی ڕۆژنامەنوسان، تیرۆریستەکانی ئازادیخوازان و کۆمۆنیستەکان، بدۆزرێنەوە، دادگایی بکرێن و سزا بدرێن!
"ڕێکخراوی ئازادی دەربڕین" سەرەتای مانگی نۆ (سێپتێمبەری ٢٠٢٥)، ئاگادارییەکی لەمەڕ مەترسیدار بوونی ئاستی ئازادی ڕادەربڕین بڵاوکردەوە؛ (شیروان شێروانی) چوارساڵ و نیو زیندانی بەسەردا سەپێنرایەوە، (هێمن مامەند)ی ڕۆژنامەنوس لەهەوڵێکی تیرۆرکردنیدا، بەئاستەم لە مەرگ ڕزگاری بوو، هێرشێکی تۆقێنەرانە بۆ سەر (دیاری محمەد)ی بەڕێوەبەری (سەنتەری میترۆ) هەیە. ناوەندی (ئۆفیسی درەو) دەربارەی مژاری ئازادی ڕۆژنامەنوسی کۆڕێک ڕێکدەخات..
لەم زەنگی ئاگادارکردنەوانە جددی تر، نوسینێکی هاوڕێ (بەکر عوسمان) بوو، (برای سەردەشت عوسمانی جوانەمەرگ)، کە لە یادی (١٧) ساڵەی تیرۆری ڕۆژنامەنووس (سۆرانی مامە حەمە)دا لە کۆتایی مانگی حەوتی ئەمساڵدا بڵاویکردەوە. لە تیرۆری ڕۆژنامەنوسان و ئازادیخوازان و کۆمۆنیستەکانی هەرێمی کوردستان، تا ئێستا یەک کەسی تاوانباری سەرەکی دەستگیرنەکراوە، تا ئێستا یەک کەس دادگایی نەکراوە. نەک هەر ئەوە بەڵکو هەندێک سیناریۆی قێزەونیش بۆ داپۆشینی تاوانەکە و شاردنەوەی تاوانباران داڕێژراون.


وەک لە ڕاپۆرتی (ڕۆژنامەنوسانی بێسنور)یشدا ئاماژەی پێکراوە، لە سەدا هەشتا و پێنج (٨٥٪)ی ئەو تاوانانە بکەرەکان و پلاندانەرانی نادۆزرێنەوە، ئەوانەن کە لە هەرەمی دەسەڵات و لەبازنەی سەرەوەی حوکمڕانیدان.

ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان پاشەکشەی پێکراوە و ڕۆژنامەنوسان ئازادییان لێ زەوتکراوە. گەندەڵی و ڕاوڕووت، بەکارهێنانی پێگەی سیاسی بۆ بزنس و سپیکردنەوەی پارە، ناڕوونی لە داهات و لە کەرتەکانی بەرهەمهێناندا، هەژاری و لێکەوتەکانی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی ... ئەمانە و گەلێک باڵەخانەی تر هەیە هێشتا ڕووناکی بنکۆڵکاری ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان پەی پێنەبردوون و ناوچەی قەدەغەیە.
(یان کوچیاک)، لەلایەن سەرمایەدارە تاوانبارەکەوە کە نیمچە ئیمارەتێکی لە میدیا و دەسەڵات و دادەور و سیاسی پێکهێنابوو، پێشترهەڕەشەی پاکتاوکردنی لێکراوە، بەتەلەفۆن جوێن بەدایک و خوشکی دراوە، وە داوای دەستبەردان لەو بەدواداچوونە ڕۆژنامەوانیانەیان لێکردووە تا گەندەڵییەکانیان نەخاتەڕوو..

ئەم چیرۆکە لەگەڵ چیرۆکی ژنە ژورنالیستە ماڵتاییەکەش (داڤینە کارونا گالیزا) هەروابووە و ماوەیەک بەر لە تیرۆرکردنەکەی زیندانی کراوە. دووبارەبونەوەی بەجۆرێک هەمان فیلمە بۆ هەموو ئەو ژورنالیستانەی بنکۆڵکارییان کردووە لەسەر بازاڕە نهێنییەکانی کۆکردنەوەی سەرمایە و فێڵ و تەڵەکەبازییەکان و قۆرخکارییەکان و چاوچنۆکیەکان. ئەم تیرۆرانە بە بەرنامە و بەتاکتیک و بەشێوازێکی پلان-بۆداڕێژراو ئەنجامدەدرێن و سڕینەوەی شوێنەواریشیان هەروا.

بەرگریکردن لە ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادییە سیاسیەکان، خاوەنداریکردنە لە گیانبەختکردوانت. هەروەک (یان کۆجیاک) و (داڤینا)، ژورنالیستەکانی ئێمەش؛ بۆ بەرگریکردن لە مافی گشتی، نوسین و ڕاپۆرتەکانیان لەسەر گەندەڵی و دزی دەسەڵاتداران ئامادەکردبوو، بۆیە تیرۆرکران. لیستی تیرۆرەکانی لای ئێمەش یەکجار دورودرێژە و ئەم خوێنە هەر لەبەری دەڕوات. ئەو توانا و بەهرە ئینسانیانەی کە لە هەرەتی لاویدا ڕووناکیان دەبەخشیەوە، ژیان و سیاسەت و فەرهەنگیان، پڕ ماریفەت و هۆشیاری دەکرد. لە (نەزیر عومەر) و (ڕەئوف ئاکرەیی) و (سەلاح هەورامی) و (فەرهاد فەرەج) و (سەردەشت عوسمان) و (کاوە گەرمیانی) و (وەدات حسێن) و دەیانی تر هەمویان لە مانگە جیاوازەکانی ساڵەکانی دەسەڵاتدارەتی حکومەتی هەرێمدا، خوێنساردانە گولـلەباران کران و فڕێندران و لاشەکانیان لە قەراخ جادەکان فڕێدران. ئەم دۆسیانە، پێویستە و زۆر پێویستە بەکردەوە و بەزیندوویی و لە دڵە نەسرەوەتەی عەتدالەتخوازیدا هەمیشە کڵپە بکات.

ئەم دۆسیەیە، دۆسیەیەکی یەکجار گرنگ و هەستیارە و پەیوەندییەکی بنەڕەتی هەیە بەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا ڕوودەدەن. نابێت ببێتە سەرمایەی سیاسی، و هەلپەرستانە بەکاربهێنرێت بۆ بەشداری لە سیستەمی حوکمڕانی و بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی و خۆکردن بە شەریکە دز.
گوشارەکان بۆیە لە وڵاتان سەرکەوتوبوون بەتایبەت لە حاڵەتی (یان کوچیاک)دا، بزوتنەوەی ئازادیخوازی ماندوو نەبوون و سەرسەختانە و بەبێ هیچ بێنەوبەردەیەک داوای ڕاستی ڕوداوەکەیان دەکرد. بزوتنەوەی ئازادیخوازی هەموو دانوستان و ناوبژیوانێکی لەسەر ئەم دۆسیەیە ڕەد دەکردەوە. لەلایەکی ترەوە میدیاکار و دەزگا میدیا گەورە جیهانیەکانی وەک گاردیان و نیۆرک تایمزوئەڵمانی زمانەکان ببونە تیمی بەرگریکار و ڕووهەڵماڵراوی دەسەڵاتداران.



لێرەوە بەڕای من پێویستە کەسوکار و هاوڕێیانی گیانبەختکردوانی کردەوە تیرۆریستییەکان، ژورنالیستەکان و ئازادیخوازان و کۆمۆنیستەکان و زوڵملێکراوانی دەستی تیرۆر، سەرسەختانە و بە پلان و ئاگاهانە بۆ دۆزینەوە و لێپرسینەوە و دادگایی و سزای تاوانباران، کۆڵنەدەن و سوربن لەسەری.
سێپتێمبەری ٢٠٢٥

## پاشماوەی........ لە ساڵیادی هیرۆشیما و ناگازاکیدا، هوشدارییەک لە مێژووەوە:

تی- TNT) بوو.
قۆرخکاری ئەمریکا لەسەر بۆمبی ئەتۆمی هایدرۆجینی کەمتر لە ساڵێکی خایاند، ئەوەبوو یەکێتی سۆڤیەت یەکەم بۆمبی هایدرۆجینی خۆی لە مانگی ئابی ساڵی دواتر (١٩٥٣)دا تاقیکردەوە. هەرچەندە (١٥) مێگاتۆن هێزێکی گەورەی لەخەیاڵبەدەر بوو لە کاتی خۆیدا، بەڵام حکومەتی (سۆڤیەت) لە ساڵی (١٩٦١)دا بۆمبێکی (٥٠) مێگاتۆنی تاقیکردەوە. لەو ناوچەیەی کە بۆ تاقیکردنەوەکە دیاریکراوبوو تا دووری (٥٥) کیلۆمەتر لە خاڵی تاقیکردنەوەکە هەموو باڵەخانە لە خشت دروستکراوەکانی وێرانکرد. گەرمای تەقینەوەکە توانای ئەوەی هەبوو لە دووری (١٠٠) کیلۆمەتریش سووتانی پلە سێی لێبکەوێتەوە.
ئەم تاقیکردنەوەیە لە بەشێکدا بۆ ئەوە بوو بزانرێت ئاخۆ سنوورێکی سروشتی هەیە بۆ هێزی تەقینەوە لە ئەگەری تەقینەوەی بۆمبی ئەتۆمی یان نا. هەردوو زانای فیزیایی (ئینریکۆ فێرمی) و (ئیسیدۆر ئیسحاق ڕابی) لە ڕاپۆرتێکدا بۆ (کۆمیسیۆنی وزەی ئەتۆمی ئەمریکا) گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بۆمبی هایدرۆجینی خاوەنی "هێزێکی وێرانکەری بێ سنوورە".
لەو کاتەدا بۆمبێکی هایدرۆجینی (٥٠) مێگاتۆن کێشی زۆر قورس بوو کە هیچ مووشەکێک یان فڕۆکەیەک توانای هەڵگرتنی نەبوو، بەڵام "پێشکەوتنە" تەکنەلۆژییەکان بوونە هۆی دروستکردنی بۆمبی هایدرۆجینی ئەوەندە سووک کە مووشەکێک بتوانێت (١٠) دانە بۆمبی لەو چەشنە یان زیاتر هەڵبگیرێت.
لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی (پەیمانگای نێودەوڵەتیی توێژینەوەی ئاشتی ستۆکهۆڵم) هەر نۆ دەوڵەتی خاوەن چەکی ئەتۆمی: ئەمریکا، ڕووسیا، فەرەنسا، بەریتانیا، چین، هیندستان، پاکستان، ئیسرائیل و کۆریای باکوور- ئەمڕۆ هەوڵ دەدەن "تازەگەری" لە جبەخانەکانیاندا بکەن ئەویش، "بە تازەکردنەوە و باشترکردنی ئەو چەکانەی کە هەیانە لەگەڵ زیادکردنی چەکی نوێتر".
(پەیمانگای نێودەوڵەتیی توێژینەوەی ئاشتی ستۆکهۆڵم) جبەخانەی ئەتۆمی جیهان بە (١٢) هەزار و (٢٤١) کوڵاوەی ئەتۆمی مەزندە دەکات. "بە مەزەندەکردنی ئەوەی کە (٣٩١٢) دانە لەو کوڵاوانە لەسەر مووشەک و فڕۆکە جێگیرکراون... و نزیکەی (٢١٠٠) دانەشیان لە حاڵەتی ئامادەباشییەکی بەرزدا لەسەر موشەکی بالیستین. خاوەنداریەتی زووربەری هەرەزۆری ئەم کوڵاوە ئەتۆمیانەش ڕووسیا و ئەمریکان، بەڵام لەوانەیە (چین)یش ئێستا لە کاتی ئاشتیدا هەندێکی لەسەر مووشەکەکان جێگیر کردبێت".
لە (٢٠١٠)دا ئەمریکا و ڕووسیا پەیماننامەی (نیو ستارت- New Start)یان واژۆ کرد بۆ سنووردارکردنی جبەخانە ئەتۆمییەکانیان و ژمارەی ئەو کوڵاوە ئەتۆمیانەی کە لەسەر مووشەکی ستراتیژی جێگیر دەکرێن، بەڵام لە مانگی شوبات/فێبریوەری داهاتوودا (٢٠٢٦) پەیماننامەکە کۆتایی دێت و هیچ لایەنێکیان ئەوەی نیشان نەداوە کە نوێکردنەوەی پەیماننامەکە لای ئەوگرینگی و بایەخێکی ڕاستەقینەی هەبێت، هەربۆیە پێشبینی دەکرێت ژمارەی ئەو کوڵاوە ئەتۆمییە جەنگییانە زیاد بکات کە دەتوانرێت لە ماوەی چەند خولەکێک، یان چەند چرکەیەکیشدا بهاوێژرێن.
هەرچەندە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی چەکی ئەتۆمیین دەڵێن گوایە ئەو جبەخانانەیان بۆ "بەرپەرچدانەوە" و ڕێگری لە هێرش بۆسەریان هەڵگرتووە، بەڵام هیچ حکومەتێک بۆمبی ئەتۆمی بۆ مەبەستی ئاشتیانە پاشەکەوت ناکات؛ ئەو چەکانە بۆ بەکارهێنان تەرخانکراون کاتێک بارودۆخی سەربازی و سیاسی پێویستی پێ بێت.
لە کاتێکدا ئەمریکا و ڕووسیا خاوەنی گەورەترین کۆگای چەکی ئەتۆمین و هیچ ڕێنماییەکی ئەخلاقی و مرۆڤدۆستانەش ناتوانێت بەربگرێت بە (دۆناڵد ترامپ) و (ڤلادمیر پۆتین)، ئایا کەسێک پێشبینی ئەوە دەکات کە ئەو ڕێنماییە مرۆڤدۆست و ئەخلاقییانە کاریگەرییەکیان لەسەر (بنیامین ناتانیاهۆ) هەبێت زیاتر لەوەی لەسەر ترەمپ یان پوتین هەیانە؟ لانیکەم وەزیرێکی کابینەی ئیسرائیل بە ئاشکرا داوای بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی کردووە لە دژی کەنارەی غەززە، غەززەیەک کە ئیسرائیل هەر ئێستا وێرانکارییەکی لە چەشنی وێرانکاری هێرۆشیما و ناگازاکی بەسەردا هێناوە.
بەکورتی، مەترسی هێرشی چەکی ئەتۆمی لەلایەن حکوومەتە سەرمایەدارەکانەوە لە ساڵی (١٩٤٥)ەوە نەک هەر بە شێوەیەکی بەرچاو کەم نەبووەتەوە، بەڵکو لە زۆر ڕووەوە ئەم مەترسییە گەورەتر بووە.
٦ی ئاب/ئۆگۆستی ٢٠٢٥
-*-*-*-
تێبینی: یەکەی وەرگێڕان لە ڕۆژنامەی (ڕەوت) ئەم بابەتەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتەسەر زمانی کوردی و بەراوردیشی کردۆتەوە لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەی کە بە زمانی ئینگلیزییە.
سەرچاوەی ئەسڵی بابەتەکە بە ئینگلیزی:
https://redflag.org.au/article/a-warning-from-history-this-is-what-is-going-to-happen-to-you
سەرچاوەی وەرگێڕانی عەرەبی:
https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=880088

# " لە دەمی هەربرینێکەوە، گوڵێک. "



## ئیمان یادەوەر

لەخۆڵەمێشی ئەم بەڵێنانەوە پۆلە وشەی سپی دەفڕن .
کاژی ئەوبەڵێنانەی وەک مار پێیانەوە دەدام فڕێدەدەم
دەمارەکانی ژێر پێستم لەژەهری پێکەوەبونەکانمان پاک دەکەمەوە
ژەهرێک کەنامکوژێت، ژیانێکم تێدا دروست دەکات
هیچ ئازارێک وێرانی ناکاتەوە.

لەناو ئەو خاکەی سەری ئەم عەشقەم پێنایەوە
گوڵێک دەڕوێت بۆنی تا ناوگۆڕی( مەم و زین ) دەڕوات
دەبێتە پەرژینی گۆڕەکەی (خانی )

ناوم کە ئێستە وەک پارچە شوشەی شکاو
بە ژوورەکەم دا بڵاو بـــووەتـەوە
لەناو هەر پارچەیەکدا ژنێک کەزیەکانی شانە دەکات .

هێشتا ئەو خەمانەی دەیانەوێت پیریم چیرۆکم پێبگێڕێتەوە
منداڵیم یاریان پێدەکات
لەم وشانە ژیانێک دەچنم مانگ ڕێبەری ئەوانەبێت لەتاریکی بەڵێنەکاندا بەجێمان
.

ئەو ماڵە جێدێڵم دەرگای بەڕووی هەمووشتێکدا کراوەبوو خەونەکانی من نەبێت
دەمێنمەوە و
لەناو کانی زماندا دەژیم
لەگەڵ چەمی وشە
تاسەر ڕووباری شیعر ناوەستم
تا ئەوانەی خودا تائێستە گوێی لێی نەبووە گوێی لێبێت .

ئەو بەردەی کەوت بەسەر دڵـمدا
لەجێگەی کانییەک دروست دەبێت
ئاوی درەختی وشە و دارستانی شیعر دەدات
شیعرێک وەک ئەو بەردە سەخت، کە کەوت بەسەرمدا
وەک بەردەکەی باوەڕداران،
هەمووان تەوافی بکەن و بەچواردەوریدا بسوڕێنەوە .

تابزانن ئەوانەی وایاندەزانی بەنەبوونیان ون دەبم
من بوومە بەقیبلەی جوانی و هەمووان دەیانەوێت لەبەردەمم دا، ددان بەگوناهەکانیاندا بنێن
هەمووان دەبەخشم جگە لەوانەی:
وایاندەزانی گوناهـ و گوناهبارم .

ئاه ئەوانەی کۆڵی جێهێشتنیان بەکۆڵی ئێمەدەدا
خۆیان بۆ هەموو شوێنێک چوون مێژوو نەبێت
وای ئەوانەی بەئێمەیان دەگووت دەبێت گوڵ بین
خۆیان بەهەموو شتێک بوون مرۆڤ نەبێت !
ئێستە لەوبەر باخچەی شیعرەوە
گۆڕستانێک هەیە
ڕەش تاریک
بێ ناونیشان .

گۆڕی ئەوانەی لێیە...
ئێمەیان بەدەم گۆرانی بەڵێنەوە
تالێواری گۆڕی خۆمان بردوو جێیان هێشتین !

# خەون و ئومێد



## نووسینی ـ تەلار تاهیر

مەراقمە
ببمە عاشقی ئەو مرۆڤەی
لە پێناوی بەدەستهێنانم
هەموو دونیام بۆ بکە بەیەک
ببێ بە سۆپەرمان
ببێ بە فریادڕەسی هەموو خەمەکانم

جار نە جارێ
بە ئەسپایەکەوە
بە گوێمە بچرێنێ و
بڵێ:
تۆ جوان نیت
بەڵام لە دڵی منە جوانترینی
تۆ گوڵ نیت
بەڵام بەرهەمدارترین
درەختی هیوای خەونەکانمی
یا بەبزە نیگایەکەوە پڕ
بەگەرووی گەردوون هاوار بکە و
بڵێ :
خۆ مانگەشەوم بینی لە شەوە دەرکەوێ
نەمزانی لە بەختەکەی منە لە ڕۆژیشە
بوونی دەبێ

قوربانی ئەو ڕۆژە پڕ لە چاوەڕوانیانە بم
کە ئومێدی بەتۆ گەیشتنم پێ دەخشن
هەنگاو بەهەنگاو تۆی ئیرادە و هێزێکی پڕشنگدار لەناخمە دەڕوێنن

کەی هاواری شنەی حەزم لە دەرگای ژووری هەستی تەنیایم دەداتەوە
ژووری تاریکی و نامۆی ڕوحم بەچرای خۆشەویستیەکەمان ئاشنا دەکاتەوە

دەمێکە چاوەڕوان و تامەزرۆی ئەوینی بێگەردی بوومەتەوە
بەئەندازەیی سۆزی دایک لە ئاسمانی
تاریکی ژینم
وەکو ئەستێرە بدرەوشێتەوە

بیستوومە دەڵێن ماسی ناتوانێ بێ ئاو بژێ
بێ ئاگا لەوەی من و پەریش تەواوی جوانی خۆمان لە پێناوی دەریای مەعشووقمانە دادەنێین

ئارەزوومە ..
شەوێ لە شەوان
هەر بەخەیاڵیش بێ
جوانیم ڕادەستی ئەو بکەمەوە
بێ دوو دڵی
ببم بە میوانی
بۆ ماچێک و قوومێ شیر
نا هەر بمکە بەبووکی
هەمیشەیی ماڵی خەونەکانی

دڵنیام ئەویش پێم دەڵێی:
خەونەکانی منیش بە جوانیەکانی تۆ ڕەنگینتر دەبن
شەوەکانیشم بە ماچەکانی تۆ ئێرۆسیتر دەبن
منیش ئارەزوومە بۆ تا هەتا تۆ فریشتەی سەرشان و تۆ پەریەکەی نێو ماڵم بی
هەموو شەوێ بوخچەی حەزەکانتم بۆ بکەیتەوە
پشکۆی ئارەزووە شێکانم دامرکێنیتەوە .. ئەی شینەشاهۆی خەونەکانم !

# ڕۆمانێک پڕ لە فرمێسک


## ناڵە حەسەن



تەمەنم بووە بە ڕۆمانێکی ڕۆندکی
باران هەموو وەرزێک
بەر لەبارین لەژێر کەپرەکانی
هەورە نائومێدییەکان دەیخوێنێتەوە
سەرەتای ئەم ڕۆمانە
پڕە لە تەمە سپییە تەوتەمییەکانی تەنیاییم
لەژێر تارایەکی تەنک و
بە ڕێنووسەکانی بەفر نووسراوەتەوە
ناوەڕۆکەکەی پڕە لە هاژەی
تاڤگەکانی نێو ڕۆحە برینداراکانی

ژنە چاوڕەشە نیگا نەرمە نوورانییەکان
لەژێر تارایەکی شین
بە ڕێنووسە گەرمەکانی ئاگر نووسراوەتەوە
کۆتاییەکەشی پڕە لە
میلۆدییە غەمگینەکانی نێو وەرزەکانی
غوربەت و داپۆشراوە
بە ژانی دابڕان و دڕکەلووکە دڕ دڕەکانی
چارەنووسێکی تاریک
لەژێر تارایەکی ڕەش ڕەش
بە ڕێنووسە ڕەشە دوکەڵاوییەکان نووسراوەتەوە !

# نەدڵی داهێناو نە مێژووی نیگەران کرد!!




## سەدیق سەعید ڕواندزی

کۆمەڵـە شیعری من دڵـم داهێنـاو مێـژووم نیگـەران کـرد بۆهەتاهەتایە( * )ناونیشـانی کۆکـراوەی شـیعرەکانی(ڕامیار محمـود)ە، کـە ئـەو شیعرانە لـە خۆدەگرێت کـە لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٩٧ بـۆ ٢٠١٨، واتـە بـە درێژایـی بیسـت و یـەک سـاڵ نووسـیونی. ئەگـەر بـە وردی سـەرنج لـە ئەزموونـی شیعری ئـەو شـاعیرە بدەیـن، دەبینیـن لـە مـاوەی نزیـک بەچارەگـە سـەدەیەکدا، هیـچ نوێکاریـی و گۆڕانکارییەکـی ئەوتـۆ لـە ڕووی فـۆڕم و ناوەڕۆکـەوە لـەو ئەزموونـە هەسـت پـێ ناکەیـن. بـە پێچەوانـەوە خاڵێکـی هاوبـەش لەوئەزموونـەدا هەیـە کـە ئەویـش ئەوەیـە، کـۆی شیعرەکان لـە ڕووی فـۆڕم و دەربڕیـن وشـەی شیعرییەوە هاوشێوەن. واتە کـە شـیعرێکی سـاڵی ١٩٩٧ دەخوێنینـەوە و شـیعرێکی سـاڵی ٢٠١٨ دەخوێنینـەوە، هەسـت بـە هیـچ جیاوازییـەک ناکەیـن. ئەمـەش کێشـەی بەشـێکی زۆری شـاعیرانی ئێسـتایە، کـە خەریکـی کاوێژکردنـەوەی وشـەن نـەک داهێنانـی شـیعری. ڕامیـار لـە بەشـێکی زۆری ئـەو شیعرانەدا، بـە زمانێـک دەدوێـت کـە نـە فـۆڕم نـە نـاوەڕۆک و نـە گوتـار و مانـای شیعری بـەلاوە گرنـگ نییـە، بەڵکو تەنهـا مەبەسـتی بـووە ئـەوەی بـڕوای پێیەتـی و لـە دنیابینـی دایـە، وەک شیعر ناوزەدی بـکات. ئیدی شیعرەکان هەڵگری چ پەیامێکن، هزر و بیرکردنـەوەی مرۆڤ بـەرە و چ ئاراستەیەک دەبـەن، ئـەوە کێشـەی ئـەو نییـە، تەنانـەت ئەگـەر شیعرەکانی دیوێکـی دیکـەی ناشیعریشـیان هەبێـت ! ئـەو شـاعیرە لـە بەشـێکی زۆری شیعرەکانیدا، زمـان تـا ئاسـتێکی هێنـدە سـاکار سـادە دەکاتـەوە، کـە هیـچ خاسیەتێکی زمانـی شیعری نەمێنێت. لـە کاتێکدا ئەرکـی سـەرەکی زمـان لـە شیعردا، بەرجەستەکردنی وێنەیەکـی هونـەری جوانـە کـە سـەرنجی خوێنـەر ڕابکێشـێ. شیعر لـە ڕێـی زمانـەوە چێژبـە خوێنـەر دەبەخشـێت، چونکـە چیـرۆک و ڕۆمـان نییـە تـا گێڕانـەوەی تێـدا بێـت. کەرسـتەی شیعری لای ڕامیـار، هەمـان ئـەو وشـە سـادە و بـێ نـاوەڕۆک و نـا ئیسـتاتیکییانەن، کـە دەشـێ مـرۆڤ ڕۆژانـە سـەدان جـار گوێبیسـتیان ببێـت. ڕامیـار لـە شـیعرێکدا دەڵێـت:

<u>ئێمە کۆمەڵێک خەڵکی دەست بەسەرین</u>

<u>لە کەمپەکانی پارتی و یەکێتی</u>

<u>ئەگەر کەسێک گوێی لە دەنگمانە</u>

<u>دەنگمان بگەیەنن. لاپەڕە ٢٦</u>

شـاعیرلێرەدا، تەنهـا بانگەشـەی ئـەوە دەکات ئەگـەر کەسـێک گوێـی لـە دەنگمـان بێـت، ئـەوا دەنگمـان بگەیەنـن. گریمـان کـەس گوێـی لـە دەنگمـان نەبـوو، ئـەو کات چـی بکەیـن لـە کەمپەکانـی پارتـی و یەکێتیـی؟ بێگومـان دەبـێ ڕازیبیـن بـەو ژیانـە دەسـتەمۆ و دیلکراوەی هەمانـە. شـاعیرلە بـری ئـەوەی دەسـت بـە سـەرەکان لـە ڕێـی شـیعرە وە فێـری یاخیبـوون و گیانـی بەرەنـگاری و پسـاندنی زنجیـری دیلـی و دەسـت بـە سـەری بـکات، بـە پێچەوانـەوە چاوەڕوانـە دەنگـی بـگات. بەدەربڕینێکـی تـر، ئەگـەر ئێمـە هـەر دەسـت بـە سـەربووین لـەو کەمپانـەی پارتـی و یەکێتیـی نابـێ هەوڵـی ئـازادی بدەیـن؟ هیـچ مرۆڤێکـی ئـازا و شۆڕشـگێڕ هەیـە بـە ژیانـی دەسـتەمۆیی ڕازیبێـت جگـە لـە مرۆڤـە بوودەڵـە و ترسـنۆکەکان نەبێـت؟ ئـەوە بۆیـە ئێمـە تـا ئێسـتاش لەوکەمپانـەی پارتـی و یەکێتیـی بـەو شـێوەیە ماوینەتـەوە و ئـەوان چۆنیـان بوێـت بـەو شـێوەیە دەمانژێنـن، چونکـە ڕامیـارو هاوشـێوەکانی، لـە ڕێـی شـیعرەوە فێـری ئـازادی و یاخیبوونمـان ناکـەن، وەک ئـەوەی (ئەبوبەکـر خۆشـناو) ی شـاعیر لـە هەفتـاکان و لـە گەرمـەی بەهێـزی بەعـس و سـتەمی تۆقێنـەری بەعسـدا، بـە شـیعر مرۆڤەکانـی لـە سـتەمی ئـەو ڕژێمـە هوشـیاردەکردەوە و فێـری یاخیبوونـی دەکـردن. مـرۆڤ کـە دیـل و ژێردەسـتەبوو، دەبـێ هەمـوو هەوڵێـک بـدات بـۆ ئـەوەی ئـازاد بێـت، نـەک بـە ژیانـی مەمـرە و مەژی ڕازی بێـت! بـەڵام بێگومـان هەمـوو ئازادییـەک ڕوحێـک لـە یاخیبـوون و بوێـری دەوێـت. کەسـانێک دەتوانـن لـە پێنـاو ئازادیـدا قوربانـی بـە بـوون و ژیانـی خۆیـان بـدەن، کـە لـە بەهـا و پیرۆزییەکانـی ئـازادی تـێ بگەن.ڕامیـار چونکـە ئـازادی لـە سـنوورێکی بەرتەسـکدا دەبینێـت کـە ڕەنگـە تەنهـا پەیوەنـدی بـە بـوون و ژیانـی خۆیـەوە هەبێـت، ئیـدی زۆر بەلایـەوە گرنـگ نییـە ئـازادی بـۆ ئـەوانی تـر هەبێـت یـان نـا. ئەوەتـا خـۆی لـە دێڕێکـدا ئـازادی دێنێتـە ئاسـتێک، کـە مـرۆڤ شـەرم دەیگرێـت بـەو شـێوەیە گوزارشـتکردن لـە شـیعری بنووسـێکدا ببینێـت کـە ملیۆنـان مـرۆڤ تەنهـا لەپێنـاو ئازادیـدا لـە ڕابـردوو لـە ئێسـتاشـدا، خوێنیـان ڕشـتووە. ڕامیـار چونکـە خـۆی نایەوێـت دەنگـی بـگات و چاوەڕوانـە کەسـانێک دەنگـی بگەیەنـن، ئیـدی ئـازادی بـەلاوە بـێ نرخـە بۆیـە دەڵێـت:

<u>بۆ تۆزێک ئازادی حیز بگەڕێیت... لاپەڕە ٥٣</u>

بەڕاسـتی کارەسـاتە، شـاعیرێک هێنـدە بـە سـووکی سـەیری ئـازادی بـکات، یەکسـانی بـکات بـە حیزییەتـی.

مەبەسـتی ئێمـە لـە حیزییەتـی ئـەوە نییـە کـە کەسـانێک چـۆن دەڕواننـە جەسـتەی خۆیـان و چـۆن نمایشـی دەکـەن کـە خۆیـان خاوەنیـن. وەک ئـەوەی بـە هـەزاران مـرۆڤ لـە سـەر ڕووی ئـەم زەوییـە هۆمۆسێکسـواڵن، بەڵکو مەبەسـتمان ئەوەیـە کـە ناکـرێ دنیابینـی شـاعیرێک هێنـدە دۆگمـاو بـێ ئـەرزش بێـت، حیزیـی و ئـازادی وەک یـەک ببینێـت. ڕەنگـە ئـەو شـاعیرە، تەنهـا شـیعری نووسـیبێت و بـێ ئـاگا بێـت لـە مێـژووی مرۆڤایەتـی کـە بەشـێکی هـەرە گـەورەی ئـەو مێـژووە تۆمـاری ئـەو خۆبەختکاریانەنـە کـە بـۆ ئـازادی دراون. بـە هـەزاران ئازادیخـواز لـە دنیـادا، لـە زینـدان و لـە ژێـر سـتەمی دیکتاتۆرەکانـدا، لـە پێنـاو ئازادیـدا خوێنیـان ڕشـت. ڕامیـار دەبـوو ڕێـز لـەو خوێنـە ڕژاوە بنێـت وئـازادی هێنـدە سـووک و ڕیسـوا نـەکات. بـە تایبەتـی کـە ئـەو لـە نەتەوەیەکـە، تـا ئێسـتاش خوێـن لـە پێناوئـازادی دەدات و ڕازی نییـە بچەوسـێتەوە.ئەمە لەلایەک،لەلایەکـی دیکـەوە، دەکـرێ ئـەو پرسـیارە بکەیـن کـە ئەگـەر شـاعیر و ئێمـە هەمووشـمان لـە کەمپەکانـی پارتـی و یەکێتـی کۆمەڵـە کەسێکی دەست بەسەربین، ئایـا نابـێ هەوڵـی خۆئازادکردن بدەیـن؟ یاخـود دەبـێ هەرلـە ژێرسـتەمی سیاسی ئەودووحزبـە لـەو کەمپانـە بمێنینـەوە؟ ئەگەرهەوڵـی خۆئـازادکـردن و شکاندنی ئـەو تەوقـە دیلییـە نەدەیـن، مانـای وانییـە ڕازیـن بـەوەی هـەر لەوکەمپانـە بیـن؟ بەعـس بۆچـی ڕەفیـق سابیر و شـێرکۆ بێکەسـی ڕاونـا؟ ئاخـۆ لەبەرئـەوە نەبـوو کـە شیعرەکانیان مرۆڤیـان فێـری ئـازادی وسەربەسـتی دەکـرد و شـیعریان وەک قەڵغانێـک بـە ڕووی ئـەو دەسـەڵاتە جـەلادەدا بەرزدەکـردەوە. ئـازادی لـە هەمووکات و سـات و زەمینـە و شـوێنێکدا، بەخششـێکی گەورەیـە بـۆ مـرۆڤ. بۆیـە دەبـێ هەمیشـە ویستمان ئـەوە بێـت مرۆڤـەکان فێـری ئـازادی بکەیـن وبـە ئـازادی بژیـن.نـەک بەشـتێکی بـێ بەهـا وسـووک وێنـای بکەیـن. ڕامیـار لەدێـرە شیعرێکی دیکەیـدا گاڵتـە بـە بیـرۆڕای ملیۆنـان کەسـی سـەر ئـەم زەمینـە دەکات و بـە گەلحـۆ وەسـفیان دەکات. ئـەو لـە شـیعرەکەیدا دەڵێـت:

<u>شـۆڕش بریتییـە لـە کۆبوونـەوەی کۆمەڵێـک گەلحـۆی یاخی..لاپـەڕە ١٥٤</u>

هەمـوو ڕەهەنـد و مانـا پیرۆزەکانـی شـۆڕشی کـورت کردۆتـەوە، لـە وێنەیەکـی نەشـیاو بـۆ شـۆڕش. بەڕاسـت شـۆڕش کاری گەلحۆکانـە؟ هیـچ شـۆڕشێک هەیـە لـە دنیـادا، ئامانـج و پەیامێکـی پیـرۆزی نەبێـت کـە خـۆی لـە گۆڕانکاریـی و کۆتایـی هێنـان بـە سـتەم و چەوسـانەوە نەبینێتـەوە؟ مـن دەزانـم هەرگیـز مـەرج نییـە شـۆڕشێک هەمـوو ئامانجەکانـی خـۆی بپێکـێ، بـەڵام لـە بنەڕەتـدا شـۆڕش بـۆ گۆڕانـکاری و هێنانـە ئـارای دنیایێکـی دیکەیـە. هێندێـک شـۆڕش هـەن لـە دنیـادا ئێسـتاش پێشـکەوتنەکانی مرۆڤایەتـی بـەری ئـەو شۆڕشـانەیە؟ شـۆڕشی فەرەنسـا چـی هێنایەئـارا؟ ڕاپەڕینـی قوتابیانـی فەرەنسـا چ گۆڕانکاریەکـی دروسـت کـرد؟ شـۆڕشی ئۆکتۆبـەر چـۆن مافـی بـۆ چینـی پرۆلیتـار گەڕانـدەوە؟ ڕاپەڕینـی بەهـاری کـوردان، کۆتایـی بەچ هێنـا؟ لـە دنیـادا بـە هـەزاران شۆڕشـگێڕ لەپێنـاو شـۆڕشی وڵاتەکانیـان گیانیـان بەخشـیوە، تـۆ بڵێـی ئەمانـە گەلحـۆ بـن بـە تێگەیشـتنی ڕامیـار؟ کێشـەی بەشـێکی زۆری خەڵکـی ئێمـە لەوەدایـە کـە تەنهـا دیوێکـی شـۆڕش دەبینـن. شـۆڕش هەمیشـە کەسـانی زانـاو شۆڕشـگێڕ و یاخـی پلانـی بـۆ دائەنێـن. خـۆ ئەگـەر ترسـنۆک و گەنـدەڵ و بوودەڵـەکان بەرهەمەکـەی بخـۆن، مانـای وانییـە شـۆڕشەکان هیـچ نیـن جگـە لـە کۆبوونـەوەی چەنـد گەلحۆیـەک لـە دەوری. ناکرێـت شـاعیرگەندەڵی و نـادادی و نـەوت دزینـی دوای ڕاپەڕیـن لەلایـەن دەسـەڵاتی کوردییـەوە، بکاتـە پێـوەر بـۆ شـۆڕشەکان بەگشـتی. دەشـێ ئێمـە لـە بـری بەهـاری عەرەبـی، شـۆڕشی فەرەنسـا ببینیـن. لـە بـری شـۆڕشی ئیسـلامی ئێـران، ڕاپەڕینـی قوتابییانـی زانکۆکانـی فەرەنسـاو وشـۆڕشی تونـس ببینیـن. مـەرج نییـە شـۆڕشەکان بەهەشـتێک لـە سـەر ڕووی زەوی بۆمرۆڤـەکان بێننـە ئـاراوە، بـەڵام ئەمـە هەرگیـزاو هەرگیـز مانـای وانییـە شـۆڕش کۆبوونـەوەی کۆمەڵێـک گەلحـۆی یاخییـە. لەڕاسـتیدا، شـیعرەکانی ڕامیارمحمـود زۆر لـەوە زیاتـر هەڵدەگـرن لـە ڕووی نـاوەڕۆک و لـە ڕووی زمانـی شـیعریشـەوە. ئێمـە تەنهـا لـە سـەرچەند وێنەیـەک وەسـتاین. دەنـا شـیعرەکان پێویسـتییان بـە ڕەخنەکردنـی زیاتـرە. دواجـار ئەگـەر بشـێ لـە بـارەی ئـەو شـیعرانەوە شـتێک بڵێـم، ئـەوا بـێ دوودڵـی و بەڕاشـکاوی دەڵێـم کـە ئـەم شـاعیرە نەدڵـی داهێنـاوە، نـە مێژووشـی نیگەرانکـردووە. هەرخوێنەرێکیـش گومانـی لەوبۆچوونـەی مـن هەیـە، بابچـێ شـیعرەکانی بخوێنێتـەوە.

*ڕامیـار مەحمـود،مـن دڵـم داهێنـاو مێـژووم نیگەرانکـرد بـۆ هەتاهەتایـە، شـیعر، چاپـی یەکـەم، ٢٠١٨.

ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا سلێمان و جەماڵ کۆشش
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# بەهلوولەکانی شکسپیر ئاوێنەیەک بۆ ویژدان

سەردار ئەکرەم/بەریتانیا

لە جیهانی ئەدەبیاتی ویلیام شکسپیردا، کارەکتەری "بەهلوول" یان "گاڵتەجاڕ" یەکێکە لەو توخمانەی کە قووڵایی و فرەڕەهەندییەکی تایبەت دەبەخشێتە شانۆنامەکانی. ئەم کارەکتەرانە تەنها بۆ گاڵتە و گەرموگوڕی نین، بەڵکو زۆرجار وەک دەنگێکی ڕاستگۆ و فەیلەسوفانە دەردەکەون، کە ڕەخنە لە کۆمەڵگە و دەسەڵات دەگرن و تێڕوانینێکی جیاواز پێشکەش دەکەن. ئەگەربێت و بە شێوەیەکی ورد و چڕ کارەکتەری بەهلوول لە شانۆنامەکانی شکسپیردا شی بکەینەوە، بە تیشک خستنە سەر ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و ئەدەبییان، هەروەها ئەو شانۆنامانەی کە ئەم کارەکتەرانەیان تێدایە و ئەو هۆکارانەی شکسپیر بۆ خولقاندنیان. هەروەها هەڵسەنگاندنێک بۆ کاریگەری نەبوونی ئەم کارەکتەرانە لە شانۆنامەکاندا بکەین.

بەهلوولەکانی شکسپیر: پێناسە و نموونەی کارەکتەری بەهلوول لە شانۆنامەکانی شکسپیردا جیاوازن لە گاڵتەجارە ئاساییەکان. ئەوان زۆرجار کەسایەتی زیرەک و تێگەیشتوون کە توانای بینینی ڕاستییەکانیان هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕاستییانە تاڵ و ناخۆشیش بن. شکسپیر چەندین جۆری بەهلوولی خولقاندووە، لەوانە بەهلوولی دەربار (licensed fools) کە مۆڵەتیان هەبووە قسەی ڕاست بکەن بەبێ ئەوەی سزا بدرێن، و گاڵتەجارە سروشتییەکان (natural fools) کە بەهۆی سادەیی یان نەفامییەوە گاڵتەجاڕ دەردەکەون. لێرەدا هەندێک لە دیارترین بەهلوولەکانی شکسپیر و ئەو شانۆنامانەی تێیدان دەخەینەڕوو:

*فێستە (Feste) لە شانۆنامەی شەوی دوازدەهەم (Twelfth Night): فێستە یەکێکە لە قووڵترین و فرەڕەهەندترین بەهلوولەکانی شکسپیر. ئەو تەنها گاڵتەجاڕێک نییە، بەڵکو فەیلەسوفێکە کە بە گۆرانی و قسە و وەسفەکانی، ڕاستییە تاڵەکان دەردەبڕێت و تێڕوانینێکی قووڵ بۆ بابەتەکانی خۆشەویستی، دەرکەوتن و فێڵکردن پێشکەش دەکات . ئەو توانای بینینی کەسایەتییە ناڕاستەقینەکانی دەوروبەری هەیە و بە زیرەکییەوە ئاشکرایان دەکات. فێستە وەک دەنگێکی ڕاستگۆ کاردەکات کە دڵسۆزییەکی تایبەتی نییە، ئەمەش وای لێدەکات بتوانێت ڕاستی بە کەسایەتییەکانی تر و تەنانەت بە بینەرانیش بڵێت.

*بەهلوول (The Fool) لە شانۆنامەی شا لیر (King Lear): بەهلووڵی شا لیر یەکێکە لە دڵسۆزترین و کاریگەرترین کارەکتەرەکانی شانۆنامەکە. ئەو تاکە کەسایەتییە کە شا لیر گوێی لێدەگرێت، تەنانەت کاتێک ڕاستییە سەختەکانی پێدەڵێت. بەهلوول ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ڕەخنەگرتن لە بڕیارە هەڵەکانی لیر و پێشبینیکردنی داهاتوویەکی کارەساتبار بۆی . ئەو وەک ویژدانی لیر کاردەکات و بە گاڵتە و قسە تیژەکانی، هەڵەکانی لیر بە ڕووی خۆیدا دەداتەوە. نەبوونی بەهلوول لە بەشێکی شانۆنامەکەدا، دوای ئەوەی لیر شێت دەبێت، جێگەی مشتومڕی زۆرە و هەندێک پێیان وایە کۆردیلیا ڕۆڵی پارێزەری لیر دەگرێتە ئەستۆ .

*تاچستۆن (Touchstone) لە شانۆنامەی وەک دڵت دەیەوێت (As You Like It):
تاچستۆن بەهلوولێکی دەربارە کە لە سەرەتای شانۆنامەکەدا لە خزمەتی دووک فێردیناندایە. ئەو بە زیرەکی و قسە تیژەکانی، ڕەخنە لە هیرارکی کۆمەڵایەتی و نەریتە باوەکان دەگرێت. تاچستۆن وەک تاقیکەرەوەیەک بۆ بیرۆکە و هەستەکانی کارەکتەرەکانی تر کاردەکات، بە تایبەت لە بابەتی خۆشەویستیدا. ئەو بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خۆشەویستی ڕۆمانسی ساختەیە و تەنها بابەتێکی سێکسییە. ئەو بە گاڵتە و قسە تیژەکانی، ڕەخنە لە فەلسەفە و تێڕوانینە جیاوازەکان دەگرێت.•کارەکتەرەکانی تر: جگە لەمانە، شکسپیر چەندین کارەکتەری تری هەیە کە ڕۆڵی بەهلوول دەگێڕن، وەک: گاڵتەجارەکان لە هاملێت (Hamlet)، سێر جۆن فاڵستاف (Sir John Falstaff) لە هێنری چوارەم (Henry IV, Part 1 and Part 2)، پەک (Puck) لە خەوی شەوێکی هاوین (A Midsummer Night's Dream)، و کۆستارد (Costard) لە خۆشەویستی لەدەستچووی ماندووبوون (Love's Labours Lost).ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی بەهلوولەکانی شکسپیر تەنها بۆ پێکەنین نین، بەڵکو ڕۆڵێکی قووڵی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی دەگێڕن.

ڕۆڵی کۆمەڵایەتی

یەک: ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی: بەهلوولەکان مۆڵەتیان هەیە ڕەخنە لە دەسەڵاتداران و چینی باڵا بگرن بەبێ ئەوەی سزا بدرێن. ئەوان وەک ئاوێنەیەک کاردەکەن کە کەموکوڕی و هەڵەکانی کۆمەڵگە و حاکمان نیشان دەدەن. بۆ نموونە، بەهلوولی شا لیر بە ئاشکرا ڕەخنە لە بڕیارە هەڵەکانی لیر دەگرێت و پێی دەڵێت کە ئەو خۆی گەمژەیە چونکە دەسەڵاتی خۆی بەخشیوە

دوو: شکاندنی سنوورە کۆمەڵایەتییەکان: بەهلوولەکان زۆرجار لە دەرەوەی بازنەیەکی کۆمەڵایەتی کاردەکەن، ئەمەش وای لێدەکات بتوانن بە ئازادی بجووڵێنەوە و قسە بکەن. ئەوان دەتوانن ڕاستییەکان بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە یان تەنزئامێز دەرببڕن، کە ئەمەش وادەکات پەیامەکانیان کاریگەرتر بن.

سێ: دەنگی خەڵکی ئاسایی: زۆرجار بەهلوولەکان لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگاوە دێن (وەک جووتیار یان خەڵکی ئاسایی) و تێڕوانینی خەڵکی ئاسایی بۆ ڕووداوەکان دەردەبڕن. ئەمەش وادەکات بینەر هەست بە نزیکی لەگەڵیان بکات و پەیامەکانیان بە ئاسانی وەربگرێت.

ڕۆڵی فەلسەفی

١-فەیلەسوفی شاراوە: زۆرجار بەهلوولەکان قووڵترین تێڕوانینە فەلسەفییەکان پێشکەش دەکەن. ئەوان توانای بینینی ڕاستییە بنەڕەتییەکانی ژیان و سروشتی مرۆڤیان هەیە. فێستە لە شەوی دوازدەهەم بە گۆرانییەکانی و قسە تیژەکانی، تێڕوانینێکی فەلسەفی بۆ کاتییەتی ژیان و بێمانایی هەندێک لە هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ دەخاتەڕوو .

٢-پرسیارکردن لە ڕاستی و گەمژەیی: بەهلوولەکان بەردەوام پرسیار لەوە دەکەن کە ڕاستی چییە و گەمژەیی چییە. ئەوان زۆرجار نیشان دەدەن کە ئەوانەی بە ژیر دادەنرێن، لە ڕاستیدا گەمژەن و ئەوانەی بە گەمژە دادەنرێن، ژیرترینن. ئەمەش یەکێکە لە ئایرۆنییە گەورەکانی شکسپیر .

٣-ئاوێنەی ویژدان: بەهلوولەکان وەک ئاوێنەی ویژدان بۆ کارەکتەرە سەرەکییەکان کاردەکەن. ئەوان یارمەتی کارەکتەرەکان دەدەن کە ڕووبەڕووی هەڵەکانیان ببنەوە و تێگەیشتنێکی قووڵتر بۆ خۆیان و جیهان بەدەست بهێنن. بەهلوولی شا لیر بەردەوام لیر هان دەدات کە دان بە هەڵەکانی خۆیدا بنێت و ڕووبەڕووی ڕاستییەکان بێتەوە.

گرنگی ئەدەبی و هۆکارەکانی شکسپیر بۆ خولقاندنیان گرنگی ئەدەبی کارەکتەری بەهلوول لە شانۆنامەکانی شکسپیردا فرەڕەهەندە و تەنها بە ڕۆڵی کۆمیدی سنووردار ناکرێت. شکسپیر بە خولقاندنی ئەم کارەکتەرانە چەندین ئامانجی ئەدەبی و



بینەر بەهلوولەکان زۆرجار ڕاستی بە بینەر دەڵێن. ئەوان وەک پردێک کاردەکەن لە نێوان جیهانی شانۆنامەکە و جیهانی بینەر، کە پەیامە سەرەکییەکانی شانۆنامەکە بە شێوەیەکی کاریگەرتر دەگەیەنن وەلەلایەکی ترەوە پەرەپێدانی بابەتەکان بەهلوولەکان یارمەتی پەرەپێدانی بابەتە سەرەکییەکانی شانۆنامە دەدەن، وەک خۆشەویستی، دەسەڵات، شێتێتی، و ڕاستی. قسە و هەڵسوکەوتەکانیان زۆرجار ڕەهەندێکی نوێ بەم بابەتانە دەبەخشن.

هۆکارەکانی شکسپیر بۆ خولقاندنیان.

یەک: دەربڕینی ڕاستییە ناخۆشەکان: یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان ئەوەیە کە بەهلوولەکان دەتوانن ڕاستییە ناخۆشەکان بڵێن بەبێ ئەوەی سزا بدرێن. لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە سانسۆر و ترسدا، بەهلوولەکان تاکە کەس بوون کە مۆڵەتیان هەبوو ڕەخنە لە پاشا و دەسەڵاتداران بگرن . شکسپیر ئەم تایبەتمەندییەی بەهلوولەکانی بەکارهێنا بۆ گەیاندنی پەیامە ڕەخنەییەکانی خۆی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

دوو: پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی جیاواز: شکسپیر دەیویست تێڕوانینێکی جیاواز بۆ ڕووداوەکان پێشکەش بکات. بەهلوولەکان، بەهۆی دەرەوەبوونیان لە هیرارکی کۆمەڵایەتی، توانای بینینی ڕاستییەکانیان هەبوو کە کەسانی تر نەیاندەتوانی ببینن. ئەمەش وای لێدەکرد شکسپیر بتوانێت قووڵاییەکی زیاتر بە کارەکتەرەکانی و بابەتەکانی شانۆنامەکانی بدات.

سێ: ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی: لە سەردەمی شکسپیردا، بوونی گاڵتەجاڕ لە دەربارەکاندا شتێکی باو بوو. شکسپیر بە خولقاندنی ئەم کارەکتەرانە، واقیعی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی ڕەنگدایەوە و کارەکتەرەکانی زیاتر باوەڕپێکراو کرد.

چوار: کاریگەری ئەکتەرەکان: هەندێک لە شرۆڤەکاران پێیان وایە کە شکسپیر بەهلوولەکانی بە تایبەت بۆ ئەکتەرە دیارەکانی سەردەمی خۆی نووسیوە، وەک ڕۆبەرت ئارمین (Robert Armin) کە بە تواناکانی لە ڕۆڵی گاڵتەجاڕیدا ناسراو بوو.

کاریگەری نەبوونی بەهلوول لە شانۆنامەکاندا

ئەگەر کارەکتەری بەهلوول لە شانۆنامەکانی شکسپیردا نەبووایە، کاریگەرییەکی گەورەی دەبوو لەسەر قووڵایی و پەیامەکانی شانۆنامەکان کەدەبووە لەدەستدانی ڕەخنەی گرنگ شانۆنامەکان دەنگێکی گرنگیان لەدەست دەدا کە دەسەڵات و دووڕوویییەکانی دەخستەڕوو. ڕاستییە بێ پەردەکانی بەهلوول، کە زۆرجار بە زیرەکییەوە دەگوترا، نەدەبوو، ئەمەش وادەکرد بینەر تێگەیشتنێکی کەمتر بۆ کردار و هۆکارەکانی کارەکتەرەکان هەبێت و کەمبوونەوەی قووڵایی فەلسەفی لایەنە فەلسەفییەکانی شانۆنامەکان کەمتر دەبوونەوە. بەهلوولەکان زۆرجار گفتوگۆی فەلسەفییان دەکرد، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانەش بوویێت، ئەمەش بیرکردنەوەی لەسەر بابەتەکانی ژیری، گەمژەیی، دەرکەوتن بەرامبەر بە ڕاستی، و دۆخی مرۆڤ هان دەدا. جگەلەمەش کەمبوونەوەی گرژی درامی و پێکەنین: هەرچەندە ڕۆڵیان تەنها کۆمیدی نییە، بەڵام بەهلوولەکان پێکەنینێکی گرنگیان پێشکەش دەکرد کە گرژی دیمەنە تراژیدی و جددییەکانی کەم دەکردەوە. نەبوونیان وادەکرد شانۆنامەکان زیاتر دڵتەزێن و کەمتر سەرنجڕاکێش بن بۆ بینەر. هەروەها نەبوونی تێڕوانینێکی ناوازەکە پێگەی ناوازەی بەهلوول وەک کەسێکی دەرەوەیی کە لە هەمان کاتدا لە ناو دەربارداربوو، تێڕوانینێکی قووڵ و بێلایەنانەی پێشکەش دەکرد. ئەم تێڕوانینە بۆ ئاشکراکردنی سروشتی ڕاستەقینەی کارەکتەرەکان و دۆخەکان زۆر گرنگ بوو.•کەمتر لێکۆڵینەوە لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان: بەهلوولەکان زۆرجار نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و بە قسە و کردارەکانیان تێکدەدا. نەبوونیان بە واتای لەدەستدانی دەرفەتێک دەهات بۆ ڕەخنەگرتن و لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییە ڕەقەکانی ئەو سەردەمە.

ئەگەر بێت وباسی مێژووی بەهلوولەکان لە کۆشکەکاندا بوونی بەهلوول یان گاڵتەجاڕ لە کۆشکە شاهانەییەکاندا دیاردەیەکی کۆنە و لە چەندین شارستانییەتی جیاوازدا هەبووە، لەوانە ڕۆمای کۆن، چین، فارس . ئەم کارەکتەرانە تەنها بۆ کات بەسەربردن نەبوون، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەربارەکاندا هەبووە. لە سەردەمی ناوەڕاست و ڕینێسانسدا، گاڵتەجارەکان زۆرجار جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و کڵاوی سەیر و سەمەرەیان لەبەر دەکرد.



ئەوان بە کۆمەڵێک لێهاتوویی جیاوازەوە خەڵکیان کات بەسەر دەبرد، لەوانە گۆرانی، مۆسیقا، چیرۆکگێڕانەوە، یاری ئەکرۆباتیک، یاری جۆگلینگ، و گوتنەوەی نوکتە. گاڵتەجاڕانی دەرباری شاهانەی ئینگلیزی لە دەربارە شاهانەییەکانی ئینگلیزی لە مێژوودا خاوەنی گاڵتەجاڕی تایبەت بە خۆیان بوون، کە هەندێکیان بە "بەهلوولی مۆڵەتپێدراو" ناسرابوون. ئەم بەهلوولانە زۆرجار بۆ کات بەسەربردن و هەندێک جاریش وەک چەکێکی دەروونی بەکاردەهێنران لە جەنگەکاندا، بۆ وروژاندنی دوژمن یان بەرزکردنەوەی وورەی سەربازانی خۆیان. هێنری هەشتەم (Henry VIII) گاڵتەجاڕێکی بە ناوی ویل سۆمەرز (Will Sommers) هەبوو، و کچەکەشی ماری (Mary) لەلایەن جەین فوول (Jane Foole) کات بەسەر دەبرا. لە سەردەمی شاژنە ئێلیزابێسی یەکەم (Elizabeth I) و جەیمسی یەکەم (James I)، ویلیام شکسپیر شانۆنامەکانی خۆی دەنووسی و لەگەڵ کۆمپانیای شانۆییەکەیدا کاری دەکرد. ڕۆبەرت ئارمین (Robert Armin)، کە شارەزای بواری گاڵتەجاڕی بوو، یەکێک بوو لە ئەکتەرەکانی شکسپیر و کتێبێکی بە ناوی Foole upon Foole نووسیوە. ئیمتیازی بەهلوول (Jester's Privilege)یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی بوونی بەهلوول لە دەربارەدا، بریتی بوو لە "ئیمتیازی بەهلوول"، کە ماف و توانایەکی پێدەبەخشی بۆ قسەکردن و گاڵتەکردن بە ئازادی بەبێ ئەوەی سزا بدرێت. وەک دانپێدانانێک بەم مافە، گاڵتەجاڕی دەربار هێمای تایبەتی خۆی هەبوو کە نیشانەی پێگە و پارێزراوییەکەی بوو لە ژێر یاسادا، وەک کڵاوەکەی (cap and bells) و گۆچانەکەی (marotte) کە ئاوێنەی تاجی شاهانە و گۆچانی پاشا بوون. بەهلوولەکان دەیانتوانی هەواڵی ناخۆش بە پاشا بگەیەنن کە کەسانی تر جورئەتیان نەدەکرد بیڵێن. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٣٤٠، کاتێک کەشتیگەلی فەرەنسی لە شەڕی سلۆیس (Battle of Sluys) لەلایەن ئینگلیزەکانەوە تێکشکێنرا، گاڵتەجاڕی فیلیپی شەشەم (Phillippe VI) پێی گوت کە دەریاوانە ئینگلیزەکان "هێندە بوێر نین کە وەک فەرەنسییە ئازاکانمان باز بدەنە ناو ئاوەوە". کۆتاییهاتنی نەریتەکە دوای گەڕانەوەی پاشایەتی (Restoration) لە ئینگلتەرا، چارڵزی دووەم (Charles II) نەریتی گاڵتەجاڕی دەرباری نەگەڕاندەوە، بەڵام زۆر گرنگی بە شانۆ و کات بەسەربردن دەدا. لە سەدەی هەژدەهەمدا، گاڵتەجارەکان تەنها لە ڕووسیا، ئیسپانیا و ئەڵمانیا مابوونەوە. لە فەرەنسا، نەریتی گاڵتەجاڕی دەربار بە هەڵوەشاندنەوەی پاشایەتی لە شۆڕشی فەرەنسادا کۆتایی هات.

دەرئەنجام

کارەکتەری بەهلوول لە شانۆنامەکانی شکسپیردا زۆر زیاترە لە تەنها سەرچاوەیەک بۆ پێکەنین. ئەوان وەک فەیلەسوف، ڕەخنەگر، و دەنگێکی ڕاستگۆ کاردەکەن کە قووڵاییەکی بێوێنە دەبەخشنە شانۆنامەکان. شکسپیر بە زیرەکییەوە ئەم کارەکتەرانەی بەکارهێناوە بۆ گەیاندنی پەیامە کۆمەڵایەتی و فەلسەفییە قووڵەکان، ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات، و پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی جیاواز بۆ سروشتی مرۆڤ و جیهان. نەبوونی ئەم کارەکتەرانە کاریگەرییەکی گەورەی دەبوو لەسەر پەیام و قووڵایی شانۆنامەکان، چونکە ئەوان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و هاندانی بینەر بۆ بیرکردنەوە. بەهلوولەکان، بەهۆی ئیمتیازەکانیان و توانایان لە قسەکردنی ڕاستیدا، هەمیشە وەک کارەکتەرێکی گرنگ و بنەڕەتی لە جیهانی شکسپیردا دەمێننەوە، کە هۆکارەکانی بوونیان لە کۆشکەکاندا تەنها بۆ کات بەسەربردن نەبووە، بەڵکو بۆ گەیاندنی پەیامە گرنگەکان و پاراستنی هاوسەنگییەکی ناسک لە نێوان دەسەڵات و ڕاستیدا بووە.

# تابلۆی چیرۆکی کچە پەنابەرێک

ڕانانی: عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ



ئەم تابلۆیەی هونەرمەند دلاوەر عومەر(*) لەپاڵ ئەوەی هونەرییانەیە هاوبار لە ڕێی هونەری شێوەکارییەوە گوزارشت لە فەلسەفەی مرۆڤبوون و خەم و ئازاری نیشتمانێکی سەربڕاو دەکات، چونکە لە یەک کاتدا لەگەڵ ئاوەز و هەست و سۆزدا دەدوێت و بینەر دەخاتە بەردەم لێکدانەوەیەکی قووڵ و تێرامانێکی پڕ لە هەست و سۆز، وەک دەبینین هەموو خەونەکان باربووی نیگاو ڕووخسارێکی ماتەمین و خەماوین، خەمی مێینەیەکی ڕۆژهەڵاتی تەنانەت لە پەنابەرێتیشدا نەیتوانیوە تەواوی کۆت و سندمەکانی لە پێشینەی لە بوونی خۆی ڕابماڵێت. ئازارەکان زۆر لەو ئازادییە گەورەترن کە لە تونێلی کوێلەیی ڕزگاری دەکەن و بەرگی نائارامیی وترس لە داهاتوویەکی نادیاری پێ دەپۆشن، ئەوە تابلۆی ژنێکە پەنای بردۆتە بەر هەندەران، بەڵام چونکە پاشکۆیە و بڕیارەکە بە خودی خۆی نەدراوە؛ نەیتوانیوە بەو ڕووناکییە شاد بێت کە پێی دەڵێن ئازادی. ئەم ژنە هەمان چارشێوەکەی شیعری "عیشق و ئازادی" هێمنی شاعیر ١٩٢١ - ١٩٨٦) بە ڕووخسارییەوە نیشتووە کە بە ڕووپایی زەوی و قووڵایی کووەرەی ئاگرینی مێژوو گوزارشت لە خەمە لەبن نەهاتووەکانی مێینەی کورد دەکەن. تابلۆکە سادەیەو هیچ وردەکارییەکی ئەوتۆی تیا نییە جگە لەوەی باگراوندی تابلۆکە ڕەنگرێژە لە هەوری ئاڵۆز، ژەهراوی بە تینی ئاگرو بۆنی خوێن و دووکەڵی خەست کە هەر ڕۆژە و گەلەفریشتەیەکی پاکنوود بەرەو جۆرێک لە مردن ڕاپێچ دەکات. یەکێک لەو مردنانە ئاوارەبوونە کە هەڵکێشانی ڕۆحی نیشتمانەو بەجێهێشتنییەتی لە بەرزەخی نۆستالیژیا بە یادەوەرییە شیرین و تاڵەکانییەوە. نیشتمان ژیانی بە تاڵان بردووین و غەریبییش ئاسوودەیی لێ ستاندووین. ئەگەر وردبینەوە لە پێچانەوەی سەری کاراکتەرەکە دەچینە جیهانێکی نامۆ بە ئەندازەی بینین؛ بەڵام لێوانلێو لەو ئەشکەنجە بەردەوامەی کە مێژوو وەک و نان و ئاو بۆ زۆربەی مرۆڤایەتی بڕیوەتەوە. دەڕوانێت و نابینێت؛ بیرکردنەوە ئازاری بەشێکی سەری دەدات و بەشەکەی تری لەناو تەپووتووکەڵی جەنگدا پەلاش بە پەلاش بەجێماوە، زیندەگی لە ڕووخساریدا بە ماتی دازاییەوە و ڕەنگوڕووی تەختییەوە کاریگەرییەکانی ژیان پڕیان کردووە لە بەشمەینەتی تا ئەو ڕادەیەی خەمۆکی هەموو ڕەنگدانەوەکانی تری سەر ڕووخساری قووتدابێت، ئینجاش بە سەربەرزی دەڕوانێتە ئاسۆ. تۆ بڵێی گوێی لە زریکەی لەدایکوونی خۆرێکی گەشاوەی نوێ بێت؟! ڕووناکی و سێبەر ڕووبەرێکی کەمی لەم تابلۆیەی داگیر کردووە. زۆرترینی سەرچاوەی ڕووناکی لە سەرەوە بەرەو خوار شەپۆلی داوە، بۆیە تارمایی لامل و ژێرچەنەی گرتۆتەوە، چونکە تاکی کورد هەمیشە لەسەرەوە بۆ مێینە دەڕوانێت، د. بوشرا کەسنەزانی لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا لەو بارەیەوە دەڵێت:" کە برا تەوقی سەری خوشکەکەی ماچ دەکات پێی ڕادەگەیەنێت کە لەسەرەوە چاودێری دەکات و ئاگاداری دەبێت". ئەو بە تەنها سۆزی بۆ دەرنابڕێت بەڵکو تینیشی پێ دەبەخشێت. جوانی ئەم تابلۆیە ئەوەیە کە کۆکەرەوەی وردو درشتی تراژیدیاکانی سەردەمێکە لە مێژوو کە لەسەروو سیمای ژنێکی تاسەباردا زۆر بە سادەیی و دوور لە وردەکاری ئاڵۆز کۆکراوەتەوە، هەرچەندە بە ڕۆح زیندووە، بەڵام خەونەکانی لە کاروانی ژیان بەجێماون و کۆکردنەوەیان ئەستەمە. مرۆڤی ئەم سەردەمە هەر خەونێکی لەبار بچێت بەشێک لە ژیانی لەگەڵ خۆی دەباتە ژێرگڵ، چ جای ئەو کەسانەی وێڕای خەمی ئاسایی خەمە قووڵ و لەبن نەهاتووەکان بەرۆکیان دەگرن. وێڕای ئەوەی تابلۆکە سەردەمییانەیە؛ قژی کاراکتەرەکە جگە لە دۆخە سروشتییەکەی خۆی بە هیچ ستایلێکی مۆدێرنە دانەهێنراوە کە وەرگێرانێکی تەواوی دەروونیی ڕۆژهەڵاتییانەیەو پڕە لە یاخیبوون لە هەموو تەرزەکانی ژیان و لەبەر خۆیەوە دەڵێت: "سەیرە!! خودی ژیان ڕێگە نادات بژین!!"، بەڵام وێڕای ئەوەش سەری بەرز ڕاگرتووەو مەودایەکی زۆرتر لە ئاسایی دەبینێت و بەوە دەچێت خەونەکانی زۆر لە تەنگژەکانی ژیان باڵاتر بن و لە سەرەتای خۆکۆکردنەوەدا بێت بەرەو خۆ ڕاتەکاندن و یەکەم جووڵەو هەنگاونان تا گەیشتن بە ترۆپکی ئامانجەکان بە دەرچوون لە قاوغی پاشکۆیەتی و حەپەساوی، کە بە شایەتی ڕووداوەکان یەکێکە لە سیفاتە جوان و باڵاکانی ژنی کورد لە مێژوودا.

(*) هونەرمەندی شێوەکار دلاوەر عومەر ساڵی ١٩٨٦ لە دیمەشقی لە پایەتەختی سوریا لەدایکبووەو ئێستا لە سویسرا وەک پەنابەرێکی سیاسی ئاکنجی بووە. زۆربەی بەرهەمەکانی ناوبراو دەخرێنە بۆتەی یەک پۆلی هونەرییەوە: تابلۆی چەور (oil painted) کە لەژێر کاریگەری شۆڕش و ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا بەرهەم هاتووە. جێپەنجەی لە تابلۆکانیدا دیارە کە هەست و هیواو گەشبینی لەگەڵ واقیعێکی پڕ لە ئازار و تاریکدا تێکەڵ دەکات. بەشداری چەندین پێشانگای هونەری هاوبەش و تایبەتی کردووە، وەک: پێشانگای زانکۆی ئۆسلۆی وڵاتی نەرویج - ٢٠١٠، پێشانگای شاری ئێکێل لە سویسرا - ٢٠١١، پێشانگای هاوبەش لە لوبنان - ٢٠١٣، پێشانگای هاوبەش لە فەرەنسا - ٢٠١٥، پێشانگای تاکەکەسی لە شاری لۆزان لە سویسرا - ٢٠١٧، پێشانگای تاکەکەسی لە جنێڤ، سویسرا - ٢٠١٨، سۆلۆ پێشانگایەک لە یۆنان - ٢٠١٨، ٢٠١٨. دەسەڵاتدارانی یەکێتیی ئەوروپا هەندێک لە تابلۆکانی ناوبراویان لەسەر چەندین پوولی فەرمی و پۆستەدا بەرجەستە کردووە.

## نەخشە



پەلم بگرەو بەرۆحمدا هەڵمواسە
زادەی بوونم بنەخشێنە بەهەناسە
نانێک لەخەونم هەڵکێشە
بەبرسێتی نەخشەی هەتاوێک بکێشە
گەر بەدوای ئاسمانا هەڵبێم
هەنگاوەکانم مەشکێنە
ڕاست و چەپم هەڵوەرێنە
گوڵە ئەستێرەیەک بچنەو
لەڕۆخی جەرگما داینێ
تیشک بۆ ماچێکی ئاونگێ لێوی گوڵێک
د ە نە خشێنێ
نەقەڵەم بەرامەی دەمژێ
نەپەڕە بۆ باڵای دەشێ
نانە شیعریش
نەدارێک گەرم ناکاتەوە
بێ چرپەی ماچ دووری سنوور دادەتاشێ
سۆز لەخەندە ئاودیو دەبێ
هەڵوەستەکان پڕ تەلبەندو نشیو دەبێ
زیاتر زێدم لەخاچ مەدە
نەوەی نەبوونی و هەپرووتم شووناسێکم
بێ ئەدرێس و نیشتمانێک تووناو توونم
لەوە زیاتر مەمگرێنە
ئاو بەنان برسێتی ناشکێ
دیدەکانم کۆکەرەوە مەهێڵە ناخم بخنکێ

شیعری : ستار ئەحمەد

# دوو سەرنج لەسەر شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر

## سەرنجی یەکەم: کەژاڵ ئیبراهیم خدر بوێرییەکەی سەرسامی کردم

نووسینی: عەبدولجەبار جبوری / مووسل
وەرگێڕانی: هێمن سەعید

شاعیرێکی کوردی عێراقییە دانیشتوی سلێمانییە لە هەرێمی کوردستان و بە دیاریکراوی لە (قەڵادزێ) من لە ڕێگەی هەڵبەستە بڵاوکراوەکانی لە ڕۆژنامەی (الزمان). هۆنراوەکانی و بوێریەکەی سەرسامیان کردم کە لەسەر خۆشەویستی و دڵداری و یاخیبون وە نەهێشتنی توند وتیژی وپێکەوەژیان دەینوسین. هەروەها بوێریە بێ کۆتاییەکەی سەرسامی کردم کە لەسەر یەکسانی وئازادکردنی ژن. هۆنراوەکانی بوونە جێی سەرنجی ڕەخنەگران و شاعیران و خوێنەران. لە هەمانکاتدا ئەو کچی شاخ و بەفر و جوانییە. نەمتوانی بگەم بە دیداری پێش کۆچە ناوادەکەی دوای ئەوەی کە دەیان کۆمەڵە شیعری بە زمانی کوردی بەرهەمهێنا و وەریگێردراوە بۆ سەر زمانە جیهانییەکان لەوانە زمانی فارسی، ئیسپانی، ئەمازیغی، سربی، لاتینی، ئەڵمانی، ڕووسی، ئینگلیزی. هەروا بردنەوەی دەیان خەڵاتی عێراقی و عەرەبی بەدەست هێن. هەشت کۆمەڵە شیعریان بۆ وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی. ئەوەی جێگەی سەرنجە کە هەموو کۆمەڵە شیعرەکانی، کە خۆیان ئەدەن لە ٣٠ کۆشیعر هەمووی لەسەر تێچووی خۆی چاپکراون. لەکاتێکا دەیان لە هۆنراوەکانی لێکۆڵینەوەی نامەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر کراو. کەژاڵ ئیبراهیم تاکرەو بوو لە نووسینی هۆنراوەی ڕوون و خۆشەویستی یاخی بەسەر داب و نەریت کۆمەڵگەیەکی داخراو.

هێزی هەموو پەنجەکانت
بەکاربێنە گرێی لەچکەکەم بکەرەوە
ئەو پەردە پۆشە بشکێنە
جوانییەکانمی ون کردووە
هەموو تاڵەکانی قژمی بۆ خۆی زیندانی کردووە.

ئەم جۆرە هۆنراوەیە مەبەستمان هۆنراوەی دڵداری و یاخیبوون لەڕاستی، کۆمەڵێک شاعیری ئافرەتی عەرەب پێشرەو بوونە لە نووسینی وەکو (غادة السمان، احلام مستغانمي) و کەسانی تر. ئەمە بوێرییەکی لەڕادە بەدەری ئەوێ بۆ ئافرەتێک کە لە ناو کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاری و خێڵەکی و دەشتەکی کە پابەندن بە دابونەریت بە شێوەیەک کە یاخیبوون تیایدا ئەستەمە. کەژاڵ بە شیعرزانییەکەی و هۆشمەندییەکەی و یاخیبوونەکەی توانی هەموو ئەو کۆتوبەندە ئاسنینانە ببەزێنێ بێ گوێدانە پێی، بەڵکو پێی خستە سەری و لەو کۆتە دەرباز بوو. بەرەو ئاسمانی ئازادی و سەربەستی. هەموو سنوورەکانی بهزاند و شیعرەکانی بڵاوبوونەوە و ناوبانگی دەرکرد، لە شارە نووستووەکەی کەلەژێر شاخەکانی کوردستان، پارێزگاری سلێمانی، کە ئازادی و ئاشتی و ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەر دائەنرێ. بە شارێکی جیاواز دائەنرێ لە ئاسمانی عێراقی و عەرەبی و جیهانی، بە هەوڵی کەسێتی خۆی و بەهرە گەورەکەی توانی جێگەی خۆی بکاتەوە لە پێشەنگی شاعیرە گەورەکانی عێراق. کەژاڵ ئیبراهیم شاعیرێکی تاکرەوە و زمانێکی تایبەتی خۆی هەیە. وشەکانی شیرینن لە دڵا، ئەو کچی لادێیە، بەو هۆیەوە ئەبینین کە وشەکانی لە سروشت و ژیان و نەریتی لادێ، دیارن بە شیعرەکانییەوە. زۆربەی هۆنراوەکانی گفتوگۆ ئەکەن لەگەڵ سروشتا، بە وشە جوانەکانی هاوار ئەبەن بۆ خۆشەویستی و ئازاری دڵداری کە لە وشەکانیدا هەستپێدەکەین. کۆشیعرەکانی نرخی دڵداری و خۆشەویستی لەخۆ ئەگرن. خۆشەویستی پاک، کە نوقم بووە لە ڕاستگۆیی و خۆرەسی و جوانی. منی نووسەر بەو جۆرە هۆنراوەکانیم خوێندەوە کە پرشوبڵاو بوون لێرە و لەوێ، ئەوانەی لە ڕۆژنامە عێراقی و عەرەبی و تۆڕە کۆمەڵایەتەکان بڵاوکرابوونەوە. هیچ کەسێک نەبووە هۆنراوەی کەژاڵی نەخوێندبێتەوە و نەبووبێ بە بارمتەی وشەکانی ووبابەتە ساناکانی کە نوقم بووبوون لە ناخی ڕۆحیدا، دەربڕینێکە لە توانایەکی سەرسوڕهێنەر لە درێژکردنەوەی پیتەکا. ئەو شاعیرە تێگەیشتنێکی قووڵی هەبوو بۆ ئازاری ئەو پیتانەی کە ئەکەوتن، چێژی ئازار بوون. بۆیە وا هەستدەکەم، لەوانەیە وشەکانم بێ توانابن لە وەسفی ژیاننامە و ڕێرەوی شاعیرێکی عێراقی گرنگ، ئەوەی لە ئەستۆ گرتووە کە ناوبانگ و ئامەدەبوونی هەبێت و توانی بە ئەسکەنەی پیتەکەی جێگەی خۆی لە نێو شاعیرە گەورەکانی عێراق بکاتەوە. ئەم شاعیرە ئەو دەسکەوتەی لە ماندووبون بەدیهێناوە وەرگێراوەتە زۆربەی زمانە جیهانییەکان، ئەو شتە نەگەیشتووە بە هیچ شاعیرێک یان ئەدیبێکی عێراقی و عەرەبی. ئەوی کە سەیرە کە پشتی بەستووە بە هەوڵی خۆی و داهێنانی شیعریی و بەهرە گەورەکەی و سووربونی لەسەر ئەوەی کە جیاواز دەرکەوێ. کەژاڵ ئیبراهیمی شاعیری دڵداری و خۆشەویستی، وشەکان نەیانتوانی مافی ئەزموونی شاعیری کۆچکردوو بدات لە ڕێرەوە ئەدەبیە دوور و درێژەکەی. ئەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەم شاعیرە وەکو هەموو ئەو کەڵە شاعیرانەی تر ئەو هەلە ئەدەبییەی وەرنەگرت لەڕەخنەی ئەدەبیی عێراقی، وەک ئەوەی ئەمڕۆ ئەیبینین کە ئەخولێتەوە لە نێوان ڕەخنەی (إخواني و میزاجي)دا.

## سەرنجی دووەم: کەژاڵ ئیبراهیم خدر شاعیرێک لەجوانی و وەسف کردن

نووسینی "دەلال جواد / لوبنان
وەرگێڕانی: ئاوات محمد ئەمین

کەژاڵ؛ شاعیرێکە لەنێوەندی ئەدەبی عەرەبی ڕەنگدانەوەیەکی باشی بۆخۆی دەستەبەرکردووە. شیعرەکانی جێگەی سەرسامین. بەزمانێک دەنووسێت بێ ڕتووش کردن. پەنا بۆ ئەو وشە سادەو نەرم و نیانانە دەبات کە هەر زوو دەچنە ناختەوەو هەست دەکەیت کە ژنێک چەند بەجوانی لەوەسف و بەرجەستەکردنی ماناکانی خۆشەویستی ڕاستەقینە دواوە،کە لەدەربڕینیدا



پایەی عاشق تا بڵندی ئاسمان دەبینێت. شیعرەکانی دەربڕینێکە لەپانتایی ناخی هەموو کەسێک لەڕووی هەستکردن، بە کۆتوبەندی سەپێنراوی کۆمەڵگە و لە ترس و زیندانی داب و نەریت ؛ئەو دێت بانگەواز دەکات بۆ نیشتمانێکی بریندار و نەهامەتییەکانی جەنگ و دەرهاویشتەکانی لە بێئومێدی و خیانەت کە ژان و خەمەکانی زیاتر دەکەن. کەژاڵ هەمیشە وێنەیەکمان بۆ دەکێشێت کە دەربڕینی هەڵقوڵاوی ناخی خۆیەتی. وێنەیەک لە خەیاڵ و تاریکی شەومان نیشان دەدات، لەگەڵ ڕووناکی مانگ پەردەیەکی شاراوەی شەرمن دادەداتەوە، کە ئێمە هەست بەو شیعرە ناسکە دەکەین لە خۆشەویستی و دەربڕیندا شەرمە. بۆیە شاعیر هەمیشە بانگەوازێک بۆ خۆشەویستی ڕاستەقینە دەکات و هەوڵدەدات کە پاکی دڵ و دەروون ڕێگەیەکی ڕاست و ڕەوان بێت بۆ بەیەک گەیشتن. ئەم ژنە شاعیرە پیتەکانی لەقووڵایی دڵی دەریاکانەوە دەرهێنراون وەک گوڵ لەگەڵ بۆنی خۆشیدا پەرش بوون و بڵاوکراونەتەوە لە کێشانی وێنەیەکی جوان لە ئاسمانی هەڵکەوتن و داهێناندا.

# جۆگەلەیەکی تینوو

شیعری: عارف کوردە




ئێ چۆن بنووم؟
گرمەگرمی هەوری مۆن و
قرمەی گولله و
شەوی بێ خەو، نووزەی ئازاری پڕ لە تەم
لێناگەڕێن بۆ یەک چرکەش، پێڵوو داخەم
ئێ چۆن بنووم؟
شەپۆڵ بۆ دەریا ئەگری و
بەفر بۆ چیا و هەڵۆ بۆ شاخ
باران بۆ تینوویەتی زەوی
جێژوان بۆ عەشق و دڵداری
ئێ چۆن بنووم ؟
ئۆرکێسترای قاپ و کەوچکی، برسی و ماندوو
بەدەست زارۆکی غەزەوە، گیان ئەسپێرن
یەک یەک..دوو دوو
ئێ چۆن بنووم؟
ڕەوێ سوێسکە و پۆلێ تەوار بنار قەندیل
بەکۆڵە پشتی خەمەوە
بۆ مشتێک ئاوی ئازادی لەجاسەنە گیرسانەوە
ئێ چۆن بنووم؟
جۆگەیەکی تینووی گەرمیان لەپەنجەرەی ڕۆحم ئەدا.
لێناگەڕێ چاو دابخەم
هەموو شەوێک دەستێک لە(کۆبانێ)وە دێ؛ بینم دەگرێ
بێریتانە و(*) جامانەیەک بەملییەوە
ڕێک هەر لەوەی بەیان(**) ئەچێ
ئێ چۆن بنووم؟
هەمووی خەمی ڕەنگاوڕەنگە
تابلۆیەکە و بەسینگمەوە هەڵئەواسرێ
دایک دێت و دەمانچەیەکی ژەنگاوی بەدەستەوە
ڕیزێ فیشەک،
ئەنێ بەتەختەی سینگمەوە
بۆ دڵنیایی ئەگەڕێتەوە سەرسەرم و
گوللەیەکیش، بەناوەڕاست تەوێڵمەوە
کێردێکی تیژ خۆی هەڵئەداتە سەر پشتم و
سەر لە لەش جیا دەکاتەوە
بێباکانە داوای دیژلەمەیەک ئەکا و
ژێرپیاڵەش پڕ لەخوێناو و دەیخواتەوە!
دەپێم بێژن، من چۆن بنووم؟
هەر نانووم و هەر نانووم و هەر نانووم.

(*) بێریتان، کچە شەڕڤانێکی یەپەژە بوو لەشەڕی دژ بەداعش گیانی لەدەستدا.
(**)بەیان؛ کچە پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران بوو. لەشەڕێکدا دژی بە هێزەکانی جمهوری ئیسلامی گیانی لەدەستدا.

# شانۆی ڕەش

## ڕووناکییەک لەتاریکیدا بۆ دەربڕینی ناسنامە و بەرەنگاربوونەوەی ستەم



سەردار ئەکرەم/بەریتانیا

شانۆی ڕەش وەک یەکێک لە گرنگترین دیاردە کلتوورییەکانی سەدەی بیستەم لە ئەمریکا سەری هەڵدا و بەخێرایی پەرەی سەند. ئەمجۆرە شانۆیە تەنها وەک هونەرێکی بینراو نەبوو، بەڵکو وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ دەربڕینی ناسنامەی بەرەنگاربوونەوەی ستەم و نایەکسانی و گەیاندنی پەیامی ئازادی و یەکسانی کاری کردووە. لەڕێگەی چیرۆک و نمایشە شانۆییەکانییەوە؛ شانۆی ڕەش بووەتە دەنگێکی بەهێز بۆ کۆمەڵگەی ڕەشپێست و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کلتوور و مێژووی ئەمریکا و جیهان بەجێهێشتووە. ئەگەر بێت و باسی پێشەنگێک لە مێژووی شانۆی ڕەش بکەین ئەوا پرۆفیسۆر ئیرۆڵ هیل، کە لە ترینیداد لەدایک بووە و دواتر بووەتە یەکێک لە باشترین توێژەرانی شانۆی ئەفریقی-ئەمریکی کە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە تۆمارکردن و شیکردنەوەی ئەم میراتە کلتوورییە گەورەیەدا بینیووە. کارەکانی لە زانکۆی دارتمۆس و نووسینەکانی لەسەر شانۆی ڕەش، بنچینەیەکی پتەوی بۆ تێگەیشتن لەم هونەرە دامەزراندووە لەسەرەتاوە، شانۆی ڕەش لەنێو کۆمەڵگای کۆیلەدارییەوە سەری هەڵداوە. ئەم قۆناغە بە چرکەسات و گۆرانی و سەماکانی ئافریقی تایبەتمەند بووە کە کۆیلەکان بۆ پاراستنی کلتووری خۆیان و دەربڕینی ئازارەکانیان بەکاریان هێناوە. بەڵام دوای کۆتایی هاتنی کۆیلەداری لە ئەمریکا، شانۆی ڕەش ئاراستەیەکی نوێی وەرگرت. نمایشنامە و بەرهەمە شانۆکارییەکان دەستیان کرد بە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکانی هەڵاوادردن و ئازادی، یەکسانی. هەروەها شانۆی ڕەش ڕۆڵێکی گەورەی لە پەروەردەکردنی کۆمەڵگە وە ئاگاداری بەرزکردنەوە لەسەر مێژوو و کلتووری ئەفریقی-ئەمریکی بینیووە. لە ڕێگەی نمایشکردنی چیرۆک و کاروباری مێژووییەوە، ئەم شانۆیە بووەتە پردێک بۆ پەیوەندیکردنی نەوەکان بە میراتیان. جگەلەوەش یەکێک لەگرنگترین ئەرکەکانی شانۆی ڕەش، بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی و ستەمی کۆمەڵایەتی بووە. لە ڕێگەی دەربڕینی ئەزموونە ڕاستەقینەکانی ژیانی ڕەشپێستان، ئەم شانۆیە یارمەتی داوە کە کۆمەڵگە تێبگات لە ئاستەنگ و تەحەدایانەی کە ڕەشپێستان ڕووبەڕووی دەبنەوە. بەرهەمە بەناوبانگەکانی "ئا ڕەیزن ئین دە سان" (A Raisin in the Sun) یەکێک لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی شانۆی ڕەش کە لەلایەن لۆرین هانسبەری نووسراوە. ئەم نمایشنامەیە باسی خێزانێکی ڕەشپێست دەکات کە هەوڵی بەرەوپێشچوون لە ژیاندا دەدەن. هەروەها بەرهەمێکی تری شانۆی ڕەش بریتییە لە "فۆر کالەرد گێرڵز" (For Colored Girls) بەرهەمێکی دیکەی گرنگ کە لەلایەن نتۆزاکی شانگی نووسراوە و باسی ئەزموونەکانی ژنانی ڕەشپێست دەکات. شانۆی ڕەش تەنها لە ئەمریکا بەدەست نەهاتووە، بەڵکو کاریگەری لەسەر شانۆی جیهانی دانیشتووە. لە وڵاتانی ئەوروپا، ئەفریقا و ئاسیا، هونەرمەندان ئیلهام لەم جۆرە شانۆیە وەرگرتووە بۆ دەربڕینی ئەزموونەکانی خۆیان. یەکێک لە گرنگترین ئاسەنگەکان بەردەم شانۆی ڕەش، کەمی سەرچاوە داراییەکان بووە.

زۆرجار تیپە شانۆکارییە ڕەشپێستەکان لەگەڵ کێشەی دارایی ڕووبەڕوو دەبوونەوە. لە قۆناغی یەکەمدا، شانۆی ڕەش پشتگیری پێویستی لە حکوومەت و دامەزراوە فەرمییەکان وەرنەدەگرت. جگەلەمەش ژنان ڕۆڵێکی بنەڕەتیان لەپەرەپێدانی شانۆی ڕەشدا بینیووە. لە نووسەرانی وەک زۆرا نیل هورستن تا ئەکتەرە بەتوانەکانی وەک رووبی دی، ژنان ڕۆڵی پێشەنگی گێڕاوە. لەئەمڕۆدا، شانۆی ڕەش بەردەوامە لە پەرەسەندن و نوێبوونەوە. نەوەی نوێی نووسەران و دەرهێنەران هەوڵ دەدەن کە بابەت و ڕێگە نوێینەکانی دەربڕین بخەنە ناو شانۆی ڕەشەوە. شانۆی ڕەش وەک یەکێک لە گرنگترین دیاردە کلتوورییەکانی ئەمریکا، نەک تەنها هونەرێکی بینراوە، بەڵکو ئامرازێکی بەهێزە بۆ دەربڕینی ناسنامە و بەرەنگاربوونەوەی ناعەدالەتی. بەهۆی هەوڵەکانی توێژەرانی وەک ئیرۆڵ هیل، ئەم میراتە کلتوورییە گەورەیە تۆمار و پارێزراوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. لە ڕووی ئەکادیمییەوە، شانۆی ڕەش بووەتە بابەتێکی گرنگی لێکۆڵینەوە لە زانکۆکان، و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوەش، بەردەوامە لە کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و هەڵوێستی کۆمەڵگە. ئەم شانۆیە دەبێت بەردەوامبێت لە پەرەسەندن و گەیاندنی پەیامەکانی ئازادی و یەکسانی و کەرامەتی مرۆڤایەتی.

# پانزە هەناسەی شیعریی

سمکۆ ئەحمەد / هەولێر

(1)
بۆ چڵە ناسکەکانی تەنیاییم
دەگەڕێتەوە
ناکۆکی من و با.

(2)
ئەو ڕۆژەی دایکم مرد
ئەوەی لەمن زۆرتر گریا
ئاسمان بوو.

(3)
بە دراوسێکەم وتووە
خەفەت نەخوات
من برسیترم.

(4)
ئەو پیاوەی سێوێک بە تەنیا دەخوا
تێگەیشتووە
سێبەر تامی گێلاس نادا.

(5)
پاییز و جەنگ،
درەخت و منداڵانی بێ پەناگە ـ
هاوخەمن!

(6)
دەبێت بڕۆم،
لە کافێ جەنجاڵەکە چاوەڕێمە ـ
کورسییەکی تەنیا

(7)
بە تەنیایی بڵێن،
پشتێندەکەی بکاتەوە
من هێشتا لە ژیاندام.

(8)
کە سەیری چاوەکانت دەکەم
لە دڵی خۆمدا دەڵێم
ئاسمان دوو ئەستێرەی بەس بوو

(9)
ئاگرەکە خۆشدەکەم
هاوینی تەنیایی
ساردە.

(10)
پیاوێک دەناسم لەبەر چاوەزار
دڵێکی سپی
لەژێر کراسێکی ڕەشدا شاردۆتەوە.

(11)
دەمەوێ لە زەوی هەڵبێم
وەک خۆر نا
وەک (با)یەکی بە پەلە.

(12)
لە چایخانەکە کەسێک بە تەنیشتمەوەیە
هەست دەکەم
لەوسەری دنیا دانیشتووە.

(13)
بە تەنیا بۆم ناخورێ
نانێکی ڕەقم هەیە
زۆرە.

(14)
ئەو ئاوەت بۆ ڕشت؟
ئەو کارەساتەت بۆچی نایەوە
باوکە!

(15)
قاسەم پڕە
بۆ مردن
هەزار و یەک بیانووم هەیە.

# گۆرانییەکانی خۆڵباران

نووسینی : ناسیح ئەدیب



لەو دیوو پەردەوەن،
بەچاو نابینرێن
مانگ و ئەستێرەکان!

دوو ماسکم پێ بوو،
دانەیەکیانمدا
بە مانگەشەو

هایکۆکانم ،
ئەم شەو ماسکیان بە ستووە
نابادا بخنکێن.

ئەم شەو،
تریفە لەمانگ ئەدزێ
خۆڵبارین

هە ر دەڕواو دەپژمێ
ئاوڕ ناداتەوە
خۆرنشین.

هەتاویش؛
ماسکی بەستووە
ڕەبۆیەتی!

کۆخە کۆخێتی تەمووز،
سینەو کەپووی گرتووە
خۆڵبارین!

دەستم پێ ڕاناگا ،
دەنا ماسکێکم دەدایە
هەتاو!

دیاری ئێوەمان ناوێ،
بیبنەوە بۆ خۆتان
خۆڵباران!

چاوەکانی هەڵدە گلۆفێ ،
خۆڵباران بێ تاقەتی کردووە،
گروپە !

# کتێبی (وارێ مە) شیعر بۆ زارۆکان

ئامادەکردنی : بانیژەی ئەدەب و کلتوور

وارێ مە؛ ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵێک شیعری تایبەت بە منداڵان، کە زۆربەیان بە زاراوەی کورمانجی (بادینی) لەلایەن شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبیاتی منداڵان (ڕۆستەم خامۆش)ەوە، نووسراون.(*) ئەم کتێبە لەگەڵ کتێبێکی تری نووسەر بەناوی (هاوڕێی ژینگەم) پێکڤە لە چاپخانەی هێڤی لە هەولێر، چاپ کراون. بۆ هەر شیعرێک وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و تایبەت و گونجاویان بۆ دانراوە. کتێبی وارێ مە (٣٢) لاپەڕەیە و (٢٢) شیعری لە خۆگرتووە. بانیژەی ئەدەب و کلتوور دوو شیعری نێو ئەم کتێبە، بە ناوی ژینگەها مە و کەڤ پێشکەشی خوێنەرانی ئازیز و منداڵانی کوردزمانی دەکات.

### ژینگەها مە

ژینگەها مە، ژینگەها مە
چەند پاقژە ژینگەها مە
دەشت و گر و دۆڵ و چیا
گەلەک جوانە ب دار و گیا
بەلێ ئەڤە کوردستانە
هەمی باخ و گولستانە
وەلاتێ مە زۆر قەشەنگە
دەپارێزین بەلێ ژینگە

### کەڤ

ئای چەندە جوانە ئەڤە
ناڤێ وی کەڤە کەڤە
دخوینێ سەرێ چیا
دناڤ گول و دار و گیا
دەنگێ وی گەلەک خۆشە
دلێ من بۆی پەرۆشە
دبێژم نەچە ژ وێرێ
بزانە تۆم خۆشدەوێ

(*)ڕۆستەم خامۆش؛ نووسەری بواری ئەدەبیاتی منداڵان لەساڵی ١٩٨٠ لە گوندی کانی کوردەی قەزای کۆیە چاوی بەدونیا هەڵهێناوە. لەساڵی ١٩٩٦ دەستی بەنووسینی شیعر کردوە و لەساڵی ٢٠٠٠یشەوە شیعر بۆ منداڵان دەنووسێت و یەکەمین شیعری بۆ منداڵان بەناوی (باڵندەیەکی بەندکراو)ەوە دەنووسێت و یەکەمین شیعری بڵاوکراوەشی بەناوی (بەرەو خوێندنگا) لە ساڵی ٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە. ڕۆستەم خامۆش تا ئێستا یانزە




کتێبی لەبواری ئەدەبیاتی منداڵان چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# چارەسەری دوو دەوڵەتی!

مێرۆ عەبدولکەریم



زۆرجار کە باس لە پرسی فەلەستین دەکرێت وەک پرسێکی جوگرافی، واتە وەک کێشەی دوو نەتەوەی دوژمن لەسەر خاکێکی دیاریکراو، دەخرێتە ڕوو و چارەسەرەکانیش بەم پێیە بریتین لە دابەشکردنی خاکەکە و قوتکردنەوەی دوو دەوڵەت-نەتەوەی ئەتنی.
هەرچەند چارەسەری دوو دەوڵەتی بۆ پرسی فەلەستین کۆدەنگی نێودەوڵەتی لەسەرە، بەڵام لە ڕاستیدا پرسی فەلەستین کێشەی دوو نەتەوە نییە کە لەسەر خاکێک شەڕیان بێت و بە دابەشکردنی وەک کێک چارەسەر بێت، بەڵکو کێشەی بزوتنەوەیەکی کۆلۆنیالی و دەوڵەتێکی ڕەگەزپەرستە لەگەڵ دانیشتوانی ڕەسەنی وڵاتێک.

سەرەڕای کۆدەنگی نێودەوڵەتی، چارەسەری دوو دەوڵەتی لەلایەن زۆرێک لە توێژەرە ئەکادیمیەکانی پرسی فەلەستینەوە وەک تراویلکە سەیردەکرێت، زۆرێک لەوانەشی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان باوەڕیان بەم چارەسەرە هەبوو دەڵێن هیچ ئیمکانێکی جێبەجێبوونی لەسەر ئەرزی واقیع نەماوە، بەرپرسی سەرەکیش لە شکستی چارەسەری دوو دەوڵەتی دەخەنە ئەستۆی دەوڵەتی ئیسرائیل.

با بزانین

ئەو دەوڵەتەی بڕیارە بۆ فەلەستینیەکان دروست بکرێت ڕووبەری چەندە و چی کارە دەبێت؟
-بڕیاری (١٨١)ی نەتەوەیەکگرتووەکان (٥٦٪) خاکی فەلەستینی بە زایۆنیەکان داو داواشی کرد ئەو دوو دەوڵەتەی کە قەرارە دروست بن یەکێتییەکی ئابوری هاوبەشیان هەبێت.
لەبری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە (کە خۆی لە خۆیدا غەدر بو لە فەلەستینیەکان، چونکە ئەو کاتە زایۆنیەکان تەنیا لە (٦٪) بۆ (٧٪)ی خاکی فەلەستینی سەردەمی ئینتیدابیان بەدەستەوە بوو) زایۆنیەکان لە (١٩٤٨-١٩٤٩) نزیکەی لە (٨٠) خاکی مێژوویی فەلەستین داگیردەکەن و نزیکەی ٧٥٠ هەزار بۆ ملیۆنێک خەڵک دەردەپەڕێنن.

ئەم سنورە کشێنراو و بە زۆر کێشراوە، کە بەهێڵی ئاگربەستی (١٩٤٩) یان هێڵی سەوز ناسراوە، بو بە سنوری دیفاکتۆی دەوڵەتی ئیسرائیل، بەپێی بڕیاری (١٩٤) دەبێت ڕێگە بدرێت بە ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. ئیسرائیل بەدەمی ئەمەی قبوڵ کرد بۆ ئەوەی دان بە دەوڵەتەکەیدا بنرێت و ببێت بە ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام دواتر بە هەمو شێوەیەک ڕێگری کرد لە گەڕانەوەی پەنابەران و سندوقی نەتەوەیی جولەکە دەستی بەسەر موڵک وماڵیاندا گرت و بە نرخێکی هەرزان دەیفرۆشت بە جولەکەکان. موڵک و ماڵی فەلەستینیەکان لە (٥) ملیۆن دۆنمەوە کەمکرایەوە بۆ نیو ملیۆن (٥٠٠ هەزار) دۆنم. بگرە ئەو فەلەستینیانەی کە کەوتبونە سنورە نوێیەکەوە هەوڵدەدرا بە هەمو شێوەیەک ئاوارە بکرێن. ئەو (٢٠٪)ی خاکی فەلەستین کە مابویەوە (کەنارەی خۆرئاوا)ی کەوتە دەست ئوردون و (کەرتی غەززە)ش کەوتە دەست میسر. ئەو خاکە کەمابوەیەوە لە (١٩٦٧)دا دەکەوێتە دەست دەوڵەتی ئیسرائیل. نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە ئیسرائیل کرد دەستبەجێ بکشێتەوە، بەڵام ئەوە زیاتر لە (٥٠) ساڵە لە (کەنارەی خۆرئاوا)یە و تا (٢٠٠٥)یش لە (کەرتی غەززە) بوو.
(ئیلان پاپێ) مێژوونوسی ئیسرائیلی لە کتێبی "پاکتاویی ڕەگەزیی فەلەستین"دا دەڵێت دەوڵەتی ئیسرائیل لەوەدا سەرکەوتووبووە کە فەلەستینی پێش (١٩٦٧) لە بیری ڕای گشتیی جیهانی بباتەوە: بە پەیوەستکردنی مەسەلەی ئاشتی تەنها بە (کەنارەی خۆرئاوا) و (کەرتی غەززە)، لە بیربردنەوەی تاوانەکانی (١٩٤٨) و مەسەلەی ئاوارەکان لای ڕای گشتی جیهانی، تاوەکو دەوڵەتی داهاتووی فەلەستین، لە ئەگەری ڕازیبونی ئیسرائیلدا، تەنها لە سنوری (١٩٦٧) ببینرێت.

هەروەک لە کتێبی "گەورەترین زیندانی سەر ڕوی زەوی"دا باس لە بونی دوو لایەن لە مێژووی ئیسرائیلدا دەکات: یەکێکیان دەیەوێت بە هەر نرخێک بێت تەواوی خاکی فەلەستین داگیر بکات و ئامادەی هیچ دانوستانێک نییە و بەزمانی هێز قسە دەکات، لایەنی دووەمیش (کە لە ئێستادا هیچ کاریگەریەکی سیاسی نییە)، (کەنارەی خۆرئاوا) و (کەرتی غەززە) بە بابەتی دانوستان دەزانێ و لە ترسی هەڕەشەی دیموگرافی و گۆڕانی باڵانسی هێز نایەوێت عەرەب زۆر لە خاکەکەیدا بێت، لە دانوستانیشدا مەبەستیان ڕێکەوتن بووە لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبیەکاندا لەسەر چارەنوسی ئەم دوشوێنە، ئەگینا بەهیچ جۆرێک ئامادەنەبوون تا (١٩٩٣) لەگەڵ لایەنی فەلەستینی ڕاستەوخۆ دانوستان بکەن، بەڵام دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ سەرئێشەی دیموگرافی چارەسەرێکی دۆزیوەتەوە: ناوچە داگیرکراوەکانی دوای (١٩٦٧)ی بە ئەمری واقیع لکاندوە بە ئیسرائیلەوە، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە ئامادە نییە تەواوی خاکە داگیرکراوەکە بلکێنێت بە ئیسرائیلەوە.

(ڤیرجینا تیلەی) پرۆفیسۆری زانستە سیاسیەکان لە وتارێکدا لە کتێبی "شکستی چارەسەری دوو دەوڵەتی، ٢٠١٣" کۆمەڵگا جولەکەنشینەکانی (کەنارەی خۆرئاوا) وەک گەورەترین لەمپەر لەبەردەم پرۆسەی ئاشتیدا دەبینێت. لە ئیسرائیلدا (کەنارەی خۆرئاوا) وەک دڵی ئیسرائیلی مێژوویی بە پێی گێڕانەوەکانی "کتێبی پیرۆز" دەبینرێت. لە (٧٠)کانی سەدەی ڕابردووەوە بە بەردەوام کۆمەڵگای جولەکە لەم ناوچانە نیشتەجێ دەبن (یان دەکرێن).

چەپە لیبرالەکانی ئیسرائیل و ڕەخنەگرە لیبرالەکان حەماسەت و توندڕەوی ئایینی بەهۆکاری ئەم پرۆسەیە دەزانن. لە بەرامبەردا (ڤیرجینا تیلەی) پێی وایە ئەم پرۆسەیە سیاسەتی قوڵی دەوڵەتی ئیسرائیلە بۆ لکاندنی دیفاکتۆی کەناری خۆرئاوا بە ئیسرائیلەوە و لە هەمانکاتدا خۆپاراستن لە لکاندنی یاسایی و ڕاگەیاندنی سەروەریی یاسایی بەسەر ئەم ناوچانەوە، بەم سیاسەتە ئیسرائیل خۆی لە هەڕەشەی گۆڕانی دیموگرافی ڕزگاردەکات.
گەر ئیسرائیل تەواوی کەناری خۆرئاوا و کەرتی غەزە بەڕەسمی بلکێنێت بە ئیسرائیلەوە ئەوا دەبێت ڕەگەزنامە و مافی هاوڵاتیی یەکسان بە تەواوی فەلەستینیەکان بدات، بەم شێوەیە ژمارەی جووە ئیسرائیلەکان کەم دەبێتەوە و جووەکان دەبن بە کەمینە، ئەمەش مۆتەکەی دەوڵەتی زایۆنیە؛ بۆیە شێوازێکی بەڕێوەبەریی خۆجێی بۆ فەلەستینیەکان دیاریکردوە کە زۆرێک بە بانتوستانی ئەفریقای باشوری سەردەمی ئەپارتایدی ناودەبەن.
(تیلەی) چەندین خاڵی هاوبەشی نێوان سیستەمی بانتوستان و ئەو جۆرە حوکمڕانیەی کە ئیسرائیل بۆ دەسەڵاتی فەلەستینی دیزاین کردبوو دەخاتە ڕوو لەوانە: سپاردنی کاروباری ناوخۆ و ئیدارەی ژیانی ڕۆژانە بە فەلەستینیەکان، بەڵام پرسی سنور، ئاو، ئاسایش، گەشەپێدانی ئابوری یان بە دەستی ئیسرائیل بوو بە تەواوەتی یان بە هاوبەشی بوو وە ئیسرائیل مافی ڤیتۆی هەبوو دەسەڵاتی فەلەستینی دەبوو هەموو سەرهەڵدانێکی ناوخۆیی سەرکوت کات، بەڵام بۆی نەبوو پەرە بە سیستەمی بەرگری خۆی بدات دژ بە هەڕەشەی دەوڵەتی ئیسرائیل؛ واتە ئیسرائیل دەیویست دەسەڵاتی فەلەستینی بکات بە پۆلیس بەسەر خەڵکی فەلەستینەوە. هەمان ڕەوش لە مامەڵەی ئەفریقای باشوور لە بانتوستاندا دەبینرێت.

لە دوای ڕێکەوتنامەی ئۆسلۆ لە (١٩٩٣) (ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین) کۆمەکی دارایی بەزۆریی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا وەردەگرت. ئەم دەوڵەتە ڕۆژئاوایانەش، لە پرۆسەی "دەوڵەتسازی"ی فەلەستیندا، پرسی ئاسایشی ئیسرائیلیان دەخستە پێش هەموو پرسەکانی دیکەوە: واتە سەرکەوتنی (فەتح) و دەسەڵاتی فەلەستینیان بەپێی توانای ئەم دەسەڵاتە لە پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل دەپێوا.
دەسەڵاتی فەلەستینی لەبری ئەوەی ئامادەبکرێت بۆ بوون بە دەوڵەت لە داهاتوو و دروستکردنی یان وەرگرتنی کۆدەنگی لەناوخۆدا، لە پێناوی پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلدا، کرابوو بە پۆلیسی ناوخۆ بەسەر خەڵکی فەلەستینەوە. ئەمەش یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە (فەتح) پێگەی جەماوەریی لەبەرامبەر (حەماس)دا لاوازبێت.

ئیسرائیل لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بەوە خۆی لە پرسەکە دەدزێتەوە کە گوایە نیشتەجێبونی جولەکەکان لە کەناری خۆرئاوا پەیوەندی بە دەوڵەتی ئیسرائیلەوە نییە و جولەکەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەوێ نیشتەجێدەبن و ئیسرائیل ناتوانێت ڕێگری لە ئازادیی هاتوچۆیان بکات، کەچی چەندین پڕۆژە و ڕێکاری یاسایی و ئەمنی گرتوەتەبەر بۆ ئاوێتەکردن و بەستنەوەی ئەم کۆمەڵگایانە بە ئیسرائیلەوە.
هەمان دەوڵەت کە باس لە ئازادیی هاتوچۆ دەکات چەندین یاسای قەرەقوشی داناوە بۆ دابڕاندنی ناوچە جیاوازەکانی فەلەستین لە یەکتری و ڕێگری لە ئازادیی هاتوچۆیان.
ئەوەی ئیسرائیل نایەوێت بیڵێت ئەم پرۆسەیە لە (کەنارەی خۆرئاوا) درێژەدانە بە هەمان پرۆسەی بە کۆلۆنیکردنی فەلەستین، کە جاران بە چاوپۆشی و بگرە یارمەتی ئینتیدابی بەریتانی، ئێستا بە "چاوپۆشی" و یارمەتی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی ئیسرائیل. حەماسەتی دینی و بیری ئاخرزەمانییش ئامرازێکی ئایدۆلۆژی و ستراتیژییە بۆ بەکۆلۆنیکردنی (کەنارەی خۆرئاوا).

دروستکردنی دەوڵەتێکی فەلەستینی خاوەن سەروەری لە ئەجێندای دەوڵەتی ئیسرائیلدا بوونی نەبووە و نییە. لە باشترین حاڵەتدا دەوڵەتۆچکەیەک کە هەم بێت بە پاسەوانی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل، هەم ئیسرائیل بپارێزێت لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بەرامبەر ناوچە داگیرکراو و گەمارۆدراوەکانی فەلەستین تا ئەو کاتەی (کەنارەی خۆرئاوا) بە تەواوەتی کۆلۆنیالیزە دەکرێت و ئیسرائیل لە هەڕەشەی دیموگرافی ڕزگاری دەبێت.
بۆیە ئەو دەوڵەتەی بڕیارە بۆ فەلەستینیەکان دروستبکرێت لە باشترین حاڵەتدا (٢٠٪) خاکی مێژوویی فەلەستینە، کە لە سێ ناوچە پێکدێت: (کەنارەی خۆرئاوا)، (کەرتی غەززە) و قودسی ڕۆژهەڵات. لەم (٢٠٪)یش کۆمەڵگا نیشتەجێکانی (کەنارەی خۆرئاوا) واقیعێکیان دروستکردوە کە لە داهاتودا (١١٪) خاکی مێژوویی فەلەستین دەکەوێتە دەست فەلەستینیەکان، ئەو (١١٪)یەش خاکێکی یەک پارچە نیە، بەڵکو ناوچەی دابڕێندراو لە یەک و گەمارۆدراوە لە لایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە و ئەرکەکانیشی ئەوە بوو کە لەسەرەوە باسکران.

فەلەستینیەکان لەبەرامبەر وەرگرتنی ئەم بستە خاکە پارچە پارچەکراوەدا دەبێت دەستبەرداری لە مافی - گەڕانەوەی ئاوارەکان، چارەنوسی قودس و بەڕێکردنی ژیانێکی ئاسایی لە زێدی خۆیاندا- ببن، دەبێت دان بەوەدابنێن کە دەوڵەتی ئیسرائیل دەوڵەتی جولەکەیە.
سەرەڕای ئەمانەش کێشەی ئیسرائیل تەنها لە گەڵ (کەنارەی خۆرئاوا) و (کەرتی غەززە)دا نییە، بەڵکو لەناوخۆی ئیسرائیلدا نزیکەی دوو ملیۆن فەلەستینی هەیە، کە (٣٠٪) دانیشتوانی ئیسرائیل پێک دەهێنن، ئەم فەلەستینیانە (١٩) ساڵ بە یاسای تەواری و حوکمی عەسکەری بەڕێوەدەبران، و دواتریش ئیسرائیل سیاسەتی ئەندازیاریی دیموگرافی بەرامبەر گرتنەبەر بۆ ڕێگرتن لە گەشەی سروشتیان.

لە بیری زایۆنیدا ئەم (٣٠٪)ە هەمیشە وەک هەڕەشەی دیموگرافی سەیردەکرێن و چەندین سیاسەتی جیاکاری و هەڵاواردنی ڕەگەزپەرستانەیان بەرامبەر ئەنجام دەدرێت. لە ڕابردوودا کاربەدەستانی ئیسرائیلی چەندین جار هەڕەشەیان لەم "عەرەبە ئیسرائیلی"یانە کردووە کە گەر دەوڵەتی ئیسرائیل وەک دەوڵەتی جوو قبوڵ نەکەن یا ڕایاندەگوێزن یان ڕەگەزنامەیان لێ وەردەگرنەوە.
بۆیە مەسەلەی دوو دەوڵەت نەک ناتوانێت ئەم بابەتە چارەسەر بکات، بەڵکو ئەگەری زۆر هەیە دەرپەڕاندنی دوو ملیۆن فەلەستینی دیکە بەدوی خۆیدا بێنێت، زۆرێک لە دانیشتوانی (کەرتی غەززە) و (کەنارەی خۆرئاوا)ش لە ڕاستیدا ئاوارەی ناوخۆیی و زۆربەیان دوو بۆ سێ جار ئاوارە بوون. ئیسرائیل لەسەر پاکتاوی ڕەگەزی، کۆلۆنیالیزم، جیاکاری و ئەپارتاید و هەڵاواردن دروست بووە.

دەرخستنی حەقیقەتی ئەم دەوڵەتە نامومکینی ڕێگاچارەی دوو دەوڵەتی ئاشکرا دەکات و لە هەمان کاتدا پەردە لەسەر ئەو حەقایەت و ئەفسانانە هەڵدەماڵێت کە زایۆنیزم بۆ کوشتنی -یادەوەری و کلتوور و ناسنامە و ژینگە و ئیرادەی سیاسی فەلەستینیەکان- دایتاشیون.
گەرچی زۆرکەس لە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندای ئیسرائیلیدا کێشەکان دەگەڕێننەوە بۆ داگیرکارییەکانی ئیسرائیل لە (١٩٦٧)دا بەڵام (ئیلان پاپێ) ڕیشەی کێشەکە دەگێڕێتەوە بۆ خەون و ستراتیجی زایۆنی و دواتریش سیاسەتی دەوڵەتی ئیسرائیل لە پاکتاوی ڕەگەزی، واتە کێشەکە هەر لەسەرەتاوە لە خەونی زایۆنیدا وەک پڕۆژەیەکی کۆلۆنیالی ئامادەیە و لە (١٩٦٧)وە دەستی پێ نەکردووە، بەڵکو لە (١٩٤٨)دا ئەم سیاسەتە دەگاتە لوتکەی لە پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزی.
(پاپێ) دەڵێت ئاشتی بە گۆڕینی جوگرافیا و دیموگرافیا بەدی نایەت، بەڵکو بە گۆڕینی ئایدۆلۆجیا و سیاسەت دێتە دی، (ئاڤی شلەیم) مێژوونوسێکی ئیسرائیلییە کە پێشتر تێڕوانینێکی زایۆنیانەی بۆ پرسەکە هەبوو، لە ئێستادا ئەویش پێی وایە چارەسەری دوو دەوڵەتی پێش ئەوەی لە دایک بێت لە گۆڕنراوە.

گرنگترین هۆکاریش بۆ بەرجەستەنەبوونی ئەم چارەسەرە، بەڕای (شلەیم)، پاکتاویی ڕەگەزی لە قودسی ڕۆژهەڵات و دروستکردنی کۆمەڵگای نیشتەجێیە (المجمعات الإستیطانیة) لە کەناری خۆرئاوا. (شلەیم) دەڵێت من پشتیوانی چارەسەری دوو دەوڵەتی بووم بە پێدانی (٧٨٪) بە ئیسرائیل و (٢٢٪) بە فەلەستین، بەڵام هەم (حزبی کار) و هەمیش (لیکود) خەونی ئاشتی و دوو دەوڵەتییان، بە درێژدان بە نیشتەجێکردنی جولەکە لە ناوچە داگیرکراوەکان، لە گۆڕنا.

دەڵێت چارەسەری دو دەوڵەتی ئیمکانی نەماوە و ئەوەی هەیە بە کانتۆن کردنی (کەنارەی خۆرئاوا)یە. هەروەک دەڵێت من گەشبین نیم بەرامبەر بە چارەسەری یەک دەوڵەتییش چونکە کەس نابینم لە ئیسرائیلدا پشتگیری بکات، بەڵام تاوانی جێبەجێنەکردنی ئەخەمە ئەستۆی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە کە هەموو هەوڵێکی ڕاستەقینەی بۆ ئاشتی لەباربرد.
(شلەیم) لە چاوپێکەوتنێکی دیکەدا لەگەڵ گۆڤاری (جاکۆبین) لە (٩)ی ئابی (٢٠٢٠) چارەسەری دوو دەوڵەتی بە ئەفسانە دەزانێت و دەڵێت ئەم چارەسەرە پێشتر لە لایەن ئیسرائیلەوە لەباربراوە. لە بەرامبەردا چارەسەری یەک دەوڵەتی بە شیاو و دیموکراتی دەزانێت و پێی وایە خەڵکی فەلەستین و ڕۆشنبیرانی پشتیوانی ئەم چارەسەرەن و دەڵێت من لە کورتخایەندا ڕەشبینم، بەڵام لە مەودای درێژخایەندا باشترین چارەسەرە.

لە جۆرناڵی ئیسرائیل - فەلەستین، ژمارە (٢٦) لە (٢٠٢١)، لە ژێر ناونیشانی چارەسەری دوو دەوڵەت، وەهم و واقیعدا دەڵێت: ئەگەر دەڵێن چارەسەری دوو دەوڵەتی مردووە، من دوورتر دەڕۆم و دەڵێم هەر لە دایک نەبووە، هۆکارەکەشی بەلای (شلەیم) ئەوەیە هیچ حکومەتێکی ئیسرائیل، بە ئیستیسنای ئۆلمەرت، ئامادەنەبووە دان بە دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستیندا بنێت کە لە کەنارەی خۆرئاوا) و (کەرتی غەززە) پێکبێت و پایتەختەکەشی قودسی ڕۆژهەڵات بێت. لە جۆرناڵی ئیسرائیل-فەلەستین لە (٢٠٢١) دەڵێت باشترین هیوا بۆ چارەسەری کێشەی سەد ساڵەی جولەکە و فەلەستینیەکان چارەسەری دوو دەوڵەتی و دابەشکردنی خاک نییە، بەڵکو دروستکردنی دەوڵەتێکی دیموکراتە لە ڕوبارەوە بۆ دەریا کە مافی یەکسان بە هەمو هاوڵاتییەکانی بدات بەبێ جیاوازی ئاینی و ئەتنی.

هەندێک کەس پێیان وایە ئەم تێڕوانینە بۆ پرسەکە، سەرەڕای پێشکەوتنخوازی، بەڵام وەک تێڕوانینی کەمینەیەکی چەپ و دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیر سەیردەکرێت و لە ئێستادا بەهۆی باڵادەستی گوتاری ڕاستڕەوی و نەتەوەپەرستی، نەیتوانیوە ببێت بە داواکاری جەماوەری لە ئیسرائیل و فەلەستین. هەم نەتەوەپەرستەکانی ئیسرائیل هەم فەلەستینیش بە گشتی چارەسەری یەک دەوڵەتی بە هەڕەشە دەزانن بۆسەر ناسنامەی فەلەستینی و ئیسرائیلی، یان بۆسەر ناسنامەی جوو و ناسنامەی عەرەبی یان موسوڵمانی فەلەستین. وەک هەمو نەتەوەپەرستێک دیانەوێت خەڵکی فەلەستینی بکەن بە قوربانی فەلەستین، یان هاوڵاتیانی ئیسرائیل بکەن بە قوربانی ناسنامەی جولەکەیی (لە ڕاستیدا زایۆنی)ی دەوڵەت.
لە ئێستادا کە سیاسەتی دەوڵەتی ئیسرائیل، هیچ بوارێکی بۆ دوو دەوڵەتی نەهێشتوەتەوە، پرسەکە لە نێوان یەک یان دوو دەوڵەتیدا نییە، بەڵکو لە سەر سروشتی ئەو یەک دەوڵەتەیە کە لەسەر خاکی مێژوویی فەلەستین دروستدەبێت:
ئایا درێژکراوەی هەمان دەوڵەتی زایۆنی ئێستا دەبێت لە سیاسەتی - داگیرکاری، پاکتاوی ڕەگەزی و بەکۆلۆنیکردنی فەلەستین و جینۆسایدی خەڵکەکەی؟ - ئایا هەمان سیاسەتی پاراستنی ناسنامەی (نیو) زایۆنیی دەوڵەت دەبێت و تەواوی هاوڵاتیانی فەلەستینی وەدەردەنێت یان دەیانکات بە هاوڵاتیی پلەدوو؟ ئایا وەک لە خەونی هەندێک نەتەوەپەرستی ڕەگەزپەرست و ئیسلامیستی ئەنتیسێمیتیدا دەبینین، بە دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەتنیی فەلەستینی و بە ناسنامە موسوڵمان و قڕکردن و تورداني جولەکە بۆ ناو دەریا یان بە "ناردنەوەیان بۆ ئەوروپا" (لە کاتێکدا نیوەی جولەکەی ئیسرائیل بە ڕەچەڵەک خەڵکی وڵاتە عەرەبییەکانن) کۆتایی دێت؟ یان دەوڵەتێک دەبێت کە مافی هەموو دانیشتوانی - لە ئیسرائیلی و فەلەستینی - دابینبکات بە بێ جیاوازی ئەتنی و ئاینی و چینایەتی؟
١٠-٩-٢٠٢٥

# دیموکراتەکانی ئەمریکا و چینی کرێکار
## دیدگای ڕەخنەیی مێژوونووس "لیلی گایزمەر"*

ڕزگار عومەر





مێژوونووس "لیلی گایزمەر" دەڵێت دابەزینی ڕێژەی دەنگدەرانی نێو چینی کرێکار بۆ دیموکراتەکان لە ئەمریکا خەتای لایەنی سێیەم یان شەڕە کولتووریەکان نییە بەڵکو خەتای ئەو پلاتفۆرم و فەلسەفەی ئابوورییە کە بۆ نزیکەی نیوسەدەیە دیموکراتەکان دەستیان پێوە گرتووە.
لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دیموکراتەکان لە "گرێبەستی نوێ" دوورکەوتنەوە کە پشتی بەستبوو بە دابەشکردنەوەی "چارەسەری بنەمادار بە بازاڕ"، ستراتیژییەک کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیموکراتەکان (DLC) کۆی دەکاتەوە.
سەرۆکایەتی بیل کلینتۆن ئەم وەرچەرخانەی بەهێزتر کرد: چاکسازی لە ئاسودەیی و ژیانی، بەرنامەکانی کارگە بچووکەکان و ڕێکخستنەوە هەموویان لەسەر ئەو باوەڕە بنیات نرا کە گەشەکردن لە بواری تەکنەلۆژیا، دارایی و بازرگانیدا "هەموو بەلەمەکان بەرز دەکاتەوە".
گایزمەر ئەمە بە پەلامارێکی کراوەی "ئابووریی چەقۆکێش" ناودەبات، پەلامارێک کە بەڵێنی دەرفەتی دەدا، بەڵام بە دەگمەن ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەهێنا یان دەیپاراست.
ئەو مێژو نووسە؛ جەخت لەوە دەکاتەوە کە کێشەکە ئەوەیە کە دیموکراتەکان بەردەوامن لە فرۆشتن و نیشاندانی دیدگا تەکنۆکراتییەکان کە شکست دەهێنن لە دابینکردنی پێداویستییە دەستبەجێیەکانی کرێکارانی ناجێگیر.
باراک ئۆباما و جۆ بایدن و کامالا هاریس هەموویان پشتیان بە سیاسەتی شارەزا و بەڵێنە درێژخایەنەکان بەستبوو، بەڵام بە دەگمەن وەریانگێڕا بۆ سوودی ڕاستەخۆ کە خەڵک بە تایبەتی چینی کرێکار هیچی لێ نەبینی. بۆ نموونە پەیامی "ئابووری دەرفەت"ی هاریس لە ساڵی ٢٠٢٤دا، دەنگدانەوەی هەمان گەشبینییەکانی سەردەمی کلینتۆن بوو، ئەم دۆخە لە کاتێکدایە کە ئەمریکییەکان ڕووبەڕووی هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی تێچووی خانووبەرە بوونەتەوە، بۆیە لە هەڵمەتەکانی هاریسدا؛ دەنگدەرانی چینی کرێکار و پەراوێزخراوەکان بێ "متمانە و دڵنیایی" مانەوە، ئەوان لە یەک ئەنجامگیری دڵنیابوون کەحیزبی دیموکرات لە دۆخی ئەوان هیچ تێنەگەیشتووە!
بەشێک لە شکستەکە لە تێڕوانینی بەسەرچووی دیموکراتەکاندایە بۆ "چینی کرێکار". بەشی زۆری سەرکردە سیاسییەکانی دیموکرات و ئەوانیتریش؛ هێشتا وا وێنای "چینی کرێکار" ئەمریکا دەکەن وەک بڵێی ئەم چینە تەنیا بریتییە لە "کرێکاری پیشەسازیی سپی پێست"، لە کاتێکدا چینی کرێکاری ئەمڕۆ زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە کە ژن و خەڵکی ڕەنگاوڕەنگ و کرێکاری ئابووری خزمەتگوزاری یان فرە کلتور بن. بۆ کرێکارێک لەم دۆخەدا کە گوێ لە گوتار و هەڵمەتەکانی دیموکراتەکان دەگرێت لەبارەی کارگێڕییەوە، هیچ هەنگاوێکیش نیشان نادەن بۆ چارەسەرکردنی چاودێری و بیمەی تەندروستی، چاودێری و بیمەی منداڵان، یان نائەمنی کار. ئەم پچڕانە بازنەکانی هەڵبژاردنی سەرەکی نامۆ کردووە و لە هەمان کاتدا ئەو تێڕوانینەی بەهێزتر کردووە لەنێو چینی کرێکاردا کە دیموکراتەکانیش پارتێکی نوخبەن!
هەروەها گایزمەر ڕەخنە لە پشتبەستنی دیموکراتەکان دەگرێت بە چەقبەستن لە دەوری یەک شوناس کە بریتییە لە " ئێمە کۆمارییەکان نین". لە کاتێکدا ڕەنگە دژایەتیکردنی توندڕەوی کۆنەپەرستانە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، بەڵام ناتوانێت هاوپەیمانییەک بپارێزێت. بەڵێنە بێدەنگەکانی ترەمپ بۆ کەمکردنەوەی تێچووی ژیان زیاتر لە ستراتیژییە پیشەسازییە ئاڵۆزەکانی دیموکراتەکان دەنگی دایەوە لە نێو چینە کۆمەڵایەتییەکانی خوارەوە، بەچاوپۆشین لە ماهیەتە پۆپۆلیستیەکانی ئەم گوتارە.
بەڵام گایزمەر وزە و ئومێد لە بزووتنەوە بنەڕەتییەکان و چەپێکی زیندوودا دەبینێت. کەسایەتییەکانی وەک بێرنی ساندەرز لە دەوری "دادپەروەری ئابووری" کۆبوونەتەوە و گەشەسەندنی سەندیکاسازی ئاماژەن بۆ ئەگەری نوێی دەرفەتەکان. بەڵام بۆ ئەوەی دیموکراتەکان پەیوەندییان بە دەنگدەرانەوە هەبێتەوە، دەبێت واز لە بەڵێنە ناڕوونەکانی "ئابوری دەرفەت" بهێنن و بەرنامەیەک لە باوەش بگرن کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دڵنیایی پێشکەش دەکات چەشنی خانووبەرەی گونجاو، چاودێری منداڵان، چاودێری تەندروستی و پاراستن بۆ کرێکاران و کارمەندانی کەرتەخزمەتگوزاریەکان.
سەرەتای ئەیلول/سێپتێمبەری ٢٠٢٥
ڕەخنەی گایزمەر لە کۆتاییدا هۆشدارییەکە: ئەگەر دیموکراتەکان نەتوانن دیدگای ئابووری خۆیان بنیات بنێنەوە، ئەوا مەترسی ئەوە دەکەن کە نارەزایی چینی کرێکاران بکەوێتە دەستی هێزە ڕاستڕەوەکان.

سەرچاوە:

Lewis, Dash. “Opportunity Knocked: Lily Geismer on the Democratic Party’s Failed Vision for the Working Class.” The Sun Magazine, no. 596, Aug. 2025.

* لیلی گایزمەر/ مامۆستای مێژووە لە کۆلێژی کلارمۆنت مەکێنا، پسپۆڕە لە "سیاسەتی سەدەی بیستەمی ئەمریکا و لیبرالیزم و نایەکسانی" بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی براون و دکتۆرای لە زانکۆی میشیگان وەرگرتووە. گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە "لۆمەمان مەکەن: لیبراڵەکانی دەرەوەی شار و گۆڕینی حیزبی دیموکرات" (٢٠١٥)، "لەدوای خۆیان بەجێمان: هەوڵی شکستی دیموکراتەکان بۆ چارەسەرکردنی نایەکسانی" (٢٠٢٢)، کە هەردووکیان لێکۆڵینەوە لەوە دەکەن کە چۆن دیموکراتەکان لە بنکەیەکی جەماوەریی چینی کرێکارەوە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە بوونەتەلایەنگری سیاسەتەکانی بازاڕی ئازاد. نووسینەکانی گایزمەر لە ڕۆژنامەکانی نیویۆرک تایمز، واشنتۆن پۆست، جاکۆبین و دیسێنت بڵاوبوونەتەوە.

ڕێوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# سەرەتایەک بۆ پرسی دووانەی سەرمایە و دەسەڵات لە کوردستان

## عومەر خەتات



### یەکەم:

پێنج ساڵ پێش ئێستا، واتە لە ساڵی (٢٠٢٠) (بەختیار عەلی)ی نووسەر بابەتێکی لە ژێر ناوی (چۆن ئەهریمەن لە دایک بوو؟) لە ڕۆژنامەی ئاوێنە بڵاو کردەوە. بەختیار لەو نووسینەدا بە ووردی چووە سەر ناساندنی تایبەتمەندییەکانی کەپیتاڵیزمی خۆرهەڵاتی و بە تایبەتتر کەپیتاڵیزمی کوردی کە لە ڕەوتی گەشەی خۆیدا چۆن "مرۆڤ"ی بۆ گرنگ نییە و لە بناغەدا بوونی ئەم جۆرە لە سەرمایە تەنیا لەسەر برسیکردنی مرۆڤەکان تا ئەوپەڕی دەتوانێت سەرمایە گەڵالە بکات.
باسەکەی بەختیار کرۆنۆلۆژیای گەشەی سەرمایەیە لە کوردستان لە ڕێگەی نوخبەی حزبەوە. ئەو لایوایە نوخبەی حزب کە ناوکەیەکی خێڵەکی و بنەماڵەیی هەیە، فۆرمێک لە کەپیتاڵیزم بنیات دەنێت کە ئەو ناوی دەبات بە سەرمایەداریی ڕۆژهەڵاتی، دڕندەترین جۆری کەپیتالیزمە کە زۆر لە کەپیتالیزمی ئەوروپی لە سەرەتاکانی گەشەیدا دڕندەترە. جەوهەری ئەم سیستمە ئەوەیە لە کاتی زۆرێتی و خۆشگوزەرانیدا کۆمەڵگا دەگۆڕێت بۆ ئامێرێکی ترسناکی بەرخۆریی، بۆ کۆمەڵگایەک لە مرۆڤی تێرنەخۆر و مەسرەفگەرا، لە کاتی کەمهێنان و قازانجکزیشدا بەشە زیادەکانی خۆی فڕێدەدا، برسیکردنی خەڵک و فەرامۆشکردنی ئینسانەکان بۆ چارەنوسی تاریکی خۆیان دەبێت بە خەسڵەتی سیستەم. بەختیار نوخبەی سەرمایەدار دەشوبهێنێت بە نوخبەیەکی فاشی.

### دووەم:

سێ ساڵ پێش ئێشتاش، هەستام بە تەرجومەکردنی ووتارێکی هاوڕێم "فلاح علوان" لە ژێر ناوی (ژن و پێکهاتە فیکرییەکانی کۆمەڵگە!) کە لە مانگی هەشتی هەمان ساڵدا واتە (٢٠٢٢) لە هەمان ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاوکرایەوە.
باسەکەی هاوڕێم فەلاح تێگەیشتنێکی تایبەتە لەسەر دۆخی ژن لە کۆمەڵگەی عێراقدا، فەلاح بە پێچەوانەی تێڕوانینی کلاسیکیی مارکسیستی کە چەوسانەوەی ژن دەبەستێتەوە بە ژێرخانەوە واتە بە بنەمای ئابووری کۆمەڵگەوە، ئەو ئەم تێڕوانینە پێچەوانە دەکاتەوە و دەریدەخات کە لە کۆمەڵگەی عێراق و ناوچەکەدا چەوسانەوەی ژن لە سەرخاندا گیری کردووە نەک ژێرخان. ئەم تێڕوانینە تایبەتەی فەلاح بۆ پەیوەندییەکانی نێوان سەرخان و ژێرخان نەک تەنیا لە مەسەلەی ژناندا، بەڵکو دەتوانرێت بۆ سترەکچەری سیاسی و کۆمەڵگەی عێراق و دەسەڵاتی بۆرژوازیش ڕاست بێت کە چۆن لە کۆمەڵگە وابەستەکاندا سەرخان ڕۆڵێکی گرنگتر دەبینێت تا ژێرخان بۆ پتەوکردنی پایەکانی دەسەڵاتی بۆرژوای و چەسپاندنی تەشریعات و یاساکان.

خاڵێکی گرنگی تری لێکدانەوەیەکەی فەلاح، تێڕوانینە بۆ پێکهاتە فیکرییە باوەکانی خێڵ و قەبیلە. پەیوەندییە تەقلیدییە کۆنەکانی سەردەمەکانی پێش سەرمایەداریی لای تێڕوانینی کلاسیکی ئەو پێکهاتانەن کە کۆن و دارزاوون و لەگەڵ گەشەی پیشەسازی و مۆدێرنەدا وون دەبن، بەڵام لە ڕاستیدا بەم شێوەیە نییە، وەک فەلاح دەڵێت ئەگەر پێکهاتە کۆنە فیکرییەکان ڕێگرێک نەبن بۆ گەشەی سەرمایە و قازانج ئەوا زۆر ئاسایی نەک هەر دەهێڵرێنەوە بەڵکو تارایەکی موقەدەسیشیان بەسەردا دەدرێت، عێراق و کوردستان بە نموونە.


بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان کۆمەڵگەیەکی سەرمایەدارییە، بەڵام هێشتا سەرخانی کۆمەڵگە، سەرخانێکی کۆنەپەرست و پڕە لە نەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی پێش سەرمایەداریی! پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە، چۆن دەتوانین ئەو میکانیزمە ئابووریانە بدۆزینەوە کە تێیدا سەرمایە لای خۆمان وەک کۆمەڵگەیەکی وابەستە کار دەکات؟ چۆن دەبێت پرۆسە ئابوورییە سەرمایەدارییەکان بەو زەبەلاحی و هەمانکات نەرمییەوە لە کۆمەڵگەی عێراق و کورستاندا کار بکەن، بەڵام سەرخانی کۆمەڵگە هی سەردەمی پێش سەرمایەداریی بێت؟ واتە سەرخانێکی خێڵەکی و عەشاییریی، تا سەرمۆخ کۆنەپەرستانە و سەرکوتگەر، کە نەک "مرۆڤ"ەکانی کۆمەڵگەی لا گرنگ نییە وەک بەختیار دەڵێت بەڵکو لەسەر برسی کردن و سەرکوتکردنی ئەوان دەتوانێت سەرمایە زەبەلاحەکەی کەڵەکە بکات!
هەردوو وتارەکەی بەختیار عەلی و فەلاح علوان دەبنە هەوێنی ئەم باسە کورتەی من لەسەر چۆنیەتی کارکردنی دوانەی کەپیتاڵیزم و سەرمایە لە کوردستان. ئەم باسە دەکرێت و گرنگە لە لایەن هەموو ئەوانەی بە شوێن گۆڕانی ڕیشەیی کۆمەڵگەوەن پەرەی پێبدرێت.
بەچەند پرسیارێکی سادە دەچینە ناو باسەکەوە: بۆچی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان لە کوردستان ناگەنە سەرئەنجام، مەبەست لە سەرەئەنجام نەتوانینی هێزی نارەزایەتییەکانە بۆ گۆڕینی دۆخێک. بۆچی سەرمایەدارانی کورد بێباک و بەرپرس نین لە ژیانی ڕەعیەتەکانیان، بۆچی یاسای کار و سەندیکا و نەقابەکان بوونیان نییە یان بوونێکی تەنیا ڕەمزییان هەیە و زیاتر لە خزمەتی دەسەڵاتدان؟ بۆچی قیبلەنومای خەباتی چینایەتی وەستاوە و کار ناکات؟ بۆچی هەست دەکەیت کۆمەڵگەی کوردی چووەتە دەرەوەی مێژوووەوە؟ بۆچی ناسیونالیزمی کورد زۆر توندوتیژ، سەرکوتگەر و فاشیانە مامەڵە دەکات لەگەڵ خەڵکدا، بۆچی کۆنەپەرستی خێڵەکی و ئایینی لە گەشە و بەدەستهێنانی هەژموونداییە و .. چەندەها پرسیاری تریش دەکرێت ڕیز بکرێن.
لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا، مارکس بە شیکردنەوەی پێکهاتەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، سەردەمی مێژوویی سەرمایەداری، بەم شێوەیە باس دەکات: "بۆرژوازی، بەبێ شۆڕشێکی بەردەوام لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بەبێ شۆڕش لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و لەگەڵ ئەوانیشدا تەواوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ناتوانێت بەردەوام بێت. بە پێچەوانەی ئەمە، پاراستنی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆن، بەبێ دەستکاریکردن، مەرجی سەرەکی مانەوەی هەموو چینە پیشەسازییەکانی پێشوو بووە. ئەم شۆڕشە بەردەوامە لە بەرهەمهێناندا، ئەم تێکچوونە بەردەوامەی هەموو دۆخە کۆمەڵایەتییەکان، دڵەڕاوکێ و جووڵەی هەمیشەیی، سەردەمی بۆرژوازی لە سەردەمەکانی پێشوو جیا دەکەنەوە. هەموو پەیوەندییە ڕەق و ژەنگاوییەکان، لەگەڵ هەموو چەمک و ئایدیا ڕێزدارە کۆنەکانی، هەڵدەوەشێنەوە؛ هەموو شتێکی نوێ پێش ئەوەی ڕەگ داکوتێت، کۆن دەبێت؛ دابەشبوونە چینایەتییەکانی ئێستا وەک تۆزی بەر بای لێدێت؛ هەموو شتێکی پیرۆز پیس دەکرێت؛ مرۆڤەکان لە کۆتاییدا ناچار دەبن بە چاوی کراوەوە لە بارودۆخی ژیانیان و پەیوەندییە هاوبەشەکانیان بڕوانن...".
بە پێی ئەم تەفسیرەی مارکس بۆ سەردەمی سەرمایەداری، کە پەیوەندییە کۆنەکانی پێش سەردەمی خۆی لە ناو دەبات، وە بەراوردکردنی بە سەردەمی ئێستا وا دەردەکەوێت کە ئەوەی لە کوردستان یان عێراق و ناوچەکە بە گشتی هەیە، ئەگەر هەڵە نەبێت، لانیکەم ناتەبایە. وا دیارە ئەم پرۆسەیە لە عێراق و کوردستاندا بە پێچەوانەوە گیراوەتەبەر.
گەشەی سەرمایەداری لە عێراقدا لە کۆتایی بیستەکانەوە لە ناو دڵی پەیوەندییە دەرەبەگایەتیەکانەوە هاتەدەر نەک بە دژایەتیکردن لەگەڵی! ئەوە ڕاستە کە سەرهەڵدانی کەرتی هەناردەکردن بووە هۆی هاندانی گەشەی فۆرمەکانی کاڵا-پارە لە ئابووری ناوخۆدا و ئەمەش بووە بنەمایەک بۆ پەرەپێدانی بەرهەمە سەرمایەدارییەکان، بەڵام ئەم پرۆسەیە لەڕێی بۆرژوازییەکی مشەخۆری وابەستە بە سەرمایەی دەرەوە چووە پێش و بووە هۆی گەشەکردن و دەوڵەمەندکردنی چینە کەمایەتییەکەی سەرەوە کە پێکهاتبوون لە خاوەن زەوییە گەورە و فیوداڵەکان کە لە سەرەک خێڵ و هۆزەکان پێکهاتبوون. بەشێکی زۆری سەرچاوەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایەی ناوخۆیی کەوتە دەستی ئەم چینە، سەرمایەی دەست ئەمانە بەکارنەهێنرا بۆ پەرەپێدانی بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوە، بەڵکو لە کاڵای لوکسدا خەرج کران. سەد ساڵ دواتر، ئێمە هەمان پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە عێراقی نوێ و کوردستاندا بەدی دەکەین. بە جیاوازییەکی بچووک ئەویش کەڵەکەبوونی سەرمایە لە دەست کەسایەتییەکانی سەرەوەی حزب و بنەماڵەکانیانەوە دەچێتەپێشەوە و پەیوەندییەکان و نەریتە کۆنەکانی سەردەمەکانی پێش سەرمایەدارییش بە یاسا کراوون. وا دیارە مێژوو لای ئێمە هەر تراژیدیا بەرهەم دەهێنێت.
کەواتە ئەم پرۆسەیە لای ئێمە نەک هەر نەبووە هۆی "توانەوەی تێڕوانینە کۆن و پیرۆزەکان"؛ نەک هەر "پیرۆزییەکانی" نەگۆڕی بۆ "ناپیرۆز"، بەڵکو ئێمە لە ئێستادا شاهیدی زەمەنێکین کە جوڵەی سەرمایە، قازانج و بزنس، هاتوچۆی کاڵا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وەک هەر کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری تر دەچێتە پێشەوە بەڵام سەرخانی کۆمەڵگە، یاساکان، دەزگای تەشریعی و تەنفیزی، "دەوڵەتی ئیمتیازات" و پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ تاکەکاندا هی سەردەمەکانی پێش سەرمایەدارییە.
ئایا تەفسیرەکەی مارکس بۆ دەرئەنجامەکانی ئەم گەشەیە هەڵە بوو یان سەردەمی سەرمایەی هاوچەرخ، بونیادەکانی "نەریت"ی لە بەرامبەر یاسا ماتریالیستەکانیاندا بەهێزتر کردووەتەوە؟ هەڵە نییە بۆ شیکردنەوەی ئەم خاڵە بە کورتیش بێت بچینەوە سەر ناساندنی سیماکانی سەرمایە لە سەرەتای گەشەی خۆیدا و جیاوازی ئەم گەشە سروشتییە بە بەراوورد لەگەڵ زەمەنی ئێستا کە زەمەنێکی ئیمپریالیستییە.
گۆڕانکارییەکانی سەرمایەداری لە قۆناغی سەرەتایی پێکهاتنیدا و لە وڵاتانی سەرچاوەی سەرمایەداریدا، بە شێوەیەکی سەرەکی و لە بنەڕەتدا لەناو سنووری نیشتیمانیدا چڕبووبوونەوە. چەسپاندنی سەرمایەداری و پەیوەندییە کاڵاییەکان لە ڕووی مێژوویییەوە لەم وڵاتانەدا لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای ململانێی چینایەتی و گەشەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان دامەزراوە. ئەم پرۆسەیە خود بە خود دەبێتە هۆی هاوسەنگییەکی ڕێژەیی لە نێوان پێشکەوتنی کەرتە جیاوازەکانی بەرهەمهێنان لە لایەک و تێکشکاندنی چینە کۆنەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و دامەزراوە و بەهاکانی لە لایەکی ترەوە. هەروەها هەژموونی چینێکی نوێ بەسەر پێکهاتە سیاسی-ئابووری-کۆمەڵایەتییەکاندا مسۆگەر دەکات.
ئەو پەرەگرافەی سەرەوەی مانیفێستی کۆمۆنیست، شیکارییەکی ئەو پرۆسەی گۆڕانکارییەیە کە پەیوەندییە کاڵاییەکان لە وڵاتانی سەرچاوەی سەرمایەداریدا بەدیدەهێنێت: واتە نە تەنیا گۆڕانی بەردەوامی هێزە بەرهەمهێنەرەکان، بەڵکو فەوتان و لە ناوچوونی ئەو بەهاو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەشی کە ڕۆحی جیهانەکەیان بەرەو ماتاوایی ملی دەنا و توانای بەرەنگاریی خۆیانیان لەدەست دابوو.
مرۆڤ لە سەردەمی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکاندا بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی فیودالی و پێشوتر، "سوژە"یکی ئازادە. پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کە لەسەر بنەمای گشتاندنی پەیوەندییە کاڵاییەکان (تا ئەو ڕادەیەی کە هێزی کار خۆی وەک کاڵایەک دەچێتە بازاڕەوە)، دەبنەهۆی نەهێشتنی ئیمتیازاتی نێوان تاکەکان و ناساندنیان وەک "کەسی یاسایی". لای مارکس یەکسانی یاسایی نێوان تاکەکان زەمینەیەکی لەبارە بۆ چەسپاندن و بەردەوامبوونی پەیوەندییە کاڵاییەکان، ستایشی مارکس لە مانیفێستدا بۆ ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی بۆرژوازی و هەروەها مەحکوم کردنیشی لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت.

"لە یاسای بۆرژوازیدا، هەر تاکێک سوژەیەکی یاساییە. "سوژە"بوون بۆ شتێک، یانی هەبوونی توانایەکی یاسایی دیاریکراو و لە سەرووی هەمووشیانەوە توانای خاوەندارێتی موڵک و توانای مامەڵەکردن پێی لە بازاڕی ئاڵوگۆڕدا. بۆیە "سوژەی یاسایی" خاوەنی موڵک و ماڵی خۆیەتی؛ بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دەبێت سەرەتا خاوەنی خۆی بێت، واتە خاوەنی ئیرادەی خۆی بێت؛ ئەمەش دەیکاتە خاوەنی ئیرادەی ئازاد. سوژەی یاسایی خاوەنی هەموو موڵک و ماڵی خۆیەتی و لە ڕێگەی گرێبەستێکی ئاڵوگۆڕی ئازادەوە لەگەڵ لایەنی سێیەم، نقلی دەکات"
"سوژەی یاسایی" ئازادە لە فرۆشتنی هەر شتێک کە هەیبێت (ئەگەر موڵک و ماڵی نەبێت، ئەوا هێزی کاری خۆی دەفرۆشێت) یان ئەگەر پارەی هەبێت، دەتوانێ بیکڕێت، بەڵام دەبێت وەک سوژەیەکی سەربەخۆ بەرپرسیارێتی کڕین و فرۆشتنەکەی لە ئەستۆ بگرێت. سوژە یاساییەکان کە زادەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریین، بە دوو تایبەتمەندی جەوهەری دەناسرێنەوە. یەکەم: ئازادن، دووەم: بەرامبەر بە یەک یەکسانن. مارکس ئازادی و یەکسانی لەم شوێنەدا بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە: ئازادی: "چونکە هەم کڕیار و هەم فرۆشیاری کاڵایەک، بۆ نموونە هێزی کار، تەنیا ملکەچی ئیرادەی ئازادی خۆیانن. وەک تاکی ئازاد، گرێبەست لەگەڵ یەکتر دەکەن و بەم پێیەش لەبەردەم یاسادا یەکسانن، گرێبەستەکەیان ئەنجامێکی ئازادە کە تێیدا ئیرادەی هاوبەشیان دەربڕینێکی یاسایی هاوبەش وەردەگرێت". یەکسانی یانی: «هەریەکەیان وەک خاوەندارێکی سادەی کاڵا، بە یەکسانی ئاڵوگۆڕی کاڵاکانیان دەکەن.»
لەم ڕوانگەیەوە، تەفسیرەکەی مارکس بۆ پێکهاتەی سەرمایەداری و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و یاساییانەی بە دوایدا دێت دروستە، بەڵام چەندە ئەم تەفسیرەی مارکس بۆ سەرهەڵدانی ئەم پەیوەندییانە لە ناوخۆی هەریەکێک لە وڵاتە سەرمایەدارییە ڕەسەنەکاندا لە ئەورووپا دروستە، ئەوا بۆ گەشەی سەرمایە و لە گەڵیشیدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتی-یاساییەکانی کۆمەڵگە وابەستەکاندا ناجۆر و تەنانەت لە سیمایدا هەڵە دەردەکەوێت.
کێشەکە لە کوێدایە؟ کێشەکە لە تەفسیرە بناغەییەکەی مارکسدا نییە کە بە ڕواڵەت هەڵە دەنوێنێت، بەڵکو لە خودی بونیادی سەرمایەداری ئەم زەمەنەدایە کە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە! سەردەمی سەرمایەداری و گەشەسەندنی بێ پچڕانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ڕەهەندێکی نوێ وەردەگرێت کە زیاتر پەیوەندی بە سنوری نیشتیمانییەوە نییە. لەگەڵ زیادبوونی گرنگیی سەرمایەی دارایی، پرۆسەی هەناردەکردنی سەرمایە لە سەدەی بیستەمدا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا فراوانتر بووەوە. وردە وردە گەشەی بەرهەمی گشتی نیشتمانی و زیادبوونی قازانجی سەرمایەی ناوخۆ وابەستە و گرێدراو بوو بە سەرمایەیەکی گەورەتر لە ئاستی جیهانیدا. کێبڕکێی سەخت لە نێوان سەرمایە گەورەکاندا لە شێوەی قۆرخکاریدا چڕتر بووەوە و لە ڕووی شوێنییەوە سنووری نیشتیمانی بەجێهێشت بۆ ئاستی نێودەوڵەتی. بۆیە پێکهاتە سەرمایەدارییەکان لە قۆناغی ئیمپریالیزمدا، کێبڕکێی توندی نێوان سەرمایەکانیان لەسەر دابەشکردن و دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکانی کاریگەریی لەسەر ئاستی جیهانی لێکدەکەوێتەوە. لینین لەو بارەوە دەڵێ: "ئەگەر بینیمان سەرمایەدارەکان جیهان دابەش دەکەن، ئەوە بە هۆی خراپەکاری تایبەتی خۆیانەوە نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە قۆناغی ئێستای چڕبوونەوەی سەرمایە ناچاریان دەکات بۆ بەدەستهێنانی قازانج ئەم ڕێگایە بگرنەبەر؛ لە هەمان کاتدا، جیهان "بە ئەندازەی سەرمایە"، "بە ئەندازەی هێز" دابەش دەکەنەوە، چونکە لە سیستەمی بەرهەمهێنانی کاڵا و سەرمایەداریدا ناتوانرێت ڕێگەیەکی دیکەی دابەشکردن هەبێت.
لەم سیاقەدا، دەبینین چۆن لێشاوی سەرمایەی گەورە بە مەبەستی دەرهێنانی کەرەستەی خاو، ئیستغلالکردنی هێزی کاری زەبەندە و هەرزان و ئیستغلالکردنی کۆمەڵێک ناوچەی بەرهەمهێنانی بەرز، بەرەو وڵاتانی باشووری جیهان (وابەستە) دەجوڵێت؛ سادەترین دەرئەنجامی ئەم سیاقە نوێیە ئەوەیە کە کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی چڕتر دەکاتەوە.
لە دۆخی وڵاتانی "وابەستە"دا، عێراق و کوردستان بە نموونە، گۆڕانی ئابووری و گۆڕانکاری لە پێکهاتەی چینایەتی ئەم وڵاتانەدا لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا لە بنەڕەتدا دەکەوێتە بەر کاریگەری سەرمایەی دەرەکییەوە، بە مانایەک گەشەی سەرمایە لەم وڵاتانە هەمان ڕەوتی گەشەی مێژوویی وڵاتانی باکووری جیهان ناگرنەبەر.
ئەگەر هەژموونی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان لە وڵاتانی باکووری جیهانیدا بەرهەمی سەدەکانی خەباتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی بۆرژوازی و کێشمەکێشی چینایەتی و پاشان بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و گۆڕینی پەیوەندی و بەها کۆمەڵایەتییەکان بووە؛ ئەوا وڵاتانی وابەستە، لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا، بەبێ ڕەتبوون بەم پرۆسەیەدا، دەخزێنە ناو پەیوەندییە ئابوورییە نایەکسانەکان و فەزایەکی سەرمایەدارییەوە. ئەمەش بەو مانایەیە کە بەرهەمهێنان و سەرمایە لەو کەرتانەدا چڕ دەبنەوە کە پێداویستییەکانی بازاڕی جیهانی دابین دەکەن (لای خۆمان نەوت وووزەکانی). سەرەڕای بوونی هەندێ پەیوەندی سەرمایەداری لەم وڵاتانە بەڵام پرۆسەی مێژوویی و ململانێی چینایەتی هاوتای ئەورووپای بە خۆیەوە نەبینیووە. هێشتا چینە کۆنەکان و لەگەڵیاندا بەها و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بەوانەوە بەهێزن. لە ئەنجامدا لە زۆر حاڵەتدا خاوەنی پشکە ناوخۆییەکانی ئەم کەرتانەی سەرمایەداری (سەرەک حزب و بنەماڵەکان) کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەرچاوە خاوەکاندا چڕبوونەتەوە، ئەندامی چینە کۆنەکانن.

هەڵپەی ئەم وڵاتانە بۆ ناو پێکهاتەی سەرمایەی جیهانی نەک هەر پێکهاتەی ئابووریی نایەکسان و ئاڵۆز دروست

بۆ ل١١

# لە ساڵیادی هیرۆشیما و ناگازاکیدا، هوشدارییەک لە مێژووەوە: "ئەمە ئەو شتەیە کە بەسەر ئێوەشدا دێت"



## ئەلەن مایەرز (Allen Myers)



هەشتا ساڵ لەمەوبەر (١٩٤٥-٢٠٢٥) حکومەتی ئەمریکا دوو بۆمبی ئەتۆمی تەقاندەوە بەسەر شارەکانی (هیرۆشیما) و (ناگازاکی) ژاپۆندا. دوو بۆمبی ئەتۆمی کە تا ئەو کاتە لە ڕابردوودا لە شەڕ دژی دانیشتوانی مەدەنی بەکارنەهێنرابوون. هەرگیز لە مێژووی مرۆڤایەتیدا شتێکی ئاوا لەئارادا نەبووە کە تاکە چەکێک ببێتە هۆی ئەو هەموو کوشتن و وێرانکارییە گەورەیە.
ڕاپۆرتێکی ئەندازیاران و زانایانی (پرۆژەی مانهاتن -ئەو پرۆژە ئەمریکییەی کە دوو بۆمبەکەی پەرەپێداوە)، بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی (١٩٤٦) لەسەر ئەو دوو شارە، مەزەندەی ئەو زیانانەی کردووە کە میلێک (١.٦ کیلۆمەتر) لە شوێنی تەقینەوەکە دوور بوون؛ کە جگە لە چەند پێکهاتەیەکی کۆنکرێتی زۆر بەهێز نەبێت، ئەوا زیاتر لە دوو لەسەر سێی (٩٠) هەزار خانووبەرە لە (هیرۆشیما) وێران بوون یان زیانێکی زۆریان پێگەیشتووە. لە شاری (ناگازاکی)ش، هەموو ئەو باڵەخانانە داڕووخابوون کە ئەستووری دیوارەکانیان (٢٥) سانتیمەتری کۆنکرێتی شیشڕێژکراو بووە و (٦٠٠) مەتر زیاتریش لە خاڵی تەقینەوەکە دوور بوون.

لە شاری (هیرۆشیما) بۆمبەکە لە کۆی (٣٣) بنکەی ئاگرکوژێنەوە (٢٦) وێستگەی تێکشکاند و سێ لەسەر چواری کارمەندەکانیان کوژران یان بە سەختی بریندارببوون. هەروەها لە کۆی (٢٤٠٠) پەرستار زیاتر لە (١٨٠٠) کەسیان کوژران یان بریندار بوون و لە کۆی (٢٩٨) پزیشکی تۆمارکراو تەنها (٣٠) پزیشک توانیویانە چارەسەری ڕزگاربووان بکەن. زۆرێک لەو کەسانەش کە سەرەتا لە مردن ڕزگاریان بوو بە زریان و گەردەلولی ئاگری دوای تەقینەوەکە سووتان و گیانیان لەدەستدا، یان لە ڕووبارەکاندا خنکان کاتێک هەوڵیان دەدا ڕابکەن لەدەست گەرمای زریانە ئاگرینەکە، یان بەهۆی کاریگەرییەکانی تیشکدانەوەی ئەتۆمی لە ماوەی چەند کاتژمێرێک یان چەند ڕۆژێکدا گیانیان لەدەستدا.

ڕاپۆرتەکەی (پرۆژەی مانهاتن) مەزەندەی کردووە کە (١٣٥) هەزار کەس لە (هیرۆشیما) بوونەتە قوربانی و گیانیان لەدەستداوە -کە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانەکەی بووە- لە (ناگازاکی)یش لە کۆی (١٩٥) هەزار کەسی دانیشتووانەکەی (٦٤) هەزاریان بوونە قوربانی. هەردوو ئامارەکەش کەمترن لەوەی کە لە واقعدا ڕوویداوە، چونکە دیلەکانی جەنگ و بیانییەکانی تێدا نەبووە، وەک هەزاران کرێکاری زۆرەملێی کۆری لەو دوو شارەدا.
ئەوانەش کە ڕزگاریان ببوو لە کاریگەرییە دەستبەجێیەکانی هەردوو تەقینەوەکە بەسەلامەتی نەمانەوە. دوای دوو ساڵ لە تەقینەوەکان، شێرپەنجەی خوێن لەنێو ئەو کەسانەدا کە ڕزگاریان ببوو بەشێوەیەکی بەرچاو زیادبوو، وە دوای چوار بۆ شەش ساڵیش بە ئەندازەیەکی یەکجارزۆر ڕێژەکەی بەرزبووەوە. منداڵان گەورەترین گروپی قوربانییەکان بوون.

هەرچەندە هێزی ئەو بۆمبانە بێ وێنە بوون، بەڵام کوشتووبڕی بەرفراوانی خەڵکی مەدەنی شتێکی نوێ نەبوو. هەموو زلهێزە گەورەکانی بەشدار لە جەنگی جیهانی دووەمدا هێرشی ئەنقەستیان کردۆتە سەر خەڵکی مەدەنی یان هاوکاریان کردووە لەو هێرشانەدا: لە پەلاماردانی (نانکینگ) لەلایەن ژاپۆنەوە لە ساڵانی (١٩٣٧-١٩٣٨)، تا (٣٠٠) هزار هاوڵاتی مەدەنی چینی و سەربازی بێچەک کوژران؛ هێرشی ئاسمانی ئەڵمانیا بۆ سەر بەریتانیا نزیکەی (٤٣) هەزار کەسی کوشت؛ بۆردومانی ئاگرین لە شاری (درێسدن)ی ئەڵمانیا لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیاوە لە (٩٠٪)ی ناوەندی شارەکەی وێران کرد و لانیکەم (٢٥) هەزار کەسی کوشت، کە زۆربەیان بەهۆی خنکانەوە گیانیان لەدەستدا، چونکە ئاگرەکە هەموو ئۆکسجینی ئەو ناوەی بەکاربرد؛ وە چەندین نموونەی دیکەش هەن لە ڕەشەکوژی خەڵکی سڤیل.

چینە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتانی شەڕکەر لایان وابوو (هەر کۆمەڵکوژییەک ئەنجام بدەن ڕەوایە)، بۆیە ئەم هەستە ئەخلاقییە دەرفەت و متمانەی بە فەرمانڕەوایانی ئەمریکا بەخشی تا لەڕێگەی باڵادەستی تەکنۆلۆژی و ڕەوتی شەڕەکەوە بتوانن ڕزگاریان بێت لەدەست لێپرسینەوە و سزادان لە بەرامبەر ئەنجامدانی گەورەترین دڕندەییدا. لە ساڵی کۆتایی شەڕەکەدا (١٩٤٥)، هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی سیستماتیکی (تۆکیۆ)یان وێران کرد، بەتایبەت ژمارەیەکی زۆر لەو خانووانەیان کردە ئامانج کە ماتریاڵەکەیان بەئاسانی گڕیدەگرت، ئەمەش بە مەبەستی هەڵگیرسانی ئاگری گەورە لە شارەکەدا. هەر لە (١٠)ی ئازار/مارسی (١٩٤٥)دا نزیکەی (٢٧٩) فڕۆکەی بۆمبهاوێژی ئەمریکی زۆربەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی تۆکیۆیان بۆردومان کرد و (٩٠) بۆ (١٠٠) هەزار کەسیان کوشت و ملیۆنێک کەسیش ئاوارەبوون؛ ئەم وێرانکارییەی (تۆکیۆ) لە وێرانکارییەکانی (هیرۆشیما) و (ناگازاکی) گەورەتر بوو.
ڕاستە بۆمبە ئەتۆمییەکان "کاریگەرتر" بوون لە هێرشە ئاسمانییەکانی پێشوو: لە هێرشەکەی (١٠)ی ئازاردا بۆ سەر (تۆکیۆ)، (١٤) فڕۆکەی ئەمریکی خرانە خوارەوە، بەڵام مەبەستی بەکارهێنانی ئەو بۆمبە ئەتۆمیانە زیاتر بڕیارێکی ستراتیژی بوو دژ بە (یەکێتی سۆڤیەت)، هەروەک (نیلسۆن ماندێلا)، سەرۆکی ئەفریقای باشوور لە ساڵی (٢٠٠٣)دا بە کورتی و بە پوختی خستیەڕوو، وتی: "٥٧ ساڵ لەمەوبەر (١٩٤٥-٢٠٠٣)، کاتێک ژاپۆن لە هەموو بەرەکاندا پاشەکشەی دەکرد، ئەمریکا بڕیاریدا بۆمبی ئەتۆمی بکێشێ بەسەر (هیرۆشیما) و (ناگازاکی)دا، کە خەڵکانێکی زۆری بێتاوانی کوشت و زۆرێکیش هەتا ئێستا هەر بەدەست کاریگەرییەکانی ئەو بۆمبانەوە ئازار دەچێژن. ئەو بۆمبانە ئاراستەی دژایەتی ژاپۆنییەکان نەبوون، بەڵکو ئاراستەکرابوون دژ بە یەکێتی سۆڤیەت، بۆ ئەوەی پێیان بڵێ: "سەیرکەن، ئەمە ئەو هێزەیە کە ئێمە هەمانە. جا ئەگەر دەوێرن دژایەتی ئەو کارە بکەن کە ئێمە پێی هەڵدەستین، ئەوا ئەمەش بەسەر ئێوەدا دێت".
پێشبینی شەڕی داهاتووی نێوان "هاوپەیمانان" لەو یاداشتەدا دیار بوو کە بۆ فڕۆکەوانە بەریتانییەکان دەرچوو بوو لە شەوی هێرشەکەدا بۆ سەر (درێسدن) کە تێیدا هاتبوو:
"ئامانج لەو هێرشە لێدانی دوژمنێکە لە هەستیارترین خاڵدا، لەپشت بەرەیەکی شەڕەوە کە خەریکە دادەڕووخێت، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت شارەکە بۆ پێشڕەوی زیاتر بەکاربهێنرێت لە لایەن ڕووسەکانەوە و نیشانیشیان بدات، کاتێک دەگەنە ئەوێ، ببینن کە فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانمان دەتوانێت چ کارەساتێک بخوڵقێنێت!".

کاتێک یەکێتی سۆڤیەت یەکەم بۆمبی ئەتۆمی خۆی لە مانگی ئاب/ئۆگۆستی (١٩٤٩)دا تاقیکردەوە، زۆر زووتر لەوەی ئەمریکا پێشبینیی دەکرد، ئیتر ئەمریکا بە خێرایی درکی بەوەکرد کە پێویستە "باڵادەستی" خۆی بهێڵێتەوە لە بەرامبەر ڕکابەرەکانیدا و هەنگاوی جددی دەستپێکرد بۆ پەرەپێدانی بۆمبی هایدرۆجینی خاوەن گەرمی ئەتۆمی لە ئەندازەبەدەر [قنبلة حرارية نووية. (Thermonuclear-Hydrogen-bomb)].
توێژینەوەیەک لەسەر توانای دروستکردنی بۆمبێکی ئاوەها و باشی و خراپی پرۆژەیەکی ئاوەها، بە سەرۆکایەتی (ڕۆبەرت ئۆپنهایمەر)، زانای فیزیایی کە سەرۆکی تاقیگەی (لۆس ئەلامۆس)ی (پرۆژەی مانهاتن) بوو، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە "ئەو مەترسییە گەورەی کە پرۆژەیەکی ئاوا لەسەر مرۆڤایەتی هەیەتی، زۆر زیاترە لە هەموو سوودێکی سەربازی".

بەڵام هەڕەشەی گەورە بۆ سەر مرۆڤایەتی بایەخێکی کەمتری هەبوو لەچاو پێداویستییە سەربازییەکانی ئیمپریالیزم، بۆیە (هاری ترومان) سەرۆکی ئەمریکا لە مانگی یەکی ساڵی (١٩٥٠) ڕەزامەندی لەسەر پەرەپێدانی (بۆمبی هایدرۆجینی) دا. یەکەم بۆمبی خاوەن گەرمی ئەتۆمی لە ئەندازەبەدەر لە (١ی تشرینی دووەم/ نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٥٢)دا تاقیکرایەوە کە هێزەکەی (٤٥٠) هێندە زیاتر بوو لە بۆمبەکەی (ناگازاکی)، چونکە هێزی تەقینەوەکەی (١٥) میگاتۆن لە مادەی (تی.ئێن.

بۆ ل٤

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ڕەوت سەبارەت بە دیاریکردنی لانی کەمی کرێ لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە

**بەبۆنەی دیاری کردنی لانی کەمی کرێ، لەلایەن (وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) هەرێم، لە مانگی ئابی ئەمساڵدا (٢٠٢٥)، ڕۆژنامەی (ڕەوت) هەڵساوە بە چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند هەڵسوڕاوێک لە بواری مەسەلەی کرێکاریدا، لە ڕێگەی هاوڕێ (نەوزاد بابانەوە) کە خۆشی بەشدارە لەم چاوپێکەوتنەدا.**
**کێشمەکێشی کرێکاران لەسەر هەلومەرجی فرۆشتنی هێزی کار و لانی کەمی کرێ، ڕوویەکی گرنگی خەباتیانە لە بەرامبەر سەرمایەداران و حکومەتی هەرێم، چ وەک سەرمایەدار لە کەرتی گشتی و چ وەک نوێنەری گشت سەرمایەی کۆمەڵایەتی.**
**برگە و بەند و خاڵەکانی یاسای کار و گرێبەستە دەستەجەمعیەکان و پەیمان و قەراردادی فەردی نێوان سەرمایەدار و کرێکار، لە بازنەی ئەم کڕین و فرۆشتنەدایە، کە ئاستی ژیان و گوزەرانی زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە، واتا چینی کرێکار و ڕەنجدەر دیاری دەکات.**
**لەم پێشەکییەوە دەمانەوێت ئەم بابەتە لەگەڵ بەڕێزان (نەوزاد بابان، ڕزگار بابان و عوسمان زیندانی) تاوتوێ بکەین.**



نەوزاد بابان:

- لانی کەمی کرێ بەپێی گرانی و هەڵاوسانی دارایی ئێستا، نابێت مانگانە لە ملوێنێک دینار و ڕۆژانەش لە (٣٥) هەزار کەمتر بێت .
- ئەگەر وشیاری چینایەتی بەرجەستەبوو ئەوا کرێکاران خۆیان ڕێکخراو دەکەن، بۆ خواست و داواکانیان دێنە مەیدان، پاشەکشە بەدەسەڵات و خاوەن کار و کۆپانیا دەکەن.
- بۆ بەدەست هێنانی تەواوی خواست و مافەکانی کرێکاران تەنها زامن ڕێکخراوبونیانە.

<u>**ڕەوت: لە سەرەتای مانگی ئابی ئەمساڵدا، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کرێی مانگانەی کرێکاریان بە (٤٥٠) هەزار دینار و هی ڕۆژانەش بەلانی کەم (١٥) هەزار بۆ کرێکاری ناکارامە دیاریکرد، تۆ وەڵامت چی یە؟ ئایا پێتوانییە یەکجار کەمە؟**</u>

نەوزادبابان: سەرەتا ئەوە بڵێم کە نارەزایەتی کرێکاران سەبارەت بە کەمی کرێ و حەقدەستەکان بەردەوام لە ئارادا بووە و لێرەو لەوێش فشارێک هەبووە لەلایەن سەندیکا و ڕێکخراوەکان بۆ زیاتر کردنی لایەنی کەمی کرێ. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم کە لانی کەمی کرێی بە (١٥) هەزاری دیناری ڕۆژانە، یا (٤٥٠) هەزار دیناری مانگانە بۆ کرێکاری ناکارامە دیاری کردووە، هەر زۆر کەمترە لە خواست و چاوەڕوانییەکانی کرێکاران.
ئەم بڕە پارەیە نەک هەر بەشی کرێکارێک ناکات کە خێزاندار و کرێنشین بێت، منالی خوێندکاری هەبێت وەیا لە ماڵەوە ئەندامێکی خێزانەکەیان نەخۆش بێت، بەڵکو تەنانەت یەک مرۆڤی زگورتیش بەوبڕە پارەیە ناتوانێ ژیانێکی شایستە بژێت و پێداویستییەکانی خۆی پێ دابین بکات.
لانی کەمی کرێ لەچاو ئەو بێ ڕەحمیەی بازاڕ و ئەو هەڵاوسانە دارایەی کە ئێستا هەیە، نابێت مانگانە لە ملوێنێک دینار کەمتر بێت، وە حەقدەستی ڕۆژانەش نابێ لە (٣٥) هەزار دینار کەمتر بێت. ئەمە جگە لەوەی هەتا ئەم یاسایەش وەک یاساکانی تر پا لەهەوا دەبێت خاوەن کۆمپانیا و خاوەن کارەکان بەگشتی هیچ بەها و ئەرزشێک بۆ ئەم یاسایە دانانێن، و کرێی لەوە کەمتر دەدەن بە کرێکار، چونکە هیچ چاودێری و لێپرسینەوەیەک نیە بۆ ئەم یاسایە و یاساکانی تریش.

<u>**ڕەوت: هەڵسوڕاوانی کرێکاری و تۆڕ و گروپە کرێکارییەکان چۆن دەتوانن خەباتی کرێکاران ئاراستەی بەرزکردنەوەی هەقدەستەکانیان و باشترکردنی هەلومەرجی کاربکەن؟ ئایا ئێوە چەند پێشنیار دەکەن بۆ هەقدەست؟**</u>

نەوزادبابان: ڕۆشنە دەبێت کرێکاران بۆ تەواوی خواست و داواکانیان سەندیکای سەربەخۆ و ڕێکخراوی سەبەخۆی خۆیان دروست بکەن، لە هەر کوێیەکی دنیا ئەگەر وشیاری چینایەتی بەرجەستەبوو ئەوا کرێکاران خۆیان ڕێکخراو دەکەن لە بەرام خواست و داواکانیان دێنە مەیدان پاشەکشە بەدەسەڵات و خاوەن کۆپانیاکان و خاوەن کار دەکەن.لەگەڵ ئەوەشدا
موچە هەمیشە دەبێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و شتومەکەکانی بازاردا زیاد بێت، ئەو کرێ و حەقدەستی ڕۆژانەیە کە حکومەتی هەرێم دیاریکردووە نەک لەگەڵ ئەم بارودۆخەی بازاڕدا نایەتەوە، بەڵکو هەتا کە نرخەکان لە بازاڕیشدا وەک خۆیان بمێننەوە و بەرزیش نەبنەوە هەر لە ئاستی بژێوی تاکێکی کرێکاریشدا نیە.
لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم لەوە کردووە کە نابێت کرێ و مووچەی مانگانەی کرێکار لە ملیۆنێک کەمتر بێت و ڕۆژانەش لە (٣٥) هەزار دینار کەمتر نەبێت.

<u>**ڕەوت: یاساکانی کار، ئایا کێ بەرپرسە لە پرۆسەی چاودێریکردن و ڕەقابەت بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت؟ وەک دەزانین یاساکان لە بواری ئازادی ڕۆژنامەگەری و مافەکانی منالاندا، دوو یاسان لەئاستی نەبوندا، ئایا ئێوە پێتان وانییە، یاساکانی کاریش بەهەمان دەرد و فەرامۆشی دەچن ئەگەر کرێکاران خۆیان لەسەر مافەکانیان کە لە یاساکاندا هاتوون خەباتی بەردەوامی بۆ نەکەن؟**</u>

نەوزادبابان: من لێرەدا نامەوێ بچمە سەر وردەکاری خاڵ بەخاڵی یاساکانی کار، ڕاستە لێرەو لەوێ خاڵی باشی تێدایە، بەڵام کێشەکە لەوێدایە هیچیان ناچنە بواری جێبەجێکردنەوە هەمیشە دەوڵەت و دەسەڵاتداران و کۆمپانیاکانی سەربەخۆیان چۆنیان ویستبێت بەقازانجی خۆیان کرێکارانیان ڕووتاندۆتەوە.
وە هەر وەک چۆن یاسا لە تەواوی بوارەکانی تردا بووکەشوشەیەکە بەدەست دەسەڵاتەوە لە یاسای کاریشدا بەهەمان شێوەیە، نمونە زۆرن، لەوانە بەگوێرەی یاسا بێت دەبێت کرێکارانی کەرتی تایبەت دەستەبەری کۆمەڵایەتی (زەمان) بکرێن، بەڵام خاوەن کارەکان بەشەرتی ئەوە کرێکار وەردەگرن کە داوای زەمان نەکات. کرێکارانیش لە نەبوونی هەلی کار و بێ دەرامەتی بەناچاری بۆ پەیداکردنی نان مەجبوورن مل بدەن بەهەرداوەیەکی خاوەن کار کە بیەوێت.
وە زۆرێک لە مارکێت و مۆڵەکان تەنها کرێکاری ژن وەر دەگرن ئەویش بەکرێیەکی کەم، جگە لە هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی پێیان. یەکێک لە پێشێلکاریەکانی تر ئێستا کە دیاردەیەکی زۆر قێزەون و بەرچاوە بەناوی "تێست"ەوە کرێکار بۆماوە دوو حەفتە دەیان ڕوتێننەوە دواتر بەبیانوی ئەوەی لە تێست دەرنەچون دەریان دەکەن، یان کرێکاری بیانی وێڕای هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی پێیان، پاسپۆرتەکەشیان بەبارمتەدەگرن وە بە کرێیەکی کەم دەیان چەوسێننەوە و کاری زۆر قورسیان پێ دەکەن زۆرجار پارەی دەست حەقی کاریان نادەنێ.

ئەم پێشێل کاریە کە مشتێک لە خەرمانێکی ئەو پێشێل کاریانەیە کە ڕووبەڕووی کرێکار دەبێتەوە، ئەمە ئەوە بەئێمە دەڵێت کە خاوەن کۆمپانیاکان و سەرمایەدارە گەورەکانی ئەم هەرێمە هاوبەش و هاوبەرژەوندی خوازن لەڕوتانەوەی کرێکاران، بۆیە تەنها ڕێگە لەبەردەم کرێکارانی تەواوی ناوەندەکانی کار خۆڕێکخراو بوونیانە لەچوارچێوەی ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیان وە نابێت هیچ ئاسۆ ئامانجێک ببەستنەوە بەو سەندیکا و نقابانەی کەسەر بەدەسەڵاتن.



ڕزگار بابان: جێگری سەرۆکی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی پارێزگای کەرکوک

- هۆشیاری و خۆ ڕێکخستن و خەبات و تێکۆشانی بوێرانەی کرێکاران، مەرجی گەیشتنە بە مافە ڕەواکانیان.
- بە بۆچوونی من لە ئێستا دا هەق دەستی ڕۆژانەی کرێکاری نا کارامە تاوانە لە (٣٠٠٠٠) سی هەزار کەمتر بێت.

<u>**ڕەوت: سوپاس کە کاتتان بەخشی بە ڕۆژنامەی "ڕەوت" بۆ ئەم گفتوگۆیە. لەسەرەتای مانگی ئابی ئەمساڵدا، (وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) کرێ یا مووچەی مانگانەی کرێکاریان بە (٤٥٠) هەزار دینار و هی ڕۆژانەش بەلانی کەم (١٥) هەزار بۆ کرێکاری ناکارامە دیاریکرد، تۆ وەڵامت چی یە؟ ئایا پێتوانییە یەکجار کەمە؟**</u>

ڕزگار بابان: سەرەتا منیش بە خێرهاتنی ئێوە دەکەم و سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە. بە بەراورد بە بازار و نرخی کاڵا و پێداویستیەکانی ڕۆژانەی ژیان، بێ گومان ئەو کرێ و مووچەیە هەر زۆر کەمە بۆ کرێکار. نەک هەر ئەوە بەڵکو هەتا لە سایەی حکومەتی بێ بەرنامە و بێ ستراتیژدا، بڕیارەکان لە مەرەکەبی سەر کاغەز زیاتر نیین و بە دڵنیاییشەوە دەتوانم بڵێم لە چەندین دامودەزگای حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادیدا بە هەزاران کرێکار هەن کە کار دەکەن و زۆر کەمتریش وەردەگرن لەو بڕە کرێ و داهاتەی کە ئەو دوو حکومەتە دیاریان کردوە، وە ئێستا چەندین دۆسێ (مەلەف) لەو بارەیەوە لە دادگاکانی کاری ئیتیحادیدا هەن و خۆڵیان لەسەر نیشتووە!

<u>**ڕەوت: هەڵسوڕاوانی کرێکاری و تۆڕ و گروپە کرێکارییەکان چۆن دەتوانن خەباتی کرێکاران ئاراستەی بەرزکردنەوەی هەقدەستەکانیان و باشترکردنی هەلومەرجی کاربکەن؟ ئایا ئێوە چەند پێشنیار دەکەن بۆ هەقدەست؟**</u>

ڕزگار بابان: هۆشیاری بە ئەرک و ماف و خۆ ڕێکخستن و خەبات و تێکۆشانی بوێرانەی کرێکاران، مەرجی گەیشتنە بە مافە ڕەواکانیان. هەقدەست یاخود کرێ، ڕۆژانە بێت یاخود مانگانە دەبێت ژیان و ژینێکی بەکەرامەت بۆ مرۆڤی کرێکار دەستەبەر بکات، بەشی سەرجەم پێداویستیەکانی ژیانی خۆیی و خێزانەکەی بکات. بە بۆچوونی من لە ئێستا دا هەق دەستی ڕۆژانەی کرێکاری نا کارامە تاوانە لە (٣٠٠٠٠) سی هەزار کەمتر بێت.

<u>**ڕەوت: ئایا کێ بەرپرسە لە پرۆسەی چاودێریکردن و ڕەقابەت لەسەر یاساکانی کار، بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێن؟ وەک دەزانین یاساکان لە بواری ئازادی ڕۆژنامەگەری و مافەکانی منالاندا، دوو یاسان لە ئاستی نەبوندا، ئایا ئێوە پێتان وانییە، یاساکانی کاریش بەهەمان دەرد و فەرامۆشی دەچن ئەگەر کرێکاران خۆیان لەسەر مافەکانیان کە لە یاساکاندا هاتوون خەباتی بەردەوامی بۆ نەکەن؟**</u>

ڕزگار بابان: یاساکان خۆیان پەیمانێکی کۆمەڵایەتین و پابەند بوون پێوەیان و جێبەجێ کردنیان نەک هەر ئەرکێکی یاسایی بگرە ویژدانی و ئەخلاقیشە، بەڵام بە پێی شێوازی سیستمە سیاسیەکان و ئاستی هۆشیاری و ڕێکخراوبوونی کرێکاران و هۆشمەندی کۆمەڵگەکان ئاستی جێبەجێ کردنیان دەگۆڕێت.
ئەگەر گوزەرێک بە مێژوی بزووتنەوەی کریکارانی عێراقدا بکەین دەبینین لە ساڵی (١٩٣٤) تا ئێستا پێنج (٥) یاسای کار دەرچووە و کۆتا یاسا، یاسای ژمارە (٣٧) ی ساڵی (٢٠١٥)یە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا کار بە یاسای کاری ژمارە (٧١)ی ساڵی (١٩٨٧)ی عێراقی دەکەن. هەروەها عێراق توانی یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران، ژمارە (١٨) لە ساڵی (٢٠٢٣)دا، دەر بکات.
هەردوو یاسای ناوو براو لە ناوەڕۆکیاندا هەڵگری کۆمەڵێک مادده و بڕگە و بەندی باشن بۆ کرێکاران ئەگەر بە ڕاستی و بە تەواوی جێبەجێ بکرێن.
بۆ جێبەجێ کردنی یاسای کار و یاسای بیمە و دەستەبەری کرێکاران، هۆشیاری کرێکاران و بەهێزی و شارەزایی ڕێکخراوەکانیان ڕۆڵی بنەڕەتی دەبینن لە دەستەبەر کردنی یاساکان و جێبەجێ کردنیان، هەروەها پێویستە لایەنی حکومەت وەک لایەنی جیبەجێکار ڕۆڵی تەواوی خۆی ببینێت لە ڕێی تیمەکانی پشکنینی کار و کارگەکانەوە، بە مەبەستی جێبەجێکردنی یاساکانی کار و بیمەی کرێکاران.



عوسمان زیندانی: سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی بیناسازی سلێمانی

- ئەگەر کرێکاران خۆیان بەشێوەیەکی کارا نەجوڵێن و کار نەکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان ئەوا ئاسان نییە یاساکان جێبەجێ ببێت.
- لە چواچێوەی سیستەمی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستاندا، بەرژەوەندیی خاوەنکار و حکومەت یەک دەگرێتەوە.

<u>**ڕەوت: سوپاس کە کاتتان بەخشی بە ڕۆژنامەی "ڕەوت" بۆ سازدانی ئەم گفتوگۆیە. لەسەرەتای مانگی ئابی ئەمساڵدا، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کرێی مانگانەی کرێکاریان بە (٤٥٠) هەزار دینار و هی ڕۆژانەش بەلانی کەم (١٥) هەزار بۆ کرێکاری ناکارامە دیاریکرد، تۆ وەڵامت چییە؟ ئایا پێتوانییە یەکجار کەمە؟**</u>

عوسمان زیندانی: سڵاو و ڕێز و سوپاس بۆ ڕۆژنامە (ڕەوت) بۆ گرنگیدانتان بەم بابەتە کە پەیوەستە بە پرۆسەی کار و ژیان و مافێکی سەرەکی کرێکارانەوە.
لایەنی کەمی کرێ بۆ کرێکاری ( ناکارا) کە پێی دەوترێت (غیر ماهر)، سەرەتا دەمویت ئەوە بڵێم. ئەو دەستەواژەیە هەڵەیە و نەگونجاوە لەگەڵ کرێکاردا چونکە هەرکەسێک کەکار دەکات جا لە هەچ بوارێکدا بێت لە کارەکەیدا توانا و ووزەی (بیر و بازووی) خۆی تەرخاندەکات بۆ ئەنجامدانی کارەکەی بۆیە پێویستە ئەو داتایە لە یاسا و ڕێنمایەکاندا بگۆڕێت، چونکە هەموو کرێکارێک ( کارا )یە.
بزوتنەوەی کرێکاری بەهەموو بەشەکانیەوە دەتوانن سود وەرگرن لە یاسا و ڕێنمایەکان، چونکە یاسا ئەرکی خستۆتە سەر حکومەت کە بەپێی پێداویستی ژیان و ئاستی ژیان و دۆخی بازاڕ ناوە ناوە پێداچونەوە بکەن بەلایەنی کەمی کرێکدا بۆ کرێکاران. لە ڕێگەی ئەنجومەنی کارگێڕی وەزارەتی کار ەوە بەئامادەبوونی نوێنەری سەندیکای کرێکاران بەتقدیری ئێمە و بە پێی هەلومەرجی ئابووری و دارایی و پێداوستی ئێستای ژیان (٤٥٠) هەزار دینار کەمە و پێویست بوو دوو هێندە بێت.
ڕێگەیەکی تر بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی کرێ فشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەندیکایی و جەماوەری کریکارانە لەسەر دەسەڵات و خاوەنکاران، وە ئەمە پێویستی بەفشار و خەباتی گشتی و سەرانسەری ناو هەموو چینی کرێکار هەیە چونگە پرسێکی گشتیە و کاریگەری لەسەر ژیانی گشتی و بازاڕ هەیە بەوپێیەی کرێکاران. زۆرینەی کۆمەڵگە پێک دەهێنن .

<u>**ڕەوت: هەڵسوڕاوانی کرێکاری و تۆڕ و گروپە کرێکارییەکان چۆن دەتوانن خەباتی کرێکاران ئاراستەی بەرزکردنەوەی هەقدەستەکانیان و باشترکردنی هەلومەرجی کاربکەن؟ ئایا ئێوە چەند پێشنیار دەکەن بۆ هەقدەست؟**</u>

عوسمان زیندانی: یاسای کاری ژمارە (٧١) ساڵی (١٩٨٧) ی عێراقی مادە و بڕگە و بەندی باشی تیادایە کە لە بەرژەوەندی کرێکارانداییە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو قسەیە تەواوە ئەگەر کرێکاران خۆیان بەشێوەیەکی کارا نەجوڵێن و کار نەکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان ئەوا ئاسان نییە یاساکان جێبەجێ ببێت، چونگە لە چواچێوەی ئەم سیستەمە سیاسی و ئابوورییەی هەرێمی کوردستاندا زۆرتر بەرژەوەندییەکانی خاوەنکار و حکومەت یەک دەگرێتەوە، سەرباری هەوڵی هەڵسوڕاوانی سەندیکای کرێکاری بەڵام ئەوە دۆخی کرێکارانە کە زۆر خراپە لە ڕووی سەعاتکاری زۆر و کرێی کەم و دەرکردن لەسەر کار و ژینگەیەکی ئاڵودە و مەترسیداریش لە شوێنکارەکانیاندا.

<u>**ڕەوت: ئایا کێ بەرپرسە لە پرۆسەی چاودێریکردن و ڕەقابەت لەسەر یاساکانی کار، بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێن؟ وەک دەزانین یاساکان لە بواری ئازادی ڕۆژنامەگەری و مافەکانی منالاندا، دوو یاسان لە ئاستی نەبوندا، ئایا ئێوە پێتان وانییە، یاساکانی کاریش بەهەمان دەرد و فەرامۆشی دەچن ئەگەر کرێکاران خۆیان لەسەر مافەکانیان کە لە یاساکاندا هاتوون خەباتی بەردەوامی بۆ نەکەن؟**</u>

عوسمان زیندانی: یەکەم. حکومەت بەرپرسی یەکەمە لە جێبەجێکردنی یاسای کار. وەزارەتی کار ڕاستەوخۆ ئەرک و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدایە لە ڕێگەی لیژنەکانی چاودێریکردن و بەڕێوبەرایەتییەکانی (کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی). دووەم. لیژنەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ لە پەرلەمان و لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڵام بەداخەوە ئەوە پەرلەمانە کە دەرگای داخراوە و حکومەت و وەزارەتی کار لە ئاستی پێویستدا کار ناکەن و لیژنەکانی پشکنین زۆر زۆر کەمن لە چاو زۆری پرۆژە و کۆمپانیا و ناوەندەکانی کاردا، بۆیە خاوەنکار پابەند نابێت بە سەعاتکاری تەواو و پێدانی موڵەتی پێویست و نەبوونی گرێبەستی نوسراو و خراپی ژینگەی کار لە ڕووی تەندروستی و پیشەییەوە. وە هاوکات سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکارییەکانیش بەرپرسیارێتیان دەکەوێتە ئەستۆ لە چاودێری کردندا.

## پاشماوەی ..... سەرەتایەک بۆ پرسی دووانەی سەرمایە و دەسەڵات لە کوردستان

دەکات، بەڵکو بۆشایی و گاپی گەورەی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیش دروست دەکات. لە ڕووی پێکهاتەی چینایەتییەوە، گەشەی پەیوەندییە سەرمایەداریەکان لەم وڵاتانەدا لە ئەنجامی پرۆسەی ململانێ چینایەتییە ناوخۆییەکان، یان لە پرۆسەی وەلانانی چینە کۆنەکان لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەراوێزخستنی دامەزراوەکانیان ڕوونادات، بەڵکو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەمان نوێنەری چینە کۆنەکان دەبنە نێوەندگیری گەشەی نایەکسان و وابەستەی سەرمایەداری لەم وڵاتانەدا.
فەلاح لە باسەکەیدا ڕوون دەچێتە سەر ئەم خاڵە: "گۆڕینی سەرخان پەیوەندی بە ژێرخانەوە هەیە و دەبێت لەگەڵ بنەما مادديیەکەیدا بگونجێت. ژێرخانیش یان لە ڕێگەی گەشەسەندی هێزە مادییەکان بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە کە بنەما ئابووریيەکەی دەگۆڕێت، یان بە گۆڕینی دەستبەجێی کۆمەڵگە لە ڕێگەی شۆڕشەوە ڕوو دەدات، بەڵام ئەو پێکهاتانەی کە سەر بە قۆناغە مێژوویيەکانی پێشوون و دووبارە لە سیستەمەکانی ئێستادا جێگیر دەکرێنەوە، بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەری مێژوویی و سوبیەکتیڤەوە، نە تووشی گۆڕانکارییەکی لەو شێوەیە دەبن و نە لەگەڵ گۆڕانی سیستەمی سیاسیدا دەگۆڕدرێن، چونکە ئەمانە بەرهەمی ئەو نین"!
یانی ئەگەر سەرمایە لە ناوەندە ڕەسەنەکانی خۆیدا ناچار کرا پەنا بۆ ئایدیا لیبراڵەکان بەرێت بۆ لە زەویدانی تەواوی پەیوەندییە کۆنەکانی فیوداليزم، بەڵام مۆدێنیزەکردن بۆ ئێستای کۆمەڵگە پەراوێزەکان دەتوانێت هەژموونی کۆلۆنیالیزمی نوێ بخاتە لاوە. یانی "ئەگەر مۆدێرنیزەکردن ئەو سنوورانە تێپەڕێنێت کە دژایەتی دابەشکردنی جیهانی کار و دابەشکردنی کاریگەری و هاوبەشی بازاڕەکانی جیهان دەکەن، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بوێری مۆدێرنیزەکردنیان زیاد لە پێویست کردووە، دەگەڕێندرێنەوە بۆ سەردەمی پێش پیشەسازی و تەواوی شارەکان وێران دەکرێن و ئەو وڵاتانە دەکرێنە کەمپی پەنابەران".
"لێرەوە سەیرکردنی پێکهاتە فیکرییەکانی ناو کۆمەڵگە وابەستەکراوەکان وەک پاشماوەی ڕابردوو کە گەشەسەندنی تەکنیکی و مەدەنی دەتوانێت لەم عاداتە زیانبەخشانە ڕزگارمان بکەن، تێڕوانینێکی نامادديیە. ئەم پێکهاتانە، پاشماوە یان دەرکەوتەیەک لە دەرکەوتەکانی کەموکوڕییەکانی پرۆسەی گەشەکردن نین، بەڵکو خودی سەرخانن کە پێویستە بەرەڕوویان بووەستینەوە".
ئەم دۆخە لە گەشەی سەرمایە لای خۆمان دەبێتەهۆی دروست کردنی پێکهاتەیەکی سیاسی سەرکوتگەر کە تەنانەت سەرەتاییترین ئازادیی و مافەکانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە هەژارەکان قبوڵ ناکات ئەویش بەهۆی بوونی بەهێزی پەیوەندی و بەها تەقلیدییەکانەوە. بۆرژوازی وڵاتانی وابەستە بە پێچەوانەی بۆرژوازی ئەوروپا، ئایدیۆلۆژیایەکی یەکگرتووی خۆی بەرهەم نەهێناوە، کە لەسەر پایەی هێزەکانی بەرهەمهێنانی ماددی سەرمایەداری و ژێرخانێکی هاوچەرخ، یان کێشمەکێشی چینایەتی توند لە نێوان چینەکاندا وەستابێت، هەر بۆیە شوناسە خێڵەکی و ئایینییەکان، نەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان دەهێرێنەوە و لەسەرخانی کۆمەڵگەدا لە ڕێی یاساکان و تەشریعاتەوە دەچەسپێنرێن. شوناسی خێڵ و ئایین، نەریت و بەها کۆنەکان هەر تەنیا هێز و کۆنترۆڵ و "هەژموونی پیرۆز" نابەخشنە دەسەڵات بەڵکو ئامرازێکی خەفەکەرانە و تلیاکێکی بەهێزیشە بۆ خەڵەفاندنی خەڵک.
لە کۆتاییدا ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکانی ناو هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو تەنیا لە چوارچێوەی کۆی پەیوەندییە جیهانییە ئیمپریالیستەکاندا دەتوانرێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت. بەم مانایە ئەگەر شیکردنەوەی پێکهاتە سیاسی-ئابوورییەکان تا سەدەی نۆزدەهەم لە بنەڕەتدا پشتی بە گۆڕانکاریی وهاوسەنگی هێزە چینایەتییەکان لە ناو وڵاتێکدا بەستبێت، ئەوا ئەم شیکارییە لە دوای سەردەمی ئیمپریالیزمەوە، پەیوەستە بەو پرۆسانەی کە لە ئاستی جیهانیدا ڕوودەدەن. بێگوومان ئەم قسەیە ئەوە ناگەیێنێت کە ململانێی چینایەتی لە ناو هەر وڵاتێکدا بە تەواوی پەیوەستە بە ڕەوتە جیهانییەکەوە؛ چونکە ئەوە بۆ ئێمە ڕوونە کە پەیوەندییە چینایەتییەکان تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، ئەمەش بەندە بە مێژووی ململانێی چینایەتی و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە تایبەتانەی کە لە هەر وڵاتێکدا هەیە، بەڵام خاڵی سەرەکی باسەکە ئەوەیە کە شیکردنەوەی ڕەوت و دژە ڕەوتی کێشمەکێشە چیانیەتی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی ناوخۆ بەبێ لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە جیهانییەکان، لە بنەڕەتدا ناتەواو دەبێت. سەرمایە هەمیشە جیهانی بووە و یەکێک لە بنەماکانی بەرهەمهێنانی هەر لە سەرەتاوە کۆلۆنیالیزمی دەرەکی بووە. بێگوومان جیاوازیەک هەیە لە نێوان جیهانیبوونی بازاڕی سەرمایە لە "قۆناغی کێبڕکێکاندا"دا، واتە قۆناغی "هەناردەکردنی کاڵاکان" و پەیوەندییە کۆلۆنیالیزمەکانی سەدەی حەڤدە و هەژدە، لەگەڵ جیهانگیری سەرمایەداریی ئیمپریالیستی کە لەسەر بنەمای "هەناردەکردنی سەرمایە" دامەزراوە.
ئەگەر تا ئێستا هاوڕێیەکی چەپ یان کۆمۆنیستێک لایوایە هۆکاری کەڵەکەی سەرمایە لە کوردستان و عێراق، لەڕێی "زێدەبایی"ی و کێشمەکێشی کلاسیکی نێوان سەرمایەدار و پرۆلیتاریاوە وەک دوو لایەنی خاوەن ئیرادەی ئازاد و یەکسان لەبەرامبەر یەکتر بەدەست دێت، یان سەرکوت، ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی زێدەبایی زیاتر، یان ئێمە چینی پرۆلیتاریای پیشەسازی و یەکگرتوو و ڕێکخراومان هەیە، یان پەیوەندییە نەریتییە کۆنەکان بە ئایینیشەوە دەتوانرێت لەگەڵ گەشەی "عەقڵانی" سەرمایەدا لاواز بکرێن....تاد ئەوا باشترە جارێکی تر بە خۆی و تێڕوانینەکانیدا بچێتەوە. هەڵەی زۆرێک لە ئێمە ئەوەیە کە تا ئێستاش بە چاوی کتێب، تێڕوانینی ستاندارد، تەفسیر و تەشخیسی ئەوروپیانە و تێڕوانینی سەد ساڵ پێش ئێستا بۆ پێکهاتە سەرمایە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لای خۆمان دەڕوانین. ئەمە دەبێت بگۆڕدرێت، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لە جێی گشتگیرکردنی تێز و تیۆرەکان و بەکارهێنانیان بۆ هەموو کات و هەموو شوێنێک، خۆمان تێز و شیکردنەوەی دیاریکراو بۆ دۆخی دیاریکراو بەرهەم بێنین و سودیش لە مێژوو بکەین. ئەم نووسینە هەوڵێکە لەو ڕاستایەدا.
١٥ی سێپتێمبەری ٢٠٢٥

سەرچاوەکان:

- بەختیار عەلی، چۆن ئەهریمەن لە دایک بوو؟ سایتی ئاوێنە.
- فەلاح علوان، ژن و پێکهاتە فیکرییەکانی کۆمەڵگە! سایتی ئاوێنە.
- کارل مارکس، فریدریک ئەنگلز: مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست. کارل مارکس، رأس المال، الفصل الأول.
- ڤلادیمێر لینین، ئیمپریالیزم، الأمبريالية. اعلى مراحل الرأسمالية.

# جیاوازی نێوان پەروەردە و بەخێوکردن چیە لە ڕووی فەلسەفەی دەروونناسی

سروە سالەیی



کۆمەڵگە بە بەها جوانەکانی پتەو دەبێت و لەسەر پێیەکانی دەچەسپێت و گەشە دەکا، گەشەی تەندروست پێویستی بە پەروەدەی دروست و بنیاتنەر هەیە. هەتامرۆڤ قوڵتر بێتەوە لە ڕەهەند و پرێنسیپەکانی کولتووره ڕاست و دروستەکان، ئەوا لە پێشکەوت و دانپێدانان نزیک دەبێتەوە.

کاتێک کۆمەڵگە و تاکەکانی برەو بە بەهاجوانەکانی مرۆڤبوون دەدەن جیاوازبوونیان لە بونەوەرەکانی دی دەسەلمێنن، لێرەدا ڕێڕەوە ڕاستەکە دەدۆزرێتەوە و بەرەو کۆمەڵگەیەکی دەست و دەم پاک و دەروون ساغ دەچێت. چەمکی پەروەردە لە خۆڕا نارەخسێت کار و کرداری یەکجار قوڵ و هەندی دەوێ.

مرۆڤگەلێک هەن پەروەردە و بەخێوکردن لە یەکدی جیاواز ناکەنەوە ئیددی هەر پێیوایە ڕۆتینەکانی ڕۆژانەی ئەوە پەروەردەیە بۆ تاکەکانی ژیانی بگرە خۆشی نا، هەرگیز وانییە جیاوازیەکی ئێکجار زۆر هەیە لەنێوان ئەو دوو دەستەواژەیە.
بەڵێ بونەوەرەکانی دەوروبەرمان بۆ نمونە گیانلەبەرەکان هەمان ڕەوش بەکاردەبەن بۆ پارێزگاری لە وەچەکانیان و گرنگی پێدانیان، بەڵام ئەوە پەروەردە نییە ئەوە بەخێوکردنە، چونکە ئەوان لۆجیکیان نییە بۆ گەشەپێدانی ئەو پاراستنە و هەربۆیەش بە ڕێسای دارستان ناوزەند دەکرێ ژیانیان.

فەیلەسوفی ئەمریکی (ئەبراهام ماسلۆس) لە پۆلینکردنە پەروەردەییەکەی لە خواری خوارەوەی هەرەمەکەدا، خواردن و خۆراک و بەخێوکردنی داناوە کە هەموو بونەوەران کۆکن لەو خاڵە، تا بەرەو لوتکەی هەرەمەکە دەچین زیاتر لە بەها مرۆڤایەتییەکان قوڵدەبینەوە لە چەمکی پەروەردە تێدەگەین.
ڕۆژانە لەناو کۆمەڵگەکەمان بە دەیەها جار چەمکی پەروەردە بەرگوێیەکانمان دەکەوێت، ئایا ئەوە هەرەمەکییە یاخود نەخشە و ڕێکاری بۆ کراوە؟
بەداخەوە ئەوەی لە گشتیری کۆمەڵگە دەگوزەرێ هەرگیز پەروەردە نییە، ئەوە بە خێوکردنە! پەروەردە هێندە قوڵە خوێندنەوەیەکی دەریائاسای دەوێ ڕۆژانە هاوشانی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە و سەردەم پێ بە پێ لە ڕۆشیشتن بین و دژ و هاوشانی شەپۆڵ بگوزەرێین.

بێگومان ئەو ڕەوتە هەوڵ و کۆششی زۆر و هەرە فراوانی دەوێ، مرۆڤەکان بە ووریا بوون و دانایی هاوتەریب ئەو پێناسە وردە ژیان بەدەست دەهێنن، مرۆڤ کاتێک دەخوات و دەخەوێت و زاوزێ دەکات و زۆر دەبێت و داواکاری تەندروستییەکانی بۆ دەرەخسێت مانای پەروەردە نادا، ئەوە تەنیا ڕۆتینەکانی ژیانی ڕۆژانەی بە دەست هێناوە.
گەر سەرنج و دیقەتەکانمان وردتر بکەینەوە لەسەر گەلانی ڕۆژئاوا ئەوان لە قۆناغی باخچەی ساوایان و لە داینگەکان و بگرە هەموو سێکتەرەکانی خوێندن و کاری ڕۆژانەدا پەروەردە کارایە کە بە مانایە قوڵەکەی (پێداگۆگی) پێدەووترێ کاتێ هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان گۆڕانکاری ڕیشەیی بەخۆوە دەبینێت، بۆ نمونە ئەگەر هەر هەڵسوکەوتێکی تورە و دەمارگیری لە تەکدا بکرێ، ئەوا ئەو مرۆڤە هەر ئارامە و ناشڵەژێ و دەست بۆ توندوتیژی نابات، ڕێکاری مرۆڤدۆستی و یاسایی دەگرێتەبەر، ئەوە چەمکی پەروەردە پەیرەو دەکا و گۆڕانکاری لە ناخەوە بۆ ژیانی کردووە.
پەروەردەی کەسایەتی مرۆڤ و دروستکردنی سیفەتی باش و ئەرێنی لە تاکدا بە گرنگتر دادەنرێت وەک لە گواستنەوە و لەبەرکردنی هەندێ بابەتی کالۆکرچی وەک ئاکار و نمایشکارانە بۆ دەوروبەر زێتر ڕۆدەچێتە هەرەمە پەروەردەییەکەی ماسلۆس (فەیلەسوفی پەروەردەیی ئەمریکی).

کەوابوو یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی خێزان و باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان دروستکردنی تاکی هۆشیارە لە ڕووی پەروەردەییەوە، پەروەردە و پەرەدانە بە کەسایەتی مرۆیی و ئەویش لە ڕێگای پەروەردەکردنیانەوەیە وەک کەسایەتێیەکی سەربەخۆ و فێرکردنیانە بە چوارچێوەکانی بیرکردنەوە، یانێ تاک چۆن دەبێت بەرامبەر بە دیاردەکان بیر بکاتەوە و هەڵسانگاندنیان بۆ بکا و سەربەخۆ بڕیاربدات. لەم جۆرە پەروەردەدایە کەوا کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەکەوە گەشە دەکا و تاک بە کەڵکی خۆی و کۆمەڵگا دێت.
یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتانەی کە لە ئاستی بەرزی گەشەدان ئەوەیە کە پەروەردە چۆن وەڵامی پێداویستییە خێرا و بەرچاو و بینراوەکانی کۆمەڵگا دەداتەوە و هاوشانی بۆماوە کولتوورییەکان دەگوازێتەوە و هیوا و هۆگری و ڕەفتارە تازەکان پەروەردە دەکا و پەرەیان پێدەدات؟ لە سیستەمی پەروەردەی ئەو وڵاتانەی کە لە ڕووی ئابووری، سیاسی، کولتورییەوە پێشکەوتوون، گرنگی زیاتر بە پەروەردە دەدرێت تا فێرکردن.

بە واتایەکی تر، بەسەرنجدان بەوەی کە بەهاکان، کاکڵەی کولتور پێکدێنن و ئەوەی کە ئەو بەهایانەی کە لە سەردەمی منالی و گەنجیدا ڕیشە لە ناخی مرۆڤدا دادەکوتن و دەچەسپێن، دەبنە بنەمای بیرکردنەوە و ڕوانین بۆ پێشکەوتن، ئەوەش بە هۆشیاری خێزان و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دروست دێتەکایەوە، بە سود وەرگرتن لە زانیاری یەکدی و ئارام بوون وهێمنانە چوون بۆ بابەتەکان ئاوێتەنەکردنی هەڵە و کەسایەتی مرۆڤەکە لەگەڵ یەکدی، گوێڕایەڵی و گوێگرتن بۆ کەسی بەرامبەر هەمیشە ئەرکی خێزان زۆر لەوە قوڵترە کە بە چاو دەبینرێ. ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە پەروەردە، هەنگاوە سەرەکی و سەرەتاییەکانی ڕێکخستن و پێشکەوتنی کولتووری هەڵدەگرێت. کەوابوو، ئەرکێکی تری سیستەمی پەروەردە، پەروەردە و پەرەپێدانی بەهاکانی تاک و کۆمەڵگایە، وەک بەها مۆراڵی و مەدەنییەکان.

ئەگەر وڵاتێک بە دوای گەشە و پێشکەوتنەوە بێت، دەبێت سیستەمی پەروەردەکەی ئەم ئەرکانە لە ئەستۆ بگرێ و لەم پێناوەدا پاڵپشتی لە هەوڵی خێزانەکان بکات. ئەگەر پەروەردە یارمەتی ناسین و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بدات، ئەگەر ڕێزگرتنی مرۆڤ بە ئەرک و بایەخ بزانێت، هەوڵ بدات ڕاستگۆیی و ئارامی و یەکبوون و یارمەتی یەکتر لەناو منالاّندا پەرە پێبدات، ئەوا بەها ئەخلاقی و مەدەنییەکان برەو پەیدا دەکەن و کولتووری کۆمەڵگا گەشە دەکات.

کەوابوو، لەهەر لایەکەوە سەیری پەروەردە بکرێت، لە چەقی پێشکەوتنی کەلتووریدا دەبینرێت. چ باس لە دەوری پەروەردە بکرێت لە گواستنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆماوەی کولتووری کۆمەڵگا، یان ئەرکی کۆمەڵایەتی کردنی تاک ڕوون بکرێتەوە و دەوری ئەو دامەزراوەیە لە چەسپاندن و پەروەردەکردنی بەهاکان و کەسایەتی تاکدا بخرێتە ڕوو. واتە پەروەردە بەشێکی سەرەکییە لە پێشکەوتنی کولتووری و بە پێچەوانەوە پەروەردە لە گەشەی ئابووریدا کە وەک کەرەستەیەک وایە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، لە گەشەی کەلتووردا دەوری کەرەستەی نییە و بۆخۆی بەشێکە لە ئامانجە سەرەکییەکان.
هەڵبەت پێشکەوتنی کلتوور لە هەر کۆمەڵگایەکدا، وەک بوارەکانی تری پێشکەوتن، گرفتی تایبەت بە خۆی هەیە. کە پێویستە لە کەنار دەسنیشانکردنی هۆکارەکانی پێشکەوتنی کەلتووردا، ئەو گرفت و بەرزی و نزمیانەش بناسرێت و بە دیدێکی زانستی و ئاقڵانە و بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو، چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.
بێ گومان یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی پێش نەکەوتنی کولتوری لە کۆمەڵگاکاندا، لاوازکردن و لە دەورخستنی هۆکارەکانی پێشکەوتنە.

بێ گومان بەپێی توێژینەوە پەروەردەییەکان، نەبوونی هاندەرەکانی سەرکەوتن، بیرکردنەوە و بڕیاردان لەسەر بنەمای هەست و سۆز، حەز لە لاسایی کردنەوە، کولتووری سیاسی و بەڕێوەبەریی لە گرفتەکانی سەر ڕێگای پێشکەوتنی پەروەردەیین بەر لە هەموو شت و لەناوبەرێکی کارای تاکن هاوتەریب لەگەڵ دروستکردن و دامەزراندنە بێ بنەما و هەرەمەکیەکانی خێزان کە هۆشیاری و پلاندانان کارا نییە لەو ئاقارە هەر بۆ تێرکردن و ئارەزووەکانی زۆربوونن نەک دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی پشت ئەستور و گەڕانەوە بۆ ژینگە ئارامەکەی خێزان کە کێشە کاڵ و کرچەکان بنبڕ بکەن، ئەوەش جێگای داخە.

یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتانەی کە لە ئاستی بەرزی گەشەدان ئەوەیە کە پەروەردە چۆن وەڵامی پێداویستییە خێراو بەرچاو و بینراوەکانی کۆمەڵگا دەداتەوە و هاوشانی بۆماوە کولتوورییەکان دەگوازێتەوە و هیواو هۆگری و ڕەفتارە تازەکان پەروەردە دەکا و پەرەیان پێدەدات؟

لە سیستەمی پەروەردەی ئەو وڵاتانەی کە لە ڕووی ئابووری، سیاسی، کولتورییەوە پێشکەوتوون، گرنگی زیاتر بە پەروەردە دەدرێت تا فێرکردن. بە واتایەکی تر، بەسەرنجدان بەوەی کە بەهاکان، کاکڵەی کولتوور پێکدێنن و ئەوەی کە ئەو بەهایانەی کە لە سەردەمی منالی و گەنجیدا ڕیشە لە ناخی مرۆڤدا دادەکوتن و دەچەسپێن، دەبنە بنەمای بیرکردنەوە و ڕوانین بۆ پێشکەوتن، ئەوەش بە هۆشیاری خێزان و ژینگی دروست دێتەکایەوە، بە سود وەرگرتن لە زانیاری یەکدی و ئارام بوون و هێمنانە چوون بۆ بابەتەکان ئاوێتەنەکردنی هەڵە و کەسایەتی مرۆڤەکە لەگەڵ یەکدی، گوێڕایەڵی و گوێگرتن بۆ کەسی بەرامبەر.
هەمیشە ئەرکی خێزان زۆر لەوە قوڵترە کە بە چاو دبینرێ. ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە پەروەردە، هەنگاوە سەرەکی و سەرەتاییەکانی ڕێکخستن و پێشکەوتنی کولتوری هەڵدەگرێت.

کەوابوو، ئەرکێکی تری سیستەمی پەروەردە، پەروەردە و پەرەپێدانی بەهاکانی تاک و کۆمەڵگایە، وەک بەها مۆراڵی و مەدەنییەکان. ئەگەر وڵاتێک بە دوای گەشە و پێشکەوتنەوە بێت، دەبێت سیستەمی پەروەردەکەی ئەم ئەرکانە لە ئەستۆ بگرێ و لەم پێناوەدا پاڵپشتی لە هەوڵی خێزانەکان بکات. ئەگەر پەروەردە یارمەتی ناسین و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بدات، ئەگەر ڕێزگرتنی مرۆڤ بە ئەرک و بایەخ بزانێت، هەوڵ بدات ڕاستگۆیی و ئارامی و یەکبوون و یارمەتی یەکتر لەناو منالاّندا پەرە پێبدات، ئەوا بەها ئەخلاقی و مەدەنییەکان برەو پەیدا دەکەن و کولتووری کۆمەڵگا گەشە دەکات.
پەیوەندی نێوان پێشکەوتن، هاوتا خۆش بژێوی، ئاسایش، تەندروستی، ڕازی بوون لە ژیان و هەست بە خۆشبەختی کردن بۆ هەمووکەس ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام ئایا دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، لە هەمووان گرنگتر سیستەمی پەروەردە، چ دەور و نەقشێکیان لە پێشکەوتن و گەشەی ژیانی مرۆییدا هەیە؟ ئەو بابەتە ئێکجار قوڵ و فرەڕەهەندە مانا و چەندوچونێکی زۆر لە خۆ دەگرێ لێرەدا من وەک قوتابیەکی بواری دەروونناسیی ئەو باسەم بەهەند زانی پەرەی پێ بدەم کە کار و خوێندنی ڕۆژانەمە برێک دەربارەی ئامانج لە پەروەردە، پەرەپێدان و گەشەکردنی تواناکانی تاکە لە سەرجەم لایەنەکانیەوە، لایەنی هزری، دەروونی، جەستەیی، سۆزداری، ئامیاری بگرە خودبوونی لەگەڵ ناخی خۆشیدا هەڵسوکەوت و کەسایەتی لە بوارە لاوەکییەکان و هەرەپڕ ڕەهەندەکان، لە پێناو گەشەپێدانی و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگادا بنوسم.
پەروەردە و سیستمی پەروەردەیی بەردی بناغەی پێشکەوتنی وڵاتان گرنگی هەیە لەسەر گەشەکردنی لایەنی ئابووری و کولتووریان. لە وڵاتێکی زۆر بچوکی وەک نەرویژ کە ژمارەی دانیشتوانی ئێکجار کەمە، بەڵام بایەخێکی زۆر دەدات بە پەروەردە لە هەموو بوارەکانەوە گەر تاکێک ئاشنا نەبێت بە پەروەرە و پێداگۆگی بەهیچ شێوەیەک کاری پڕ بەرپرسیارێتی پێ نادرێت.

پردی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان شێوازی ئاخاوتنیانە لەتەک یەکدی و گەشەی هزری بۆ نمونە مرۆڤێکی پێگەیشتوو بەوە دەناسرێتە و بگرە لە زانستی دەروونناسی وەسفی دەکا کە هێمن دێتە گۆ و توڕە و کەڵلەڕەقانە هەڵسوکەوت ناکات گەر هەزار جار هەوڵی نەگەیاندنی تێگەیشتن بێتەکایەوە بە ئارامی و دوور لە دەمارگیری وەڵامدەداتەوە، ئەمە هەمووی پەیوەستە بە پەروەردەوە.


پەروەردە جیاوازبوون لەنێوان مرۆڤەکان خودی ئادەمیبوون دەئەفرێنێت کە زمانی ئاخاوتن و گفتوگۆی بەکاربەرە، بە شێوەی گشتی دەکرێ ئەوە تەنیا جیاوازییەک نەبێت، بەڵکو زۆرەها شتی شاراوەبن لەهەمووشی دیارتر پۆلێن کردنەکەی بێت کە مرۆڤ لە سەری سەرەوەی هەرەمەکەیە لەناو ئەو مرۆڤە چەندەها هەرەمی دی پۆڵینکراو ئەستۆی دەگرن و سنوردار دەبێت تا دەگاتە ئاستێێک پێدەووترێ مرۆڤ لە (زانستی دەرونناسی)، بەڵام بڕەکجار هەرئەو مرۆڤە هێندە نزم و دڕندانە دێتەگۆ و بگرە بیردەکاتەوە وهەڵسوکەوت دەکا لە ڕیزبەندی مرۆڤبوون دەکەوێت و قێزەون ناودەبرێت هەر بە جەستە لە شێوەی مرۆڤەدایە و کە تەنیا پۆڵینەکەی خوڵقێنەری لێ ناسەنرێتەوە، ئەوەش دەگاتە ئاستی داخ.

ئێمە وەک کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێت کار لەسەر چاکسازی و بنیاتنان بکەین کە پەروەردەیە مرۆڤەکان هانبدەین بۆ چاککردنەوەی هەڵە و هەڵسوکەوتەکانیان نەک بەلاڕێدا بردن ئەوەش پەروەدەی گونجاو و مرۆڤی هۆشیار دەتوانێت بیکات. زۆر جار کەسانێک کە خۆیان بە ڕۆشنبیر دادەنێن هێندە ئاستی گفتوگۆیان نزمە لەو کاتەدا بیر لە ژینگە و کەمی توانای خۆچاککردنی ئەو "ڕۆشنبیرە" دەکەینەوە کە (ئەبراهام ماسلۆس) بە ئاستی نزمی و هەرە سەرەتایی داناوە.

ئەوەش وایە مرۆڤی ڕۆشنبیر نابێت بە بڕوانامە و نوسینی کتێب و پۆشاک بناسرێتەوە. ڕۆشنبیری بریتییە لە گۆڕین و گۆڕانگاری بەشێکی زۆر و خەستوخۆڵی نەرێنییەکان بۆ ئەرێنی، وەک فەیلەسوفی ئەگریکی سوکرات دەڵێت قسان بکە با بزانم کێیت؟

# توندوتیژی ڕەنگێکی مەترسیدار

تاڤگە سابیر



هزری پەرگیریی یان توندڕەویی وەک ئەوەی لە بۆسەدا بێت، هەمیشە بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێت تاکو سەر بکات و لە ڕەفتارێکدا بەرجەستە بێت و خۆی بخاتەڕوو. ئەو ڕەفتارەش کە چاوەڕوانکراوە و بەدوایدا دێت توندوتیژییە. توندوتیژی ڕەگوریشەی بایۆلۆژی و بۆماوەیی نییە، ڕەفتارێکی وەرگیراوە و بەهۆی زەمینەیەکی شیاو و لەبارەوە بووە بەنەریت. سەرەتا بەنەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت. وەک هەر نەخۆشییەکی تری کۆمەڵگە، ئەمیش هۆکاری خۆی هەیە و بەبنەبڕکردنی هۆکارەکانیش، ئەگەری سەرهەڵدانی چارەسەر دێتە ئاراوە ..!
توندوتیژی ڕەنگێک یان پەیامێکی مەترسیدارە لەسەر کۆمەڵگە و پێویستە بەوردی خوێندنەوەی بۆ بکرێت بەر لەوەی بگاتە ئاستی تاوان و زیان بگەیەنێت و لە شێوەکانی لێدان و دەستدرێژی و وێرانکردن و تێکدان و فەوتاندنی موڵکی گشتی و کوشتن و دزی و ڕاووڕوت و ئاژاوەگێری و مانگرتن و ... تاد، ڕەنگبداتەوە.

ئەم تاوانانە کەسێک یان چەند کەسێکی توندڕەو و پەرگیر، پلانی بۆ دادەڕێژێت یان دایدەڕێژن و هەر خۆی یان خۆیان یاخود بە کەسێک یان چەند کەسێکی توندوتیژ ئەو نەخشەیەی بۆی داڕێژراوە بە جێبەجێکردن دەگات. باری سایکۆلۆژی ئەو کەسانە هاوشێوەی یەکترە و هەموویان لەوەدا لەیەک دەچن کە لە زەلکاوی نووشست و نائومێدیدا، گیرخواردووی بێچارەن.

کەسی توندوتیژ پێش ئەوەی هیچ ڕەفتارێکی توندوتیژی لێبوەشێتەوە، کەسێتییەکی نائارامی هەیە و لە ژیانی تایبەتی خۆیدا هەست بە ئاسایش ناکات و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی پەنا دەباتەبەر توندوتیژیی. ئەگەر بۆی چووەسەر و سەرکەوتنی بەدەستهێنا ئالێرەوە دەیکات بە نەریت و بەردەوام دەبێت لەسەری.
کەسی توندوتیژ ئەو کەسەیە لەیەک گۆشەنیگاوە بۆ شتومەک و دیاردە و ڕووداوەکان دەڕوانێت و هەر ئەوەی خۆی پێ ڕاستە. نەک هەموو گۆشەنیگاکانی تری پێ چەوت و نارێکە، بەڵکو ئامادەش نییە گوێیان لێ بگرێت و مافی دەربڕینیان لێ دەستێنێتەوە و دان بە بوونیاندا نانێت. بەلای ئەووەوە بایەخدان بە ڕاوبۆچوونی خەڵکی و هەستونەستیان، لاوازییە و وازهێنانە لەمافی خود.

توندوتیژ کەسێکی هەستیارە و هەردەم لەو بڕوایەدایە کە هێرشی لەسەرە یان دەکەوێتە دەستی دوژمن، بۆیە بە بەردەوامی ئامادەیە بۆ داکۆکی کردن لەخۆی و هێز بەکاردەهێنێت. بۆ ئەو مەبەستەش ڕەفتاری شەڕانگێزی بەڕەوا دەبینێت، چونکە بەلای ئەووەوە کۆمەڵگا جەنگەڵستانە و یاسای جەنگەڵ دەبیات بەڕێوە. ئەو لە هزری خۆیدا دەڵێت: خەڵکی تەنها ڕێز لە بەهێزەکان دەگرن و پێیوایە ئەگەر گورگ نەبێت گورگ دەتخوات.

توندوتیژ لە گومان و ڕاڕاییدا دەژی و باوەڕی بەخۆی نییە و دەیەوێت بە ڕەفتارێکی سەرچڵ و سەرکەشانەی تاکڕەو بە پشتبەستوو بە هێز، ئامانجەکانی بەدی بهێنێت تاکو خودی خۆی بسەلمێنێت. بۆ گەڕاندنەوەی جێگیری و هاوسەنگی دەروونی خۆی، خەڵکی وەک کەرەستە و شتومەکی بێ هەست و هۆش دەبینێت وا دەزانێت بۆ خزمەتی ئەو دروست بوون و ناتوانێت لەڕووی ویژدانییەوە، لەگەڵیاندا هاوبەش بێت و تێکەڵیان نابێت و پێی خۆشە بەگۆشەگیریی و دوورەپەرێزیی بژی. تۆو و گەرای توندوتیژیی، لە خێزانی داخراوی نەریتخوازی لە قاڵبدراودا، سەوز دەبێت و پاشان دەبێتە نیشانەی کەسێتی و لێی نابێتەوە.

ڕاستە کۆمەڵگەی داخراو زەمینەیەکی لەبار و بەپیتە بۆ بەرهەمهێنانی خێزان و تاکی توندوتیژ، بەڵام مەرج نییە ئەو خێزانەی تاکی توندوتیژ بەرهەم دەهێنێت هەر لەکۆمەڵگەیەکی داخراودا بێت.

لە کۆمەڵگەی کراوەشدا ئەو خێزانانە زۆرن کە لە گەشەپێکردنی منداڵەکانیاندا، بەتەنها پشت بە شێوازی ڕەخنە و لەقاڵبدان و دڵڕەقی و سزای توند دەبەستن و دەیانەوێت منداڵەکانیان لە هەموو شتێکدا نمونەیی بن و بە کاملی تەواوەتی بگەن، ئەو جۆرە مامەڵە و پەروەردەکردنانەش، هەروەک چاوەڕوان دەکرێت، گەشەنەکردنی ویژدان و خۆ بەکەم یان بەهیچ زانین و شەڕانگێزیی و نائارامیی و ململانێی دەروونیی لێدەکەوێتەوە. هەموو ئەمانەش نیشانەکانی کەسێتی توندوتیژن. چونکە ئەگەر ویژدانی کەسێک وەکو پێویست گەشەی نەکردبێت ئەوا ناتوانێت لە خۆشیی و ناخۆشییەکاندا، هاوبەشی کەسانی تر بکات. ئەگەر کەسێک هەست بە کەمیی یان بە هیچیی بکات ئەم گرێی دەروونییە لە ژینگەی نالەباردا سەرچاوەیەکە بۆ خۆبەشتزانین و بەکەمزانینی کەسانی تر و زیادڕەویی کردن لە هەڵسەنگاندنی تواناکانی خوددا.
سەرەتای ئەیلول/سێپتێمبەری ٢٠٢٥

رۆژنامەی ( الغد الاشتراکی)ژمارە ٤٩
ئابی ٢٠٢٥ بڵاوبووەوە

خوڵقاندنی دیدگایەکی سۆشیالیستی و ماتریالیستی بۆ کۆمەڵگا و زمانبەخشین بە خەباتی چینایەتی کرێکاران، سەدا دان بە دەنگی نارەزایەتی لاوان، لێکهەڵپێکانی خەباتی ژنانی چەوساوە بە ئاسۆی ڕزگاریی کۆمەڵایەتییەوە، لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە بەرجەستە کراوەتەوە.
بەکارهێنانی تیۆری مارکسیستی لە جەرگەی ئاڵوگۆڕەکاندا، دەرهێنانی سیاسەتی کۆمۆنیستی و برەودان بە خەباتی چینایەتی کرێکاران بۆ ڕزگاری لە ئایدیۆلۆژیا جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی و چوونە نێو جەنگە فکرییەکانی ناسیۆنالیستی و ئایینی و لیبراڵەکانەوە، بەشێکی شوناسی ئەم ڕۆژنامەیەیە.
شانۆدان بە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان، ڕیسواکردنی سەرکوت و ڕفاندنی هەڵسوراوەکانیان لایەنێکی تریەتی.
هاوپشتی چینایەتی سەنتەری سیاسەتی ئەم ڕۆژنامەیە
دامەزراندنی خەتێکی ڕێکخراوەیی سەراسەری لە عێراق و پێکەوەگرێدانی خەباتی کۆمۆنیستەکان لەسەراسەری عێراقدا.
ڕۆژنامەکە بە زمانی عەرەبی لە زۆربەی شارەکان (بەسرە، دیوانییە، بەغدا، کوت، عەمارە، سامەڕا، تکریت، کەرکوک، سلێمانی، هەولێر) لە کتێبخانەکاندا دابەشدەکرێت.


الغد الاشتراكي
صحيفة سياسية شهرية صادرة عن منظمة البديل الشيوعي في العراق
العدد 49
مصادقة "مدونة الاحكام الشرعية" في البرلمان،
هجمة استعبادية بالضد من نساء العراق وأطفاله، يجب افشالها
لنقف بحزم ضد عسكرة المدن والقمع السياسي
شبح الثورة الاجتماعية في اجندات البرجوازية
محكمة غزة في لندن
الصفحة الادبية

گرافیک و دیزاین
سەلاح بابەت

دەستەی بەڕێوەبردن
نادر عبدالحمید
جەمال کۆشش
عەبدوڵا ساڵح
نەوزاد بابان
شیرین عەبدوڵا
موئەیەد ئەحمەد
نزار عەقراوی
سەلاح فەتحوڵا

ڕەوت

بۆ پەیوەندی گرتن بە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و ڕۆژنامەی ڕەوت

البديل OCAI
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
SCAN ME

مازن محەمەد + 9647709658673
نزار عەقراوی + 447507070024
نەوزاد بابان +964 771992 9183
@rawtnews
@AlbadeelAlsheoi
Rawt.news@gmail.com
Albadeel.alsheoi@gmail.com
http://www.Albadeel-alsheoi.org/ar